# ئیستێك لە بەردەم مەعریفە

## ( گفتوگۆ لەگەڵ سمکۆ محەمەد )


ئامادەکردن و سازدانی

عەباس جەمیل جێماو



هەولێر ٢٠٢٢

**کۆمەڵەی هونەرو وێژەی**
**کوردی کەرکوك**

**خانەی موکریانی**
**بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **ئیستێك لە بەردەم مەعریفە** (گفتوگۆ لەگەڵ سمکۆ محەمەد)

---

- ئامادەکردن و سازدانی: عەباس جەمیل جێماو

---

- نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگ: سەید ئارام

---

- تابلۆی بەرگی یەکەم: قەرەنی جەمیل

---

- نرخ: (٣٠٠٠) دینار

---

- تیراژ: ٥٠٠ دانە

---

- چاپخانە: (هێڤی) هەولێر

---

- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٩٨٨)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە
- زنجیرەی (٢٥)ی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی کەرکوك

**زنجیرەی کتێب (١٠٢٤)**

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

# پێشەکی

بەکتێبکردنی کۆمەڵێك چاوپێکەوتنی فکـری کـارێکی ئاسـان نییە، چونکە ئیلتیزامێکی قـورس دەخاتـە سـەر خوێنـەرو ناچـاری دەکات دەیان کتێبـی فکـریو فەلسـەفی بخوێنێتـەوە، تـاکو بگاتـە راستی ئەو موناقەشەیەی کـە زیـاتر لـەوەلامێکی هەیـە، بەمـەش خوێنـەر تووشـی دڵـەڕاوکێ دەبێـت لـەتوانای ئـەو کارێکتـەرەی رووبـەڕووی پرسـە فەلسـەفیو فکرییـەکان کراوەتـەوە، بـەڵام بەکتێبکردنی ئەم کۆمەڵە چاوپێکەوتنە جیاوازترە لـەو تێڕوانینـەی نووسەر کە لەنووسینەکانیدا سەبارەت بەهەر بابەتێك دەریبڕیوە، هەر ئەمەش بوو هانیدام ئەم چاوپێکەوتنانە لەکتێبێکدا جێگا بکەمەوە.

ئەگەرچـی نووسـینەوەی پێشـەکی بـۆ کتێبێـك، کـە کـۆکراوەی چاوپێکەوتنی جۆراوجۆرەو پەیوەندییان بەچەمکە جیاوازەکانی فکـرو فەلسەفەو سیاسەتو ئەدەبەوە هەیە، رەنگە تاڕادەیەك شـیاو نـەبێ، بەڵام ئەم پێشەکییە بەشـێکی بـۆ روونکردنـەوە، یـان نووسـینەوەی

نووسەرە کە هەریەکەیان لەکاتو شوێنی خۆیدا بەشێوەی ڕووبەڕووی گفتوگۆ کراوە .

گرینگیدانم بەبڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی نووسەرو رۆشنبیر سمکۆ محەمەد لەم کتێبەدا، رەهەندی یەکەمی ئەوەیە کە جیاوازبووە لەهەموو ئەو بۆچوونانەی کە لەمیدیاکان گوتراونو بیستراونو نووسراونەتەوە، پێموابوو کە ئێستا کاملتر قسە دەکاتو رەخنە دەگرێت، بۆ نموونە بۆچوونی ئەو لەبارەی چەمکی ئایدیۆلۆژیاو جیاوازیو داهێنانو تەنانەت ئیستاتیکاو سیاسەتیش، وەکو ئەو رۆشنبیرە نییە کە بەر لە ١٥ ساڵ موتابەعەم کردبوو، یان قسەکردن لەسەر چەپو چەپگەراییو فکری مارکسی، زۆر جیاوازتربوو لەگەڵ چەپی سوننەتیو کۆمۆنیستە رادیکاڵو توندەڕەوەکانی رابردوو، کە شکستی ئەو رەوتە فکرییەیان گرێداوە بەکارێکتەرو حیزبەکانەوە، لەحاڵێکدا چەپ مانایەکەو فکری مارکسی مانایەکی دیکە، چونکە دەکرێ کەسێك چەپی نەتەوەیی یان ئاینی یان دیموکراسی بێت، هەرچی فکری مارکسی یە بنچینەی جێگیری هەیە، لەبارەی رۆژنامەگەریشەوە دیسان جیاوازبووە لەهەموو رۆژنامەنووسانی حیزبیو ئەهلیو تاڕادەیەك لیبڕالەکانیش، چونکە هەرگیز لەگەڵ ئەو چەمکە داتاشراوە نیین، کە ناوی نراوە ئازادی، بەو مانایەی کە شرۆڤەی بۆکراوە، بیانووەکەش ئەوەیە کە شتێك نییە بەناوی ئازادیو دەسەڵات بیبەخشێ، ئازادی جگە لەبەکارهێنانی کاڵاو موڵکی

شەخسی، هیچی دیکە نییە، بۆیە لەکاری رۆژنامەگەریدا ئازایەتی هەیە، ئازایەتیش مانای هێرش بردنو تەشیرکردن نییە بەرامبەر، بەقەد ئەوەی دەستبردنە بۆ حەرامەکانو ئاشکراکردنی نهێنییەکان بۆ خەڵك بەئامانەتەوە بەداتاو دیکۆمێنتی باوەڕپێکراو.

لەبارەی پرسی فکرو فەلسەفەو کۆچیشەوە سمکۆ محمد دەڵێ" زۆر کەم ئەو بۆچوونەم هەست پێکردووە کە زۆرترین قسەی لەبارەوە کراوە لەمیدیای کوردی، چونکە کۆچ لەلای من تەنها یەك رەهەندی نەبووە کە ترسی سیاسی بووە، یان برسێتی، بەڵکو شێوەیەکی دیکەی بەکۆیلە کردنەوەی ئینسانی رۆژهەڵاتی بوو بۆ ژێردەستەیی رۆژئاوا، لەلایەکی دیکەوە رۆژئاوا لەقەیرانی کرێکاری یەخە رەشدا بوو، واتە دەستی کار نەمابوو، هەرچی ئەو ماتریالە هەبوو ببون بەفەرمانبەری پشت کۆمپیوتەرو تەکنۆلۆژیا، بۆیە رۆژئاوا بەپێی ستراتیژێکی سیاسیو ئابوری نوێ کەڵکی لەئینسانی رۆژهەڵاتی وەرگرتو لەنێو ئەوانیشدا کورد تایبەتمەندی وەرگرت، ئیدی ترسو سیاسەتو جەنگی ناوخۆ، باشترین بیانوو بوو بۆ راکردن بۆ هەندەرانو درووستکردنی کەیسی سیاسی، لەبارەی ئەدەبیشەوە، چ وەك ئەوەی نووسەر سەروکاری لەگەڵ ئەو کایەیەدا هەبووەو چ وەکو خوێنەرێکی جددی، پێی وایە سیستمی رەخنەگرتن هێشتا لەنێو دونیای ئەدەبی کوردیدا نا ئامادەیە، ئەگەر لێرەو لەوێش هەبێت، لەگروپگەراییو شارچێتیو گلۆپی حیزبی نەترازاوە.

روویەکی دیکەی کۆکردنەوەو بڵاوکردنـەوەی ئـەم چـاوپێکەوتنانە لەم کتێبەدا، کە جیاواز لە کایە رۆژنامەوانییەکانی بیسـتن‌و بیـنین، بەواتای بەدەر لەو فەزایەی پێـی دەوترێـت کەناڵـە جۆراوجۆرەکـانی رۆژنامەوانی، هەوڵمداوە وەکو دوو گەڕیدە (خۆم‌و سمکۆ محەمـەد) لـە ئەنجامی گەشـتەکانمان یـان دانیشـتنە تایبەتـەکان چ کۆمەڵایـەتی خـودی چ رۆشـنبیری تەنانـەت لەدانیشـتنە هونەرییەکانیشـمان پرسیارێکی ئاڕاستە بکـەم‌و وەڵامـەکانی بـەهۆی کەرەسـتەی نـوێی پەیوەندیی (مۆبایل)ەوە تۆمار بکەم..

چونکە ئەم جیا لەنووسـین وەکـو موخـاتیبێکیش لـەزۆر بۆنـەدا قسـەدەکات، بـەواتای هەوڵمـداوە ئـەم حاڵەتـە بقۆزمـەوەو نـەهێڵم کاتەکانمان بەفیڕۆ بچن، هەروەك چۆن لە رابووردوودا دەیان بیرمەنـدو نووسەر و..تاد، لەم جۆرەمان هەبوو، کە ئێسـتا دوای لەدەسـتدانیان ئاهیان بۆ هەڵدەکێشین پەشـیمانین، لەکاتێکـدا پەشـیمانی دادمـان نادات.

کاتێکیش باسی دانیشـتنە هونەرییـەکان دەکـەم، ئـەو جیـا لـە سەرقاڵبوون بە نووسین، لەچەندین بۆنەدا وەکـو دەف ژەنێـك تەقسـە دۆستایەتیەکانیشی پـر جـۆش‌و خـرۆش کـردووە، هـەروەها نمایشـی دووقۆڵی من بـە ئـامێری عـودو ئـەویش بـەدەف‌و هەنـدیکجاریش گۆرانی گوتن، نایشارمەوە شارەزاییەکی باشیشـی هەیـە لـە بـارەی قسـەکردن لــە ســەر تیورەکــان دەنــگ لــەرووە ســایکۆلۆژیو

سۆسیۆلۆژییەکەیەوە، هەروەها شیکارییە دەنگییەکان لە قالبی ئیترۆپۆلۆژیای مۆسیقا، کە زۆر جار لەگفتوگۆکانیدا زۆرێك لەگەورە میوزیسیانو بیرمەندو ئەدیبەکانی سەرسام کردووە، ئەو زۆر لۆژیکانە دەدویت لەبارەی دەنگی ئاو، هەناسە، مەودا بێدەنگییەکان سەکتە.

هەر لەبارەی ئەم چاوپێکەوتنانەوە، هەولمداوە ریگری لیبکەم لە دەستبردن بۆ بەشێکی زۆری بۆچونەکانی، کە لەنووسینەکانی دیکەیو دووری بخەمەوە لەپرۆژەکانی دیکەی کە بلاوکراونەتەوە، بەواتای بەرتەسککردنەوەی گفتوگۆکانمان لەچوارچێوەی پرۆژە بلاونەکراوەکانی بێت بەزۆریو کەمترین گەرانەوە بۆ بۆچوونەکانی رابوردووی.

رەنگە ئەمەش پەیوەندی بەپرسیارەوە هەبێت، ئەو پرسیارەی، کە پرسی رۆژ خولقاندبوویو وەلامی نابەجییو نالۆژیکی پێدەدرایەوە، یان ئەوەی وەلامی لۆژیکی پەراوێز دەخراو ئێستاشی لەگەلدابێت، ئەو پەراوێزخستنە کاری بۆ دەکرێت، ئەم پەراوێزخستنەش لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، کە رۆشنبیرو قەلەمبەدەستی سەربەخۆ بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، لەحالێکدا چەمکی جیاوازی نەك هەر ئینکار ناکرێو هەیە، بگرە پێکهاتەی کۆمەلگەی کوردی بەخۆرسك فرەییە، فرەیش تەنها لەئایینو کولتوورو نەتەوەی جیاوازدا قەتیس ناکرێ، بەلکو لەفکری جیاوازدا پێناسە دەکرێ، چونکە فکر دوورە

**لەجیاوازکردنی ئینسان لەرەگەزو کولتوورو ئایینو نەتەوە، ئەم چەند چاوپێکەوتنە بریتیین لەوەڵامێکی ناڕاستەوخۆی هەموو ئەوانەی، کە جیاوازی قەبوڵ ناکەن.**

**عەباس جەمیل جێماو**

مۆدێرنه ئازادی و عەقلانییەتی بۆ بەرهەمهێنانی توندڕەوی ئایدیۆلۆژی بەکارهێنا.

**پرسـيار: مۆدێرنـه وەك چـەمكێك، دوای هـاتنی رۆشـنگەریی، فاكتەرێكیش بۆ تێكشكاندنی كلاسیزم، تا گەیشتنی بەم سـەردەمە پرسێكی زیندوو بووە، ئایا هۆكارەكانی سـەرهەڵدانی ئـەم چـەمكە بۆچی دەگەڕێتەوەو چۆن بوو بە سیستەم؟.**

**سمكۆ محەمەد:** بالەوێوە دەسـتپێبكەم كـە مۆدێرنـە چـەمكێكی كۆمەڵناسـییە، چـونكە لەبەرامبـەر هـەموو كولتوورێكـدا رادەوەستێتو هەڵیدەلوشێت، مەبەسـتەكەش لـەرووی فۆڕمـەوە بـۆ نوێكردنەوەی كولتوورو سیاسـەتو تەلارسـازیو ئـەدەبو مۆزیـكو تەكنیكی نوێ بوو، بەڵام تا ئەوكاتەی رەتكرایەوە لـەنێو فكـردا كـە ژان بوردیار سەرمەشـقیان بـوو، رەهەنـدی دیكـەی وەرگـرت لـەنێو سیستمدا كە سیاسەت ئاراستەی دەكرد، بەڵام جیاوازییەكـە ئەوەیـە كە مۆدێرنـە سـەرەتا ئامـانجێكی دیكـەی هـەبوو، دواتـر بـوو بـە چەمكێكی جیهانی بۆ هەموو كایەكانو ئامانجەكەشی پێكا، پاشـان دژەكانی سەریانهەڵدا .

**پرسیار: باشە کاتێ مۆدێرنە دەبێتە چەمکێکی جیهانی، ئایا رۆشنبیری کورد تاچەند توانیویێتی کەڵك لەم چەمکە وەربگرێت‌و لەکوێیدا خۆی بینیوەتەوە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** ئەم چەمکە لەنێو کورددا نیو هێندەی نەتەوەو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە خاوەن رۆشنبیری ناسراون موناقەشە نەکراوە، بەڵام یەکێك لەو هۆکارانەی کە لەپشت چەمکەکەوە راوەستاوەو زەمینەی بۆ موناقەشەکردنی جددی سازکردووە، ئەوەیە کە مەبەستێکی عەقڵخوازانەو پێشکەوتووخوازانەیە بۆ کۆمەڵگە بەتایبەتی، لەکاتێکدا کورد هێشتا لەدەرەوەی بازنەی ئەو مێژووەیە کە مۆدێرنەی بەرهەمهێنا .

**پرسیار: بابگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکە، کە باسەکەمان لەسەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی چەمکی مۆدێرنە بوو، بۆ چی دەگەڕێتەوە بە دیدی ئێوە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** زۆر باشە، مۆدێرنیزم کەبوو بە ئاراستەیەکی فکری، دەورێکی گرینگی هەبوو لەبواری سیاسەت‌و رۆشنبیری کە جگە لە کایەکانی دیکە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت لەگەڵ هەلومەرجی ژیاندا، یان لەرێگەی کەرەستەی تەکنۆلۆژییەوە رەفتارو هەڵسوکەوتی ئینسان بگۆڕێت، بەڵام بنەچە رادیکاڵیەکەی کارێکی ئایندەخوازی بووە، بۆیە مۆدێرنیتە وەکو پرۆسەیەك وایە کە نەڕادەوەستێت‌و نە کاردانەوەکانی رادەوەستن، (جۆن ستیوارت میل)

که بەدانەری چەمکی لیبڕالیزم لە سیاسەتدا دادەنرێتو لیبرالیزمیش بەرهەمهاتووی مۆدێرنەیە کە ئێستا سەرمایەداری شانازی پێوە دەکات، ڕەخنەی لە سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت گرتووەو تەکانێکی نوێی داوە بەدەوڵەتی نوێخوازو پێشکەوتوو لەرووی سیاسیەوە، ئەم گۆڕانکارییە بوو بەمۆدی سیاسی، ئیدی ئەوەی لەمێژووی ژیاری ئینسانیدا جێکەوتە ببوو، شێوازێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا بارهێنا کە چەمکی ئازادیو عەقلانیەتی لەبەرامبەر توندڕەوی ئایینو سیاسەتو ئایدیۆلۆژیا فراوانتر کرد، ئایندەگەرایی لەفکردا بوو بە یەکێك لەو داهێنانەی کە لۆژیکی ڕۆمانسیانەی پەراوێزخستو بەکردەوە سەلماندی دیاردەی نوێ ئەویدیکە وەلادەنێ، هەڵبەت چەمکەکە لەئاستی جیهانیدا بۆ هەموو کایەکانو بەتایبەتی بۆ گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیاو ماشێنو تەلارسازیو کەرەستەکانی دیکەی ژیانو سیاسەتیش کاردانەوەی هەبوو، بەڵام بۆ کورد تەنها لەفەزای ئەدەبیدا ڕەنگیدایەوە، ئەویش تەنها خۆبەدەستەوەدانو پشتگوێ خستنی زمانو کولتوور بوو، هەرچی ئەدەبی کلاسیكو هونەرو کولتووری بوو پشتگوێ خرا، بەبیانووی ئەوەی مۆدێرنە وەکو ڕەوتێکی زیندوو هاتووەو دەبێ کورد پشکی هەبێت، لەکاتێکدا مۆدێرنە فودانەیەك بوو تەنها کەڤەرەکەی دیاربوو، لەبەرامبەریشدا ناوەڕۆکێکی وەحشیانە بوو بۆ کۆمەڵگە بندەستەکان، ئەویش کوشتنو سڕینەوەی کولتوورەکەیان بوو،

هەروەکو ئەوەی (ئالان تـۆرین) لـە کتێبـی رەخنـە لـە مۆدێرنیتـە دەگرێت.

ئەم چەمکە لەسەرتاسەری دونیادا زیاتر لـەبواری ئـەدەب پـەرەی سەند، بەدەیان ئەدیبی ناودار کە پێویست ناکات ناوەکانیان ریزبکرێ لەپەراوێزی ئەم چەمکەدا جێگەیان دەبێتـەوە، هـەروەها بزووتنـەوەی جیاوازی فکری لەبواری هونەریدا سەریانهەڵدا، کـەوابوو هۆکارەکـە دەرکەوت بۆچی مۆدێرنـە سـەریهەڵداو لەکوێـدا خزمـەتی کـردووە بەهەموو گرفتە ئاڵۆزەکانییەوە، ئەوەی کـە دیارترینیانـە لەتـەواوی دونیادا، رامبۆ یە کە کاریگەری تەواوی لەفەزای ئەدەبیدا خسـتووەو هەر ناوی مۆدێرنە بێت، بەبێ دودڵی ناوی رامبـۆ دێـت، بەرهـەحاڵ وەختێك سیستمی سیاسـی لەبەرامبـەر ئـەوەی کـە مەبەسـتی بـوو نەگۆڕبوو، وەختێك ژیان لەچەقبەستوویی دۆگماتیزمیدا بوو، وەختێك ئـاینو شـێوازە جیاوازەکـانی خوداپەرسـتی لەوپـەڕی توندڕەویـدا کەنیسەو پەرسـتاگاکانی داگـیر کردبـوو بـۆ بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتی سیاسی، وەختێك لەبواری ئەدەبو فکر جێگەیەك بۆ ئازادی نـەمابوو جگە لەئایدیۆلۆژیای بەرتەسك، لەوێدا مۆدێرنە لەرێگـەی رەخنـەوە لەژیارو کلاسیکیزمو سیستمی کۆنی تەلارسازیو هتد، هەرچی دەقی پیرۆزو نەگۆڕ هەبوو تێکیشکاندو ئەلتەرناتیڤی پێشکەش کـرد، سـا با ئەلتەرناتیڤەکە هەرچەند جێگەی رەخنە بووبێت.

هۆكارێكی دیكەی سەرهەڵدانی چەمكەكە بۆ تاك بوونەوەی دەوڵەت بوو پێشتر، لەكاتێكدا ئێستاش كۆمپانیاكان لەرووی ئابوریو ئینجا سیاسیەوە جێگەیان گرتووە، بەومانایەی گوتاری سیاسی بەپێی چەمكی مۆدێرنە لیڤڵێكی دیكەی وەرگرتووە، بەشێوەیەك لەشێوەكان شەرعیەتی بەموڵكایەتی تایبەتداوە، بۆ نموونە دەسەڵاتی بیرۆكراتیەت لەژێر عینوانی تەكنۆكراتیزم كە گوایە سیستم بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێت، دواجار بەبارتەقای جاران واتە سەدەكانی رابردوو بواری بۆ بەرفراوانبوونی ئابوری سیاسی سازكرد كە لەموڵكایەتی تایبەتدا فۆڕمێكی دیكەی وەرگرت، لەلایەكی تریشەوە بەرهەمهێنانی فاشیزمی لۆكاڵی لەبەرگی ئایدیۆلۆژیای ئایینی، هەموو ئەمانە سەرلەبەری ژیانی قلْپكردەوەو رەوتێكی نوێی بۆ دەسەڵاتخوازی مۆدێرن هێنایە ئاراوە كە قەیرانەكانی دەوڵەت بخاتە دەرەوەی خۆی، وەكو هێزێكی مەعریفی رزگاركەری قەوارەی سیاسی دەوڵەت، ئەم فەزایە لەهۆكارە بنەڕەتیەكانیەوە سەرچاوەی گرتووە كە سیاسەت وەكو زەرورەتێك مۆدێرنەی لەبەرچاو گرت، تاكو كەڵكی لێوەرگرت بۆخۆیو دواتریش هەناردەی وڵاتانی پاشكۆی ئەوروپا كرا، بەو مەرجەی ئەوكاتەی كە لەبوارەكانی مەعریفەو تەكنۆلۆژیاو سیاسەتو كۆمەڵایەتیو پەروەردەو تەنانەت وەرزشیش كە بەپیشەسازیەوە گرێدراوە، چەمكەكە بەناڕاستەوخۆ رەنگیدایەوەو بوو بە مۆدێلی ژیان بۆ تاكو كۆمەڵگەش، چونكە كارپێكردن بەشێوازی

جیاواز لەلایەن شارەزایانی دەوڵەتخوازییەوە، توانی یارییەکی ژیرانە بکات لە نێو تەکنۆلۆژیاو پێشکەوتن، بۆیە نەیتوانی ببێتە هۆشیاری تاکو نەسەربەخۆیی لە عەقڵمەندیدا، بەڵام تاکی ناچار کرد کە لەروخانی شتەکانی پێشووو هاتنەئارای شتی نوێ، گرینگی بە بایەخپێدانەکەی بداتو نامۆ نەبێت لە پێدراوەکانی دیکەی چەمکەکە کە لەپەراوێزیدا روونتر دەبینرێ، لەحاڵێکدا دەرکەوت کە تاك گەرایی تاکە ئامانجێك بوو بۆ لێدانی داهێنانو بلیمەتی، ئەم بیرورای بەشێکی زۆر لە بیرمەندانی ئەمدواییەی رۆژئاوایە.

بەشێکی دیکە لەهۆکاری سەرهەڵدانی ئەم چەمکە کە سەرمایەداری تەواو دڵنیابوو لە سەرکەوتنو جێگیر بوونو پتەوکردنی پایەکانی خۆی، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئامانجەکە بۆ نەهێشتنی پێوەرە ئەخلاقیەکانو شۆڕشە دژ بە سیستمی سەرمایەداریو گەڕاندنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکانە لەنێو ئەدەبو کۆمەڵناسیو هونەرو هتد، بەڵام دواتر دەرکەوت پێچەوانەکەی راستەو بۆ کۆلۆنالیزەکردنی کولتووری شۆڕشگێرییە کە شۆڕشێکی سپی یە بەزمانو کوولتوور دەکرێت، چونکە ئەم سیستمە ترسی ئەوەی هەبوو ئینسان بگەڕێتەوەو گەمارۆی بدات، یان لانیکەم پایەکانی لاواز بکاتو ئایدیۆلۆژیای دیکە سەرهەڵبدەن، وەکو دابڕانێك لەگەڵ ئەو مۆدێلەی بۆ ئینسان داهێنرا بەبێ بنەما، هەروەك ئەوەی ئێستا لەهەموو بوارەکان دەبینرێت. سەرهەڵدانی

شاری هاوچەرخ‌و چڕی دانیشتوان بە فرەیی لەرەنگ‌و رەگەزو نەتەوەو ئایین‌و هتد، هەروەها بازاڕی سەیرو سەمەرەو ژیانێکی نائاسایی کە پێشتر نەبینرابوو وەکو سیحر گەشەی کرد، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی خەیاڵی ئەدیب‌و رۆماننوسەکانیش فراوانتر بن لەگەڵ فراوان بوونی شاری مۆدێرن کە زۆر جیاز بوو لەگەڵ شاری سەدەی ١٩، هەروەك ئەوەی بڕوایان بەوە هەبووە بەپێی پێشکەوتنی شار لەرووی جوگرافییەوە، شاری کۆن‌و کلاسیك جێبهێڵن، بۆ ئەوەی جیهانی ماددی ببینن‌و واقیعێکی تر کە سیحراوییە لە ئەدەبەکەیاندا رەنگبداتەوە، نموونەش کەسانی وەك (ستاندال‌و بالزاك‌و دیکنزو دایستۆفسکی‌و ئەلیوت‌و هتد) ئیدی شاری راستەقینە نەك هەر ژیانی واقیعی کۆمەڵایەتی گۆڕی، بەڵکو شێوەی بیرکردنەوەشی گۆڕی‌و پانتاییەکی زیاتر لەجاران داگیرکرد لەخەیاڵی ئەدیب‌و هونەرمەنددا، ئەم کاریگەرییە ئەرێنییە بەرەنجامی گەشەسەندنی چەمکی مۆدێرنیزم بوو کە بەماناو پێناسەی جیاوازەوە خۆی کرد بەنێو فکردا، بەڵام رووەکەی تری کە نەرێنییەو مۆرکێکی رەشی لەنێوچەوانی خۆیدا نەخشکرد، بەرهەمهێنانی نازیزم‌و فاشیزم بوو لە ئاڵمان‌و ئیتاڵیاو دواتریش لەدوای هەزارەی سێهەمەوە ستایلێکی دیکەی کۆنترۆڵ کردنی ئیرادەی بەشەر بوو، چونکە بووە مایەی بەدبەختی بۆ بەشەرییەت لەو مێژووەدا، دواجاریش وەکو لەپێشدا باسم کرد ئەم رەوتە خۆی لە ولاتانی عەرەبیدا بەرهەمهێنایەوەو بوو

بــه بــازاڕێکی سیاســی نــوێو ململانێــی جیــاواز لــەژێر عینــوانی نەتەوەخوازیو دەوڵەتخوازیو ئۆپۆزسـیۆنو زوڵملێکـراو زاڵـمو هتـد، باشـترین نموونــەش ئــەوەبوو ســەدام حوســێنی بەرهــەمهێناو بــووە بیانوویەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو بەها ئینسانییەکان.

**پرسیار: پـۆزەتیڤیزم بۆخـۆی چـەمکێکە لـەدوای هاتنـە ئـارای مۆدێرنە وەکو سیستم کاری پێکـرا، ئێـوە دیـوە نەرێنییەکـەی ئـەم چەمکەتان باس کرد، ئایا بۆ دیوە ئەرێنییەکەی چی دەڵێن؟.**

**سمکۆ محەمەد:** هـیچ چـەمکێك موجـەڕڕەد نییـە، بەقـەد ئـەوەی فکرێکی نوێیە پێشنیار کراوەو ئینسان کـەڵکی لێـوەردەگرێ، وەکـو پێشتر باسم کرد، یەکێك لە پێشڕەوانی ئەم چەمکە جـۆن سـتیوارت میل بوو کە فکری لیبرالیزمی بەرهــەمهێناو دواتـر فۆکـۆ ڕەخنــەی لێگرت وەکو خەیاڵی دەوڵەتی تەماشای کرد، چونکە ئەو بینی چـۆن مامەڵە لەتەك مەعریفە دەکرێت، چـۆن مامـەڵـە لەتـەك چـەمکی دەسەڵات دەکرێت بەناوی عەدالەتخوازییــەوە، چـۆن مامـەڵـە لەتـەك شێتیو سێکسو کەرەستەکانی دیکەی ژیان دەکرێت لەژێر عینــوانی جیاواز کە نا مرۆڤدۆستانە بوو، بۆیـە نیگـەتیڤو پـۆزەتیڤ مانـای لەبێژنگدانی چەمك نییە تاکو سیاسەتو فکر لێی دوور بکەونــەوە، هەروەك چۆن پسپۆڕانی شارەزا لە تەندرووستی ئامۆژگاریمـان دەکـەن لەو جۆرە خواردنانە دوور بکەونەوەو خۆتـان بپـارێزن کـە زیـانی بـۆ جەســتەی نــەخۆش هەیـە، ئەگـەر وابوایـە دەبـوو هــەموو گـروپو

دەستەبژێرە سیاسییەکان لە ماکیاڤیلیزم دوور بکەونەوە، یان تەنانەت لەو دیموکراسیەتە درۆیینەیە دوور بکەوینەوە کە دەیان عینوانی بۆ خۆشگوزەرانیو دادپەرەوەری بەرهەمهێناوە کە لەخەیاڵ بەولاوە هیچی تر نییە، بۆیە بەپێچەوانەوە چاندنی هەر چەمکێك لە زەینی ئەو نەوەیەی بەدوای مەعریفە یان سیاسەتەوەیە، بەتایبەت ئەو نەوەیەی لەدوای هەزارەی سێهەمەوە چاوی بەدونیادا کراوەتەوە، یەعنی رەگداکوتانی بەجۆرێك تا مومارەسە دەکرێت، هەرچی مۆدێرنەیە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك مانای جیاوازو بەهای جیاوازی بۆ فکرو سیاسەتو فەرهەنگ دانا، تەنانەت مانای شۆڕشی گۆڕیو کردی بە پێوەرێکی ئەخلاقی، مانای نیشتیمانی کرد بە پێوەرێکی ئابوری لەسەر بنچینەی سیستم، ئەم بەراوردە تایبەتمەندی هەموو جۆرە دونیابینییەکی رابردووی گۆڕی کە رۆمانسیانە تەماشای چەمکەکانی دەکردو پۆزەتیڤیزمیش بەهەمان شێوە، باشترین نموونە ئەوەبوو کە لەتونسو سوریاو میسرو لیبیا بینیمان بەناوی بەهاری عەرەبییەوەو ناوی لێنرابوو شۆڕشی فەیسبووك، کەچی سیناریۆیەك بوو کە ئایدیۆلۆژیای پراکتیکی کردە کەرەستەی بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی نوێ کە داگیرکاری نوێ بوو، لایەنە نیگەتیڤەکانی ئەم چەمکە، لەسەرووی هەموویانەوە ئەوەبوو کە بووبە ئایدیۆلۆژای مەعریفە بۆ لایەنگرانی، هەروەها هەموو ئەو کولتوورە سوننەتیانەی نەتەوەکانی پەراوێزخست یان پشتگوێی خست، لەبەرامبەردا قەیرانی

خولّقاند، چونکە خاپوورکردنی هەموو ئەو شتانە بوو کە بەهایان هەبوو، هەروەها چەمکەکە مانای دیالیکتیکو میژوویی نییە، بەڵکو خۆی ڕووداوو خولّقاندن نمایشکردنی شتە حازرەکانە، بۆیە ناکرێ ناوی شۆڕشی لێبنرێ بەسەر کلاسیزمدا، چونکە تەمەنی کورت بوو لەناو قەوارەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە مەشروعیەتی هەبوو، تاکو هاتنی دەوڵەتی فرەیی‌و کۆمەڵگەی پیشەسازی بەمانا گشتگیرەکەی.

**پرسیار: هاتنی هەر پۆستێك لەدوای هەر چەمکێك یان تێرمێك، بەواتای قبوڵ نەکردنی دەگەیێنێت، چ وەکو پڕۆژەیەك یان هەر دەستپێشخەرییەك بۆ مانەوە لە چوارچێوەی خۆیدا، ئایا بەهاتنی پۆستمۆدێرنە، مۆدێرنە تا چەند لەناو بازنەی مێژوودا جێ خۆی کردۆتەوە؟.**

**سمکۆ محەمەد**: بەر لەوەی باسی پۆست مۆدێرنە بکەین، دەبێ ئەوە بڵێین کە مۆدێرنە لەسەروەختی خۆیدا کاری خۆی کردو کاریگەری خۆی لەسەر تەواوی دیاردەو شتەکان دانا، مۆدێرنە ئەو چەرخەی بەهەموو موفرەدەکانی ژیانەوە بینی کە عەقڵمەندی بوو، بۆیە پراکتیکیشی کردو رەخنەشی لێگیرا، کەوابوو پۆست سەریهەڵدا، پۆستمۆدێرنیزم رەوتێکی فکری یە کە بریتییە لە وەلانانی عەقڵگەرایی سەردەمی رۆشنگەری، هەروەها گەڕانەوەی رۆڵی میتافۆر بوو بۆ هەموو کایەکان، پێوەر بۆ کوالێتی‌و گەڕانەوە بۆ

سرووشتگەرایی‌و هتد، هەروەها بەمانای تیۆری نوێی رەخنەیی دێت کە رۆژئاوا مۆدێرنەی ئەزموون کرد، ئیدی دەبوو پۆستەکە پێشنیار بکاتب ۆ کایە جیاوازەکان، ئارنۆڵد توینبی وەکو مێژوونووس‌و ئەفسانەناسێك ئەو تیۆرەی لەبەرچاوگرت، لیوتارد ناوێکی دیاری دیکەیە کە بەپۆست میتافیزیکا تەماشای ئەو پێشنیازە فکرییەی کردووە، هەروەها جاك لاکان‌و جاك دریداو هتد.

ئەگەرچی چەمکی پۆستمۆدێرنیزم لەبواری رۆشنبیرو فەرهەنگی بەگشتی لە ساڵەکانی ١٩٦٩ وەکو ئالان تۆرین باسی دەکات، لە ئەدەبیاتی ئیسپانیدا رەنگیدابووەوە، واتە لەرێگەی ئەو شیعرانەی کە رەخنە بوون لە مۆدێرنیتە، بەو مانایەی کە نابێ‌و ناکرێ سەرمایەداری بەو شکڵەی خۆیەوە بمێنێتەوەو هەمان فەرهەنگ ژێرخانەکەی بێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم گوتاری چەمکە دەورێکی بنبەستی خولّقاند، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاریگەرییە نیگەتیڤەکان سێ رەهەند وەربگرن، یەکەم بەفیڕۆدانی کات لە کۆمەڵناسیدا، دووهەم لاوازکردنی چەپی مارکسی، سێهەم هێنانە ئارای فەرهەنگی تەماوی‌و ئاڵۆز بۆ تەواوی کایەکان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی پۆستمۆدێرنە کە وەکو کالاّیەك لە بازاڕی فەرهەنگی‌و رۆشنبیری جیهانی کاردانەوەی خۆی هەبوو، موناقەشەیەکی دیکە هاتە ئاراوە کە ئایا پۆست مۆدێرنە چەمکێکی سەربەخۆیە یان تەواوکەری مۆدێرنەیە، لەکاتێکدا

چەمکێك لەزمانی ئیگلیزیدا زیاتر گەشەی سەند، (یۆرگن هابرماس) کە بیرمەندێکی هاوچەرخی پاش بونیادگەرییەو لە شونێکی دیکەشدا تەواو لاگیری لە جاك لاکانی دەروونناسی چەپو نەخشەی فەلسەفەی کردووەو دوا هەڵقەو دوا قۆناغی فەلسەفەیەو گوتویەتی (پۆست مۆدێرنە ئەو چەمکەیە کە پرۆسەی مۆدێرنە تەواو دەکات، چونکە تەمەنی هەردووکیان لەژێر سایەی یەك سیستمدا بەڕێوەدەچێ کە ئاڵوگۆڕ لە سیستم نەکراوە، بۆیە پۆست مۆدێرن ئایدیایەك نییە کە دابڕان بێت لەتەك مۆدێرنیزم، بەوپێیەی مانایەکی ئیتیکی نییە، وەکو ئەوەی کە مۆدێرنە شێوەیەکی دیکەی ژیانی ئەدەبی‌و هونەری‌و سیاسی پێشکەشکرد، چونکە من نابینم هیچ فەلسەفەیەکی لەپشتەوە بێت)، خولقاندنی رەوایەتی لەبواری سیاسی‌و فکریدا، کێشەیەکی دیکەی بەردەم بە ئارگومێنت کردنی هەموو شتەکانە کە بەرهەمی رابردووە بۆخۆی، بەلام ئەگەر بیانووە سیاسی‌و فکرییەکە ئەوەبێت کە گەڕانەوە بێت بۆ بیری میتافیزیکی‌و هاریکاری ئیدیالیزم بکات، رەنگە واقیعییەتێکی تێدابێت، بەوپێیەی کە بانگەشەکەرانی خوازیارن بەگژ ئەو بەرهەمە فکری‌و ئەدەبی‌و هونەریانەدا بێنەوە کە لەسەردەمی مۆدێرنەدا سەریانهەڵداوە، بەلام ئەوە سەلمێنراوە کە پۆست مۆدێرنیزم نەمری‌و واتا رابردووەکان هەڵناوەشێنێتەوەو ئەو توانایەشی نییە، چونکە ئەو بیری رەخنەگرانەی کە مۆدێرنە بەرهەمی هێنا، تازە گەڕانەوەی تەنها

مەگەر لە رەخنەگرتن لەو عەقڵگەراییە بێت کە سیستمی ئێستای جیهانی بەرهەمهێناوە کە بەشێکی زۆری بیرۆکە تەکنۆلۆژییەکان چەند لەخزمەت بەشەرن، ئەوەندەش لەدژی بەشەرن، لەحاڵێکدا هەمو ئەوشتانەی بوون بە کولتوور لەسەدەی رابردوودا، وەکو بزاڤی ئەنتی کولتووری نمایشکران، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە تەواوی ئەو فۆڕمانەی بۆ بیرکردنەوە لە چەمکە فکرییەکانی دیکە کاریان پێدەکرێ، بەشێکن لەدژکاری چەمکەکانی رابردووە، چونکە پۆست بۆخۆی واتای کۆتایی هاتن دێت بە پێشگرەکەی کە خۆی بووە بە پاشگری چەمکەکە، ئەم هەوڵدانە لەنێو ئەدەبیشدا پرۆسەیەکە لە وشەوە بۆ وێنە لە گوتارەوە بۆ ڤیگۆر هەیە، کەواتە ئەو هێزەی لەپشت بەمۆرالی کردنی چەمکەکەوە راوەستاوە، هێزێکە تەنها بۆ ئەوەیە کە مۆڕاڵی هاوبەش تێکبشکێنێ، لەکاتێکدا ئەو بیرۆکەیە هێشتا یەکلاییو ساغ نەبۆتەوە کە تەواوکاری مۆدێرنەیە کە وەکو بزاڤێکی چەپگەرایی خۆی نمایش دەکات، بەتایبەتی دوای تیۆریزەکردنی چەمکەکە لەلای (لیوتار) کە بەمەرگی داستانەکانی ناوبردووە، ئیدی لەدوای ئەو ناساندنە هەوادارانو لایەنگرانی تیۆرەکە، کەوتنە وێزەی ئەوەی کە بڕوایان بە شتە لۆکاڵیەکان بێتو کار لەسەر ئیشکالیاتە لۆکاڵیەکان بکەن .

بەرهەحاڵ ئەگەر لەرێگەی ئەدەبەوە تەماشای ئەو چەمکانە بکەین، دەبینین چۆن موناقەشەی مۆدێرنەو دەرکەوتەکانی کراوە، بۆ

نموونه (کافکا) یەکێك لـە سەرسـەختترین ئـەو ئەدیبانـە بـووە کـە وێنەی مرۆڤی سەردەمیانەی نەخشـاند لـە رۆمـانی (دادگـاییو لـە مەسخ) کە هەمووی بەشـێکن لـە ململانێـی نـەبڕاوەی کارێکتـەرە ناکۆکـەکان لـەدژی یـەکتر کـە هەلومـەرج خولْقانـدبوونی، بیرەوەرییەکانی (فێرناردۆ پیسوا) ی شاعیرو نووسەرێك بوو تەنها بـۆ خۆی دەینووسیو دواتر کە دەمرێت هاورێکەی نووسینەکانی بە چاپ دەگەێنێتو هەمووی رەخنەیە لەو ژیانە فەرزکراوەی سەر بەشەرییەت لە سایەی ئەو سیستمە زاڵەی کە مۆدێرنە لەگـەڵ خۆیـدا بەکێشـی کرد، هەروەها (بۆرخیس)و دەیان نووسەری دیکە کە لەخەیاڵدانیاندا چیرۆکی ئەژدیهاو دەقەکانی تر بەیانیان کردووە، لـەلای کـوردەواریش هونەرمەندی وەکو قالـە مـەڕەو حوسـێن عـەلیو ئەحمـەد شـەماڵو ئەسیری شاعیرو شێخ رەزاو جان دەمۆی کـەرکوکمان هەیـە، ئەمانـە هەموو رەخنەبوون لە عەقڵی سەردەمو مۆدێرنـە کـە گوایـە پۆسـت مۆدێرنە جێگەی دەگرێتەوە، هەرواشە هەموو سەردەمێك پاڵەوانێکی تایبـەتی خـۆی هەیـە، بۆیـە پۆسـت مۆدێرنـە بـەدوای پاڵەوانـە تایبەتەکانی خۆیەوەیەتی .

**پرسـیار: تیـۆرە رەخنەییـەکان لـە سیسـتمی نـوێی جیهانیـدا وێنەیەکی دیکەیان وەرگرتووە، ئایا مۆدێرنە کارێکی تـەواوی کـرد لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی عەقلانیبووندا؟.**

**سمکۆ محەمەد:** سرووشتو لۆژیکی کۆمەڵناسی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مرۆڤ بگاتە ئاستێك کە ژێردەستەو کۆیلەی سیستمی نوێ نەبێتو ئەو هەقیقەتە لەبەرچاو نەگرێ کە وەکو واقیع پێشنیارکراوەو لەراستیشدا وەهمو خەیاڵێکی سیاسییە، چونکە هیچ روانگەیەك لەو روانگانەی کە وەکو هەڵبژاردە دانراون بۆ مرۆڤو چارەنووسی، روانگە گەلێك نیین کە دڵخۆشکەر بن، بۆ نموونە دەرکەوت سەنعەتکردن بە کۆمەڵگەی فرە کولتورو ئاییینو نەتەوە، راسیزمی لێبەرهەمدێت، ئەو سیناریۆیەی کە رۆژئاوا بۆ بەرژەوەندی خۆی لەسیاسەتو فرە کولتووری پیادەی دەکات، نەك هەر عەقلانیەت نییە لەهەموو بوارەکانی ژیان، بگرە متمانەی لەو ژیانەش سەندۆتەوە کە مرۆڤ هەوڵبدات بگەڕێتەوە بۆ سادەیيو خاکی بوون، رەخنەگرتن لە پۆزەتیڤیزم کە هابرماس یەکێکە لەو بیرمەندانەی ناوی لەپێشەوەی بیرمەندانی سەدەی بیستەمەوە دێت، تیۆرێکە قسە لەسەر ناسینو دەروبەری مرۆڤ دەکات لەرێگەی هەڵسوکەوتی خۆیەوە، تیۆری ناسین زانستو ناسین وەکو یەك تەماشا دەکات، لێرەوەیە تێدەگەین کە پۆزەتیڤیزم عەقڵ پارچە پارچە دەکاتو دونیای کۆمەڵایەتیش دابەشدەکات، عەقلانیەت گرەوەکە دەخاتە باوەشی مرۆڤ خۆی، ئیدی چۆنی بەکاردەهێنێ ئەوە ویژدان حوکم دەکات، چونکە ئەزموون وەکو عەمانوئێل کانت پێیوایە عەقڵ بەشێکی زۆر لەپێویستییەکانی ژیانی رۆژانەی ئینسان داگیر

دەکات، بەبێ ئەزموون شتێك نامێنێت بەناوی پراکتیك کردنی تیۆری عەقلانییەت، ئەوەی کە ئێستا لەدونیای ئەدەبیو سیاسیدا دەگوزەرێو کاریگەری نیگەتیڤی خستۆتە سەر هەموو کایەکانی تر، مەسەلەی عەقلانییەتە کە خودی ئینسانییەتی کردووە بە کارێکتەری ئەزموونگەرایی لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا، ئەمەش بەخاتری بەرژەوەندییە جیاوازیەکانە، بەوپێیەی سیاسەت بووە بەدارێژەری ژیانی ئینسانو دوورکەوتنەوە لە سرووشتگەرایی، هاتنی تەکنۆلۆژیاو بەتایبەتیش تەکنۆلۆژیای سەربازی کە بازارێکی گەورەی سیاسەتەو کێبەرکێی جۆراو جۆری تێدادەکرێ، هەموو جۆرە رێگەیەکی گرتووە بۆ رزگاربوون لەو قەیرانانەی کە خودی ئینسان خۆی درووستی کردوونو بووە بەکێشە بۆخۆی، ئەلێرەوەیە کە عەقلانییەت راستە لەهەناوی مۆدێرنەوە گەشەی سەندو دەیهەوێ ژیان بەردەوام بەو شێوەیە ئاراستە بکات، بەڵام تێپەربوون بەپرۆسەی مۆدێرنەدا کە مۆدێلی بەسەرچووە، دیاردەیەك ناخولقێنێ کە لانیکەم کاریگەری لەسەر فەرهەنگی سیاسیو ستایلێکی نوێ بەرهەمبهێنێ جگە لەوەی کە (ترامپ)ی بەرهەمهێناوە، جارێکی تر راسیزمی بەرهەمهێنایەوە کە ئێستا تەواوی ئەوروپاو ئامریکاشی گرتۆتەوە، رووداوەکانی ئەمدواییەی ئامریکاو بەشێك لە رۆژئاوا، باشترین سەلمێنەرن.

**پرسیار: ئایا دەکرێ بڵێین مۆدێرنە دوا شەپۆلی وشیاری مرۆیی سەردەمی خۆی بوو، یان ئێستاش بەردەوامی هەیە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** مۆدێرنە لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری ئامریکاو سۆڤیەتی کۆن، کۆتایی بەتەمەنی هات، ئەوەی ئێستا پاشماوەی ئەو مۆدێرنەیە لەهەموو رووەکانییەوە، هەموو هەوڵێکی سیستمی سیاسی ئێستا ئەوەیە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لاواز بکاتو لەنێو تەکنیکی نوێ کە ئۆنلاینو کەرەستەو پەراوێزەکانیەتی، نموونەش فەیسبوکە نوێی بکاتەوەو وەکو دیاری بیبەخشێ بە ئینسان، لەکاتێکدا مەرجی ساغڵەمی ئینسان لەلای سیستمی نوێو کاپیتالیزمی هاوچەرخەوە، لەهەموو رووەکانەوە جێبەجێکراوەو سیستماتیك کراوە، بەڵام تاکە شتێك کە ناتوانێ بیبەخشێ بە ئینسان ئەوەیە رزگاری بکات لەو تاکگەراییەی کە چارەنوسی یان شێت بوونە، یان خۆکوشتن یان مردنی نیمچە بەکۆمەڵە کە ئێستا کۆرۆنایان بەرهەمهێناوە، یان مردن وەکو حەتمییەتی ژیان، تاك گەراییش وەکو پێناسەی پێشووتر باسم کرد، شێوەیەك بوو لەکوشتنی تواناکان، ئەمەیە سیحری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو بەکارهێنەرەکانیو ریکلام بۆ کردنی لەرێگەی راگەیاندنەکانەوە کە بەشێکن لەو سیستمە نا ئینسانییە، هەر ئەمەش سەرچاوەی تەواوی کێشەکانی مرۆڤن، بەتایبەتی ئەم فەزایە لە رۆژئاوا باشتر هەستی پێدەکرێ، وەختێك ئینسان بووە بەکۆیلەی

کارو خزمەتی کۆمپانیاکانی پەراوێزی کۆمپانیا زەبەلاحەکانو لەوێشەوە بوون بە کائینی ریکلام کەرو بەکاربەرو بێئاگای نێو میترۆو ترامو پاسەکانو هیچی تر، ئەم حاڵەتە کە گوایە پاشماوەی پێشکەوتنی مۆدێرنەیە وەکو قۆناغو سیستمی سیاسیو ئابوری، نیگەتیڤ ترین حاڵەتە لەمێژووی بەشەری، بەوپێیەی کە هەرچی ئیرادەی سیاسی هەیە لەدوتوێی مۆرکردنی پەنجەدا لەهەڵبژاردنەکاندا کۆکراوەتەوەو هەرچی ئیرادەی سیاسی هەیە لەیاساو دەستووری خوڵقێنراودا کۆکراوەتەوە، هەر لەوێشەوە رادەستی گروپێك کراوە بەناوی سیاسەتوانەوە کە لەخۆڕا چارەنووسی ئینسان بەبازاڕ دەکەن. کەواتە ئەو شەپۆلەی کە ئێوە باسی دەکەنو گوایە مۆدێرنە سواری پشتی بووە، ئەمەش موژدەبەخش نییە بۆ خۆشگوزەرانی ئینسان، بەڵکو تەواوکەری ئەو کولتوورە سیاسیەیە کە لەپشتیەوە عەقڵێکی روخێنەری روحیەتە ویژدانیو ئینسانی هەیە کە بەناوی تاکگەراییەوە باوكو دایکی کردووە بە قوربانی تەکنۆلۆژیاو وەرزش بۆ منداڵەکانو وەچە نوێیەکان، ئەو عەقڵەی کە بەرلەوەی بەختەوەری بێت بۆ ئینسان وەکو زانست باسی دەکات، بەپێچەوانەوە مەترسییە بۆ چارەنووسی هەمووان.

حاڵەتێکی دیکەی رەخنە لەعەقلانیەت ئەوەیە کە مرۆڤ بارکراوە بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئینتیما، تادەگاتە ئینتیما بۆ تیپی وەرزشیو تێنسو کاڵای بەرهەمهاتووی کۆمپانیا خاوەن لۆگۆکانی

وەکو ئیسسو ئیکۆو بۆرنو هتد، ئەم بەبازاڕکردنە کە قورسترین بارە بەسەر شانی مرۆڤەوە، لەو عەقلانیەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە گوایە مرۆڤ لەسەرییەتی داهێنان بکات لەنێو شتە داهێنراوەکانی رابردوو، واتە بەجوڵەخستنی ئەو پەیوەندییەی کە رۆژئاوا دەستبەرداری بووەو لە رۆژهەڵات ئاڵۆزترین پەیوەندییەو ناتوانێ دەستبەرداری بن، لەهەردوو بارەکەدا دەرکەوتووە کە مرۆڤ لەرێگەی ئەو بەعەقلانیکردنەوە، باشترین کەرەستەی ململانێکانی کۆمپانیان کە سیاسەت کاری لەسەر دەکات، هەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانین کە ئایدیۆلۆژیا ئەگەر پێشتر مانایەکی هەبوو بۆ ململانێی سیاسیو فکری، ئێستا بەپێچەوانەوە بووە بە کەرەستەیەکی زیندووی بەردەستو مەلموس، واتە کێشەی پراکتیککردنو بەکارهێنانی بۆ نێوانەکانی دیکە کە هەموو سیما کۆنەکانی پێشووی سیاسەتی گۆڕیو لەجیاتی فاشیزمو دیکتاتۆرییەتی بەرهەمهێنا، بەپێناسە نوێیەکە کە بەرهەمی کاپیتالیزمی هاوچەرخە، لەبەرامبەر ئەوەشدا هێزو گروپی لۆکاڵی نوێی بەرهەمهێنا کە رەخنە نەتوانێ بە گشتیو بەرفراوانی رێگەی لێبگرێتو بیکات بە ئایدیایەك بۆ تێگەیشتنی ئینسان لەو کەرەستانەی کە کە پێشتر ناویان ئایدیۆلۆژیا، بۆیە دەرکەوتووە کە عەقلانیەت کێشەیەکی دیکەی درووست کردووە، ئەویش تێنەگەیشتنە لەو چەمکانەی کە مانایان گۆڕاوەو رەخنەش نایان گرێتەوە.

**پرسیار: پێدەچێ هەژموونێکی دیکەی پۆستمۆدێرنە لەنێو فکردا کاریگەری لەسەر هەموو کایە فکرییەکان دانابێت، ئایا چارەنووسی مۆدێرنە لەنێوان بەکامڵ بوونو بەردەوامبوون، بە کوێ دەگاتو چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟.**

**سمکۆ محەمەد:** من لەراستیدا زۆر لەژێر کاریگەری فکری هابرماس نیم، بەڵام هەندێك بیرکردنەوەی بەخەیاڵمدا دێتو بەکاریان دەهێنمو پێشموایە درووستن، بەهەرحاڵ هابرماس پێیوایە پۆست مۆدێرنە تەواوکەری پرۆژەی مۆدێرنەیە، چونکە عەقلانیەتی کرۆدتە باو بۆ هەموو کردەیەك، ئەمە لە کتێبی (المعرفه والمصلحه) باسی دەکات، لەوێ باسی بەشتبوونو بەئامراز بوونی ئینسان دەکات لەنێو فەزای سیاسیو فەرهەنگیدا چینەکان دەتوێنەوەو جیاوازیان نامێنێ، جگە لەوەی کە تواناکان لەپێناو بەدەستهێنانی خواست بۆ تاك جیاوازی دەبێت، باڵادەستی سیاسەت لەدەوڵەتانی پەراوێزی وەکو بەشێك لە رۆژئاواو ئاسیاو هتد، بەشێکی بۆ رێکخستنی ژیانی ئینسانە بەپێی ویستی دەوڵەتمەدارو سیاسییەکانو هاوسەنگی نێوان هێزەکان کە زۆرجار بەناو سۆسیال دیموکراتەکان باسی ئیرادە دەکەن وەکو ئیدیعایەك بۆ فەزای ئازاد، کە لەراستیدا ئەوەندەی سیستم قەیرانی بۆ ژیانی ئینسان درووست کردووە، هێندە خۆشگوزەرانی نەخولڤاندووە، رەخنەگرتن لەو ئابوریەی کە ئێستا لە رۆژئاوا دەگوزەرێ، لەوێوەیە کە ئینسان بووە بەشتێك لەنێو ئەو سیحرەی

کۆمپانیاکان خولْقاندوویانە، تەنانەن لەنێو ئەدەبیشدا کە نۆبلْ وەکو سیحرێکی ئەدەبی دابەشدەکریٚ لەسەر زانستو ئەدەبو ئاشتی، هەر ئەوکاتە رۆڵی هەموو تواناو لۆژێكو داهێنان لەنێو دەچیٚ، چونکە بەپێوەرەی توانا نادرێن بەکارێکتەری ئەدەبیو سیاسیو زانستیو هتد، تا رادەیەکی زۆریش دادپەروەری مەعریفی تیانییە، من نموونەیەکی زۆر واقیعی دەهێنمەوە کە زۆرکەس ناتوانن پشتگیریم نەکەن، نموونەی یەکەم ئەوەیە کە هێشتا ئۆباما نەهاتبووە سەر تەخی سەرۆکایەتیو بە پڕاکتیك کاری نەکردبوو، نەرویژ نۆبڵی ئاشتیان پێبەخشیو لەدواجاریشدا دەرکەوت پیاوایٚکی ئاشتیخواز نییەو زۆرترین جەنگیش لەسەر وەختی دەسەڵاتدارێتی ٨ ساڵی حوکمڕانی ئەو بوو، کەچی کەسیش نەیکرد بە رەخنەی سیاسی، هەروەها نۆبڵی ئەدەبی درا بە کەسێکی یۆگسلافی بۆ کورتە چیرۆك کە دواجار دەرکەوتو رەخنەشی لیٚگرا ئەو توانایە لە چیرۆکەکانو فکرەکانیشدا نییە کە نۆبلْ وەربگرێت، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، کاتێك کە نۆبلْ لەنێوان ئالبێر کامۆو نیکۆس کازانتزاکی مابوو، هەق بە کازانتزاکی بوو وەکو کامۆ خۆی ئیعتراف دەکات، کەچی نۆبلْ درا بە کامۆ، ئەمەیە نۆبلْ کە سیحرێکی بەتاڵە بە بڕوای من، چونکە دەستی سیاسی لە پشتەوەیە نەك هەڵسەنگاندنی ئەدەبیو توانای تاکە کەسی رووت.، ئێمە تا ئێستاش بە وردی باسی ئەو عەقلانییەتەمان نەکردووە کە هێشتا بە تەواوەی نەگەیشتووە بە

کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیو ناوچەکە، هێشتا بەتەواوەتی مومارەسەی تاکگەراییو نەمانی چینی ناوەڕاستمان نەکردووە کە چەند کاریگەری نیگەتیڤی هەیە، هێشتا نەمانزانیوە تاکگەرایی چ کێشەیەکی روحیو ویژدانی دەخوڵقێنێو چ قەیرانێك درووست دەکات کە بە خۆکوژی راناگەین.

داهێنان نیازی
بەپشتگیری کردن نییە،
وەك چۆن دەقی
مردوو پێویستی
بەتەڵقین نییە.

**پرسیار: ئەدەب بۆ خۆی جۆرێکە لە کێشە، روونتر بڵێین فاکتەری پشێوی نانەوەیە، کە کێشە نەمێنێ ئیتر ئەدەبمان بۆ چیە، لەکاتێکدا ئەو فەزایەی کە تێیدا دەژین، زەمەنێك تێیدا ئەو گفتوگۆو بۆچوونانەی لەسەر دیالکتیکی ئەدەبیو گەشەی فیکریو ئاڵوگۆڕە مەعریفییەکاندا گەنگەشە دەکرا، تا ئاستێك گەرموگوڕی تێدابوو، بەڵام بە هاتنی چەمکی جیهانگەرایی، پێتان وانییە دۆخەکەی بەرەو ئاقارێکی نەرێنی بردووەو چەمکەکەی زیاتر کەم بەها کردووە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** تەواوی ئەو داخوازیو ئەو کەرەستانەی کە لەسەدەی رابردوو لەتەواوی کایەکاندا هەبوو، ئەو موناقەشانەی کە لەسەر گەشەو هەڵدانی فکریو ئاڵوگۆڕە مەعریفییەکاندا لەئارادا بوو، ئەو نهێنیو سیحرانەی کە لەدەقێك یان کارێکی هونەری کۆما ببوون، ئەو پێوەرانەش کە بۆ جیاوازیو شتە لەیەکچووەکان بەشێوەیەکی ئەندازەیی هەبوون، ئێستا ئیتر بەهاتنی چەمکی جهانگەراییو پاش جیهانگەراییش کە ژیانی پڕ کردووە لەگرێی دەروونی، بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆ دونیاو بۆ کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەتایبەتی، خەریکن سادەترو کاڵتر دەبنەوە، وەختێك

تەکنۆلۆژیا بەهێنانی ئامێرە سیحرییەکانی، وەکو ئینتەرنێتو تەوژمی سەتەلایتو تەلەفۆنی دەستی کردە دیاریەکی ترسناك، ئیتر دەیان دەرگای جۆراو جۆری نا مەعریفی کرانەوە بەبێ ئەوەی هیچ سانسۆرێکیان لەسەر بێت، بەکردنەوەی ئەو دەرگایانەش، شتێك نەما بەدەقی زۆر جدیو سیحراویشەوە، رێگەمان پێبدات موناقەشەی داهێنانی لەبارەوە بکەین، بەڵکو بەناچار موناقەشەی ئیستاتیکی لەبارەوە دەکەین، چونکی ئیستاتیکا دۆزینەوەی ئەو کۆدانەی لەنێو ئەو کەرەستانەی کە خۆیان هەنو دەقی پێ دەخولقێنرێ، لەوانەش زمانو کولتوورو نەریتو هتد.

**پرسیار: باشە ئەی بۆچی لای زۆرێك لە ئەدیبان داهێنان، داهێنان بووەتە گرێیەکی دەروونی، بەداوی چەمکەکەدا ئەڕۆنو پێی ناگەن، ئایا ئەو چەمکە تا چەند فاکتەر بووە بۆ بەرهەمهێنانو گەشەی ئەدەبی، وەك مەعریفە، یان ئاماژەیەکی نیگەتیڤە. ئایا لەبەرامبەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەعریفیەی کە لە ئەنجامی دەستبەتاڵی هەیانە، بەدیوێکی تردا ئایا خۆدزینەوە نییە لەواقیع ؟.**

**سمکۆ محەمەد:** من بڕوام وایە داهێنان ئەو شتەیە کە هێشتا نەهاتۆتە بوون، یان بەمانا (جیل دۆلۆز) یەکەی داهێنان وەکو فەلسەفەیو فەلسەفەش بەرهەمهێنانی چەمکە، ئەمە لەکاتێکدا تازەگەری ئەو چەمکەی پەراوێزخستو مەسەلەی شوناسو

سەربەخۆیی ئەدەبی کردە بابەتی مشتومڕی فکری، لەگەڵ ئەوەشدا کەس نییە نەزانێ سلێمان پێغەمبەر گوتویەتی" هیچ شتێك نوێ نییە لەژێر ئاسماندا" ئەمە مانای ئەوەمان ناداتێ کە تازەگەری یاخوود نوێکردنەوە نامێنێ، چونکە ئەم ئارگیومێنتە هەریەك لەهۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆش لەکتێبی دیالێکتیکی رۆشنگەری باسیان کردووەو رەتیدەکەنەوە، ئەوان باس لەو دەقانەش دەکەن کە لەسەردەمی یۆنانەوە تاکو ئالۆگۆڕی سیستمی سیاسی رۆژئاوا هاتنە ئاراوە، پشکیان هەبووە، نموونەی ئۆدیسیۆسو هتد دەهێننەوە کە بەشێکن لەرۆشنگەری، ئەوان باس لەمرۆڤو سرووشتو ململانێکان دەکەن، باس لەرەخنەو هەردوو زاراوەی (ئۆپژێکتو سۆپژێکت) دەکەن کە چۆن خراپ کەڵکی لێوەرگیراوە، چونکە تیۆرەی زانستی بریتییە لەو تیشکە رەخنەییەی ئاراستەی هەقیقەتە زانستییەکان دەکرێن کە لەپەیوەندیدا بەو گشتەی لەناویاندان، هەر ئەوەی کە پێشتر لەلایەن گشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە نەخشەیان بۆ کێشراوە .

هەڵبەت من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا کەمێك کۆك نییم، بەڵام تاڕادەیەك بەخاتری ئەوەی چەمکەکان جارێکی دیکە دەخاتەوە بەر تیشکی رەخنەوە، بۆیە کەڵکی لێوەردەگرم بۆ پێناسەکردنی داهێنان، (جیل دۆلۆز) لەکتێبی فەلسەفە چییە دەڵێ (چەمك خۆی داهێنانە) کەواتە بەپێی ئەو میتۆدە بێت، نەك هەر ئێمە خاوەن داهێنان نیین، بەڵکو دەورو پشتیشمان وەکو فارسو تورکو عەرب خاوەن داهێنان

نین، یان بەمانایەکی دیکە دەقی داهێنراو، بەو دەقە دەگوترێت کە لەنەبوونەوە شتێکی نوێی داهێناوە، نەك لاساییو نوێکردنەوەو جوینەوەو هتد، ئەگەر بەو پێوەرە جیهانییە قسە بکەین، بەوپێیەی ئێمەی کورد لەرۆژهەڵات خاوەنی هیچ چەمکێك نیین لەوانەی کە لە ژیانی رۆژانەدا بەکاردێن، هەروەها جگە لە (حافزی شیرازیو سەعدی شیرازی) خاوەنی هیچ پنتێك نیین ناوی دابڕانی مەعریفی بێت، ئەوەش کە مەبەست لەدەقی داهێنەرانەیە، دیسان دەیڵێمەوە کە کۆمەڵگە بندەستەکان خاوەنی دەقێکی داهێنان نین وەکو دەقەکانی دۆنکیشۆتی سێرڤانتسو ئەفسانەی فاوستی گۆتەو کۆمیدیای خواوەندی دانتیو دایستۆفیسکیو هتد، ئیدی ئەم وەهمە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، مەگەر داهێنان تەنها لەوێوە بەپێوەر وەربگرین کە لەچاو نەخوێنەوارىو ئەوانەی کە سەروکاریان لەگەڵ نووسین نییە، ئەو دەقانەی ئێستا بەرهەمدێن، تەنها ئەگەر ئیستاتیکایان تیا بدۆزینەوە، ئەگەرنا داهێنان نیینو من هیچ داهێنانێك شك نابەم.

ئەگەرچی تازەگەریش لەکن کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، تەنها بەزاراوەو بەقسە دزەی کردۆتە نێو ئەدەبەکانیان، بەڵام داهێنان بەپێی خوێندنەوەی ئیدیالیستی، لەبەرامبەر خوێندنەوەی مەتریالی جۆرێکی تر مامەڵە لەتەك ئەم چەمکەدا دەکات، هەڵبەت بۆ نووسین بەگشتیو نووسینی دەقی ئەدەبی بەتایبەتی، شوێنو کات گرنگی لەدیاریکردنی بەهاکەی دیاری دەکات، ئەو شیعرانەی کە

سۆفۆکلیس لەسەردەمی یۆنانیەکان نووسیویەتی‌و ئـەوەش کـە داوود پێغەمبەر بەتەمبورێکەوە دەگـەڕاو شـیعری دەگـوت‌و ئێسـتا وەکـو دەقێکی پیرۆز تەماشا دەکرێ، چ شتێکی کەمتر نییە لەشیعری نـوێ، چونکی رزگاربوون لەکێش‌و سەرواو کارکردن بەوێنەو زمـان، پێشـتر کاری بۆکراوەو جێگەیەکی بـۆ دڵـەڕاوکێ نەهێشـتۆتەوە لـەم جـۆرە موناقەشـانەدا، بـەڵام ئەگـەر بڵـێین پێوەرەکـان زیـاتر بـوون لـەو هۆکارانەی کە پێشتر پێشمەرجێك بوون بۆ داهێنانی دەقـی ئـەدەبی، ئەمـەیان راسـتە، چـونکی وردەکـاری واقیعـی ژیـانی رۆژانـە لـەم سەدەیەدا کە تەواوی کۆمەڵگاکان لەیەك کاتـدا ئاگایـان لەیـەکترە، یان بەحاڵێك کۆمەڵگەکان تێکەڵ بەیـەکتر بـوون‌و خەریکـە لـەناو یـەکتردا دەتوێنـەوە، بەشـێکە لەئـەو بەهانەیـەی کـە بـوارێکی نەهێشتۆتەوە بۆ جێگیرکردنی ئەو زاراوەیەی کە پێشتر خۆمان پێـوەی خەریك کردبوو.

لەگەڵ هاتنی ئەم سەدەیە کە هەموو سیحرێکی بەتاڵ کردووە بـە ئەدەبیشەوە، رووبەرێك لەو رووبەرانەی کۆن هەبوون بـۆ پەیـدابوون‌و سەرهەڵدانی فەیلەسووف‌و خاوەن توانا، ئێستا هەرچی زیـاتر تەسـك تر بۆتەوەو دیاردەی سەرهەڵدانی فەیلەسوف بەسەرچوو، قوتابخانـەی هەڵوەشانەوەگەرایی لـەباری ئـەدەب بەتایبـەتی لای (رۆلان بـارت)و لەکۆی هەموو کایەکانیشدا لەلای (ژاك درێدا)و هێرمۆنتیکا لەلای (گادامیر)، شتێکی نەهێشتەوە لەژێر رەحمەتی ئـەو فکـرەدا رزگـاری

بێت، بەوپێیەی کە جیاوازیەکی جەوهەری هەیە لەنێوان تێگەیشتنی نوێو درووستکردن، بیر تیژیو دەربڕین لەنووسینو لەهەر شتێکی تر، مانای ئەو توانایە نییە کە ئێمە بەچەمکی داهێنان، شیکاری دەکەین، ئەمە لە کاتێکدا کە باس لەهەڵوەشانەوەگەرایی دەکرێت، بیرمەندانی فەرانسی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی ئەو چەمکەیان بەسەرەوە نییەو کاری پێناکەن .

**پرسیار: ئایا ئێستا ئێمە دەتوانین بە پێناسەی رابوردوو مامەڵە لەتەك چەمکە ئەدەبییەکان بکەین، هەروەها بۆچی لە ئیستادا کار بەتیۆری بەراوردکاری ئەدەبی ناکرێت؟.**

**سمکۆ محەمەد:** لەکاتێکدا ئێمە خەریکین قسە لەسەر چەمکە فکرییە ئەدەبییەکان دەکەین، کاتێك کە چەمکەکان بۆ خۆیان پێویستیان بەتازەترین خوێندنەوەی قوڵ هەیە، تاکو تێبگەین لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووەو بۆچی ماناکانیان ئەو واقیعە ئایدیۆلۆژییە بەرجەستە ناکەن کە تەکنۆلۆژیا ئایدیۆلۆژیای کردووە بە واقیع، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێ کە زۆربەی ئەو چەمکانەی وەکو (چەپگەراییو ریالیزم) لە شیعردا، یان دەقە ئەدەبیەکانیان لەچوارچێوەی مانیفێستۆیەکدا قەتیس کردبوو، دەنگۆیەکیان خولقاند کە ئەمە سەرەتای داهێنانی نوێو رەوتێکی ئەدەبیو هونەری نوێیە، راستییەکەی وانەبوو، جگە لەنووسینەوەی پەخشانێکی فکری ئەدەبی، هیچی دیکەی بەرهەمنەهێنا، وەکو

ئەوەی بینیمان لەمانیفێستەکانی گروپی فـازل ئەلعـەزاویو گروپـی روانگەو گروپی ڕەهەندیەکانو گروپی جوایـەزی هـەولێریو گروپـی کفری کە فەرهاد شـاکەلی سـیمبولەکەیان بـوو، هـەروەها گروپـی نیخازی هەرو هەر لە دهۆك کە موحسین قۆچـانو حسـن سـلیڤانیو عارف حیتۆ بوون، ئەمانە هەموو لەرێگەی مانیفێستەوە بەتەمابوون خویان لەوانی تر جودا بکەنەوە. بەڵام دەرکەوت ئـەدەب کـاری تاکـە نەك گروپ، بۆیە هیچیان بەرهەمنەهێنا، جگە لە خۆنمایشکردنێکی بێ هودە.

سەدەی بیستەم کە بوونگەرایی لەسەر دەسـتی سـارتەرو کـامۆو کۆڵن وێڵسن ی بەرهەمهێنا، لە فەلسەفەکەی کیرکەگاردەوە دەسـتی پێکردووەو قوتابخانەکانی تری نووسین بەتایبەتی شیعر کاری پێکـرا، لـەکاتی خۆیـدا بـەجۆرێك لەسـیحری داهێنـان تەماشـا دەکـراو مۆدێلێکی نووسینی پەیدا کـردو کاریگـەری زۆری کـردە سـەرمانو هاتە نێو دونیای ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهـەڵات، کەچـی لەئێسـتادا نەك هەر کاری پێناکرێ، بگرە بۆتـە شـتێکی کلاسـیکیش، چـونکە دەرکەوت ناکرێ ئـەدەب گـیرۆدەی فکـرو پاشـگری فکـری بکرێـت، بەپێچەوانەوە بە سەربەخۆبوونەوە جوانە.

ئەگەرچی ئەدەبی بـەراوردکاری مـۆدێلێکی بەسەرچـووە، لەگـەڵ ئەوەشدا ئەگەر نیازمان بوو دەقێك بەدەقێکی دیکە بەراورد بکـەین، ئـەدەبی ئـەم ناوچـەیە، وەکـو هـەر ئـەدەبێکی تـر کاریگەرییـەکی

راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی ئەدەبی دەوروپشتی پێوە دیارە، ئەگەرچی هەوڵدراوە مۆرکی تایبەتی پێبدریو بەخۆماڵی بکری، بەلام سەربەخۆیی وەرنەگرتووە، هەروەك چۆن ئەگەر بەراوردێك لەنێوان دەقێکی ئامریکی لەشێوەی دەقەکانی ئیلیۆت یان عەزرا پاوەن‌و لۆرکا ی ئەوروپی بکەین، کە یەکێکیان بەناهەق کوژراو ئەویتر دادگاییەکی ناهەق، بەهەر حاڵ رەنگە هەمان شت‌و هەمان کارتێکردن لەسەر دوو جۆر دەقدا بدۆزینەوە، ئەمەش جگە لەنوێکردنەوەی دەق بەداهێنان ناچێت، هەروەك چۆن کە رەنگە سیحربازێك لە لەحزەیەکدا بتوانێ لەژێر کلاوەکەیدا کۆترێك هەڵفرێنێ، ئەمەش جۆرە داهێنانێکە لەتەردەستی‌و فێڵکردن لەچاو، بەلام ئەم کردەیە زوو دەمرێت‌و تەمەنی کورتەو ناتوانێ قەناعەت بە بینەر بهێنێ، هەرچی دەقێکی ئەدەبیشە بەهەمان شێوە مانەوەی لەنەمریەکەیدایە، چونکە لەراستیدا دەقنووس بۆ نەمری‌و لەدەست مەرگ رزگار بوونی خۆی دەینووسێت کە ئەمەش ئێستا بەتێڕوانینێکی جهانبینیانەو لۆژیکیانە نناسری‌و کاری پێناکرێت، چاکتر وایە لەوە تێبگەین کە هەمووومان‌و لەهەموو کایەکاندا خەریکی نەمرین، هەروەك چۆن نەمری کرێکارێك لەدووروست کردنی دیوارێك یان درووستکردنی کەرەستەیەکدایە، ئاوهاش نەمری ئەدیب لەدەقەکەیدایە، بۆیە باشتر وایە ئەدیبی کورد خۆی بەو زاراوانەوە خەریك نەکات‌و کێشمەکێشی لەسەر نەکات، گرنگ ئەوەیە تاکی

ئەدیبی کوردی خۆی لـەژێر خـەیاڵات‌و بیرکردنـەوەی ئـەویتر رزگـار بکات، سەرقاڵی فکر بن بۆ ئەوەی دەقـی سـەربەخۆ بەرهـەمبهێنن‌و بەپرنسیپەکانی ئیستاتیکاو چنینەوە کار پێبکرێت، بەو لۆژیکە کار بکرێت دەق لەکراوەیی خۆیـدا بمێنێتـەوە، سـنووری شـتە باوەکـان‌و یەقینەکان ببەزێنن.

ئیستاتیکا تەنها لە وێنەو زماندا کۆنابێتەوە، مەعریفە بەشێکی تری هێزی ئیستاتیکی دەقە کە زۆر شاعیر یـان ئـەدیب هەیـە سـڵ لەمەعریفە دەکەنەوە، یاخوود مەعریفەو عیرفـان تێکـەڵاو دەکـەن، هەڵبـەت خـۆ یـەکلایی کردنـەوە لـەم پرسـەو بەتایبـەتی لـەرووی فکریەوە، لەوە چاکترە خۆیان سەرقاڵی موناقەشـەی شـەفەوی، واتـە سەرزارەکی بێهوودە بکـەن، ئـەم دەقـە خولّقاندنـەو ئـەویتر مـردوو، هەڵبـەت نەخولّقانـدن یـان ئـەوەی پێـی دەڵـێن داهێنـان نیـازی بەپشتگیری کردنە، نەدەقی مردووش نیازی بەتەڵقینە، بـەڵکو ئـەوە خوێنەری جددی‌و رەخنەگری شارەزایە دەتـوانێ شـیتەڵکاری بکـات، بۆیە ئەم خۆ سەرقاڵ کردنە بـێ بەرهەمـە، لەسـەرقاڵ کردنـی ئـەو خەڵکانە دەچێت کە لەجەهل‌و دواکەوتندا خـەریك بـوون دەخنکـان، وەختێك خۆیان بـەپێنج‌و شـەش‌و حـەوت چـینی ئاسمانـەوە خـەریك دەکرد‌و واتێگەیشتبوون ئاسمان چین چینە، لەبری ئەوەی خۆیان بەخود ناسیەوە خەریك بکەن، وەکو (خەیام) مانـدوو بـوو پێـوەی، کـەوابوو مـەرج ئەوەنییـە نەتەوەیـەك لەئەدەبـدا داهێنـانی نـەبێت‌و وەکـو

نەتەوەیەکی دواکەوتوو چاو لێبکرێ، بەڵام مەرجە نەتەوەیەك خۆی نوێ بکاتەوەو دەقی سەربەخۆی هەبێ، یان لانیکەم ئەگەر لە ئەدەبیشدا داهێنان نەبوو لەکایەکانی تردا بەرهەمی هەبێت، یەعنی گەلێکی بەرهەمهێن بێت‌و بەر سێبەری نەبێت، چاوەڕێی دەستی خەڵك نەبێت.

**پرسیار: ئێوە باستان لە هەندێك پڕۆسەی کاریگەری ئەدەب‌و لاساییکردنەوە کرد، دەکرێ لەسەر ئەم پنتە زیاتر رابوەستن؟.**

**سمکۆ محەمەد:** پێشتر بە تیژتێپەر باسی کێشەی لاسایکردنەوەمان کرد کە بۆتە گرێیەکی دەروونی، ئەفلاتون باسی لاسایی کردنەوە دەکات لە ئەدەبداو بە داهێنانی نازانێت‌و بە دابڕانیشی نازانێت، بەڵام ئەرستۆ ئەمە بە دیوێکی تردا دەبینێت‌و لاسایی کردنەوە بە هونەر دەزانێت‌و هەندێك لاسایی بە ئیقاع‌و مۆزیکەوە گرێدەدات، لەلایەکی دیکەوە بە کردەیەکی غەریزی تەماشات دەکات‌و بە ئسلوبێکی نوێی دەزانێ. ئەو هونەر بە ئازادی مرۆییەوە گرێدەدات، پێی وایە خەیاڵگەری مرۆیی جگە لە فراوانبوونەوەی ئەم ئازادییە ناچێتە پێشەوە .

بەڵام من وای دەبینم ئەدەب سرووشتێکی گشتگیری هەیە، بەبیانووی ئەوەی کە ئەم کایەیە بەر لەهەر شتێك، سەرەکیترین خەسڵەتی هیومانیستی بوونیەتی لەگەیاندنی مەبەست‌و گوتارو ئیستاتیکا، مەبەستمە بڵێم ئەدەب جگە لەپەیامێکی ناڕاستەوخۆی

شــەرمن بەرامبــەر حاڵەتــەکانو بەتايبــەتی سياســەتو دەســەڵات، شتێکی تر نييەو جگــە لــەوەی چــێژێکە بــۆ ئينســانو هيچــی تــر، بەهەرحاڵ شتێك کە بــەبێ ئاگاهانــە نووســرابێت لاسايی کردنــەوە ناگەيێنێت، چونکە جيايە لەوەی بەئاگاهانە نووسرابێتەوە.

بۆ نموونە دەقەکانی مەحویو مەولــەویو خــانی، نزيکايەتيــەکی زۆريان لەتەك دەقو بيرکردنــەوەکانی حــافزی شــيرازی فــارسو ئــەبو نەواسو تەنانەت دەقە کلاسيکيکيەکانی تــورکيش هەيــە، هــەروەها عــەرەبو ئــەوانی تــر هــەن، ئــەدۆنيس زۆر لەســەر شــيعريەتو کاريگەريەکان قســەی کــردووە، لــەو بڕوايەدايــە دوو جــۆر لاسايی کردنەوە هەيە .

جۆری يەکــەم لاسايی کردنــەوەی خــودە کــە لــەرابردوودا لــەنێو جەرگەی هاوبەشەکانی خۆيــدا بەرهــەمهاتووە، يــەعنی ئــەوەی کــە لەرابردوودا نووسراوە يان وتراوە، بەستايلێکی ترو لەرێگای کيميــای وشەو هۆکارەکانی تری مقەويماتی دەقەوە خۆی نمايش دەکــات، بــەڵام عەرەب لەبەر ئەوە جياوازييان لەگەڵ کورد هەيــە، چــونکە لەپشــت زمانو ئەدەبەکەيانەوە، تێکستی ئايينی هەيە کە ئەگەر لەبەرخاتری دەقە ئەدەبيە داهينەرانەکەش نەبێت، لەبەر خاتری دەقــی قورئانييــە کە لەسەر ئاستی دونيــا ســەرقاڵن پيــوەی، ئەمــەش پشــتگيرييەکی ناڕاستەوخۆی زمانە لەنێو دەقدا، کورد خاوەنی تێکستی ئايينی نييە بەزمانی خۆی.

جۆری دووەمیش لاسایی کردنەوەی ئەویدی یە، لێرەدا دەقەکە دەرەوەی فەرهەنگی خودی دەقنووس دەگرێتەوە، هەردوو لاسایکردنەوەکە رەوایەتی هەیە، سەرسام بوون بەستایلو چەمك گەلێك کە نەك تەنها بۆ ئەدەب، بەڵکو بۆ هەموو کایەکانی تر شیاوەو حەرام نییە، بەو پێیەی کە مەعریفە کەڵەکەبوونو تێکەڵبوونی هەموو ئەو کولتوورانەیە کە سەرجەم کۆمەڵگەی بەشەری لەمێژوودا تۆماری کردوونو بەجێی هێشتوون، کەسێك یان کولتوورێك نییە لەخۆڕاو لەشکڵی قارچكو دۆمەڵان هەڵقولابێت، یان بەبێ ئەوەی ژیانی لەتەك بەشەردا نەکردبێو وەحی بۆ هاتبێ بەزمانێکی تایبەت، بەلام دەتوانین بڵێین کەسێك هەیە توانا فەرهەنگیەکانی خۆی لەدەرەوەی چالاکیە باوەکانی کۆمەڵگە، مومارەسەی کایەی ئەدەبو رۆشنبیری دەکات، ئەمەیان راستییەکی تێدایە، هەموو ئەو فکرانەی کە بوونەتە زەخیرەی ئینسانو کاری پێدەکرێ، لەئەنجامی بیرکردنەوەیەکی بەکۆمەڵە، وەك زەروورەتێك بۆدرێژەدان بەژیانو موڵکایەتی قەبوڵ ناکات، بەلام ئەدیبێك چەکوش کاری تێدا دەکاتو راستی دەکاتەوە بەپێی لۆژیك، ئەمەیە کاردانەوەیەکی تر بەرهەمدێنێ، ئەمە بۆ هونەری فۆلکلۆری کوردیش هەمان مانای هەیە کە خاوەنی خۆیەتیو هەروەها خاوەنی خاڵی هاوبەشیشە لەکاتێکی دیکەدا، ئەگەرچی لۆژیکی ئەدەب، لەگەڵ لۆژیکی زانست جیاوازیان هەیە، چونکە لەئەدەبدا کار بە

تیۆری ماتماتیکی ناکرێت، بەڵام دیسان ئەدەب بۆ خۆی زانستێکە لەرێگای زمانەوەو ناتوانێ یاخی بێت لەشتەکانی تر، رەنگە بتوانێ پێناسەی شتەکان بەمەجاز بکات، مەجاز بەو مەعنایەی بەکار هێنانی زمانی دووهەم، یان پێدانی فرە مانایی بە وشە یان زاراوە یان موفرەدەو هتد کە لەکۆنتێکستی دەقدا جێی دەبێتەوە، ئەو زمانەی کە جیایە لەزمانی قسەکردنی ئاسایی کە هەر کەسێك کاری پێدەکات، بەڵام دیسان دەقنووس رەنگە بتوانێ وشە بتاشێ، هەروەك چۆن ئەم نموونەیە لە کورددا زۆرە، بەڵام ناتوانێ لەو موفرەدانە زیاتر بەکار بهێنێ کە هەر کەسێك بەکاری دێنێ، یەعنی سیستمی نووسین لەئەدەبدا، سیستمێکی جێگیرو جێکەوتە چوارچێوە دارە بۆ بەکارهێنانی ئەو موفرەدە باوانەی کە خەڵکی ئاسایش کاری پێدەکەن، بەڵام تەجاوزکردن لەو سیستمە تەنها لەرێگای تازەگەرییەوەو رزگار بوون لەکلاسیکیەتەوە باشتر دێتە بەرچاو.

باشە ئایا کەس هەیە نکوڵی لەوە بکات، ئەوەی کە ئێستا تەکنۆلۆژیا شتەکانی بەرجەستە کردووە، ئاشکرا کردنێکی نوێیە، وەڵامەکە لەلای من نەخێرە، چونکە ئەوە ئاشکرا کردن نییە، وەختێك ئامرازەکانی گەیاندن لەسەردەمێکدا بانگدان بەکوولەکە بوو، ئێستا لەبڵندگۆی پێشکەوتوو بانگ دەدرێ، وەختێك ئینسان لەکوخو دواتر لەخانووی زۆر سادەدا ژیانی دەکرد، ئێستا لەساختومانی باڵا بەرزو ڤێللای سیحراوی، وەختێك ئاژەڵو گالیسکە هەبوو بۆ گواستنەوەی

پێویستەکانی ژیان، ئێستا بەماشینی پێشکەوتووو میترۆ دەکرێ، وەختێك پێشتر کێلانی زەوی دیسان بەئاژەڵو تەکنۆلۆژیای سەرەتایی بوو، ئێستا بەماشینی خێراو دەیان نموونەی تر، ئەمانە خۆ هەموویان لاسایی کردنەوەن، بەڵام لەپانتاییەکی فراوانترو بەفکرێکی فراوانتر لەدونیایەکی جیاوازتر لەرابردوو کە ڕێژەی ئینسان لەسەر گۆی زەوی بەبارتەقای ئێستا نەبوو ئێستا گەشەی کردووە، هەڵبەت ئەدەبیش هەر وایە، ئیدی ئەوە زەروورەت بوو کە لەهەندێ باردا جۆرێك لەداهێنان لەکەرەستەکاندا کراوە، یان خێراتر کراوە وەکو ئەوانەی کە ئینسان بۆ ژیانی رۆژانەی پێویستی پێیەتی، بەڵام بەگەشەو هەڵدانی تەکنۆلۆژیا هاتۆتە بەرهەم.

دیسانەوە دەڵێم ئەمە دۆزینەوە نییە، بەقەد ئەوەی نویێ کردنەوەو خێرا کردنی هەمان ئامرازە، هەڵبەت ئەدەبیش لەم شتانە بەدەر نییە کە بەشێکن لەپێداویستی یە غەریزیو رۆحیەکانی ئینسان، بۆیە شتێك نییە لەدەرەوەی کاریگەری، تەنانەت ئەو دەقانەش کە وەزیفەی موقەدەسیان وەرگرتووە لەزەینی ئینسانو موناقەشەی دیالیکتیکی لەسەر دەکرێ .

ئێمە دەبێ ئەوەش بزانین کە تەنانەت دەقە ئایینیەکانیش لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازییان هەیەو بەقۆناغی گواستنەوە دەژمێردرێت، واتە شوناس نوێکردنەوە لەرێگەی رۆشنبیرییەوە یان بەهاوچەرخ کردنی ئایین، ئەمە لەئایینی وەسەنیو

میترایی و مەسیحی سەردەمی بەر لەرۆمەکان و ئیسلامیش کە مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە هەستی پێدەکەین، ئەوکاتەی کە جورئەتێك بەخۆمان دەدەین و پرسیارێك دەکەین ئایین چییە؟، ئەوکاتە دەچینەوە سەر کاریگەرییە رۆشنبیری و مەعریفیی و مێژوویی و تەنانەت ئەدەبییەکانیش کە زۆر کەڵکی لێوەرگیراوە، چونکە رۆشنبیری کۆمابوونی مەعریفی گەلانەو دواتر پەرت بووەو لەشوێنێکدا بەشێوەیەك بووەو لەشوێنێکی تردا فۆرمێکی تری وەرگرتووە، هەرئەوەی لەتەنیشت خۆمانەوە واتە لەتەنیشت کوردستانەوە کە ئێرانە، چەند کاریگەری رۆشنبیری دەبینین لەسەر ئایین و ئاینیش بەپێچەوانەوە چەند کاریگەری هەبووە لەسەر ئەدەب، ئەوکاتەی کە ئەسکەندەری مەکەدۆنی ئێران داگیر دەکات رۆشنبیری یۆنانی جێدەهێڵێ، بەپێچەوانەشەوە کە ئێران یۆنان داگیردەکات رۆشنبیری جێدەهێڵێ، ئەمە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانلییەکانیش هەروایە کە هاتونەتە وڵاتانی عەرەب دونیایەك موفرەدەی تورکیان جێهێشتووەو تائێستا کاری پێدەکرێ و بەپێچەوانەشەوە کە رۆیشتوونەتەوە کەوتونەتە ژێر کاریگەری زمانی قورئانەوە، بزانە کاریگەرییەکە جیاوازی هەیە چونکە لەوڵاتانی عەرەب تێکست هەیە، ئەمە زۆر کۆمەکی بەزمانی عەرەبی و ئەدەبی عەرەبی کردووە، بەڵام بۆ فارس وانەکەوتۆتەوە .

ئێستا ئیتر بەشی دووەمی موناقەشەکەم ئەوە دەبێت کە چۆن پێناسەی کاریگەری بکەین لەنێو ئەدەبیاتدا، ئەوەی کە باسی دەکەم ئەنجامی گفتوگۆیەك بووە، کاتێك شتێکمان لێون بووەو بۆی دەگەڕێین‌و دواتر دەیدۆزینەوە، ئەمەش ناکاتە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی گەلان، هەرئەوەی کاتێك کە شتێکی نامۆ دەچێتە شوێنێك، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەپاش خۆی جێدەهێڵێ، دەقەکانی بۆدلێرو مالارمێ‌و ئۆکتافیوپاس‌و مایکۆفیسکی‌و شاعیرانی عەرەب‌و فارس‌و هتد کە هێندە زۆرن‌و ناتوانین ناویان ریز بکەین، شتێکی داهێنەرانە نەبوون بۆ ئێمە، چونکە داهێنان هێشتا پێناسە تەواوەکەی نەبۆتە جێگەی قەناعەتی ئەدیب، ئایا هەموو ئەو دەق‌و ئەدیبانەی خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرن ساڵانە، هەموویان داهێنانن، وڵامەکە لەلای من نەخێرەو نموونەش زۆرن، بەڵکو بینییان شێوەیەك بوو لەئاگادار کردنەوەی ئێمە کە لەرابردوودا ونمان کردبوون‌و بۆی دەگەڕاین، خۆ ئەگەر مەیلێك هەبێ ئەم بۆچوونە رەتبکاتەوەو ئەلتەرتانیڤێکی باشتر پێشکەش بکات، وەکو ئەوە وایە مێژوو پشتگوێ بخات‌و لە سفرەوە دەستپێبکات، یان پنتێك لەپنتەکانی ئەدەبی گەلان پەراوێز بخات کە لەدوای رێنسانسەوە رۆشنتر خۆی مەترەح کرد، ئەمەش وەکو ئەوە وایە پشتە رابردووەکان بسڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەم چاو نوقاندنە لەئاست دەسەڵاتی دەقدا کە لەسەر وەختی خۆیدا زاڵ بووە، وەکو ئەوە دێتە بەرچاو کە شەپۆلی

دەریایەك دابڕینین لەهێزی سەرچاوەکەو تەوژمی ئاوەکە کە ئەمـــەیان شتێکی فیزیکیە، یان باشتر بڵێم، وەکو ئــەوە وایــە پۆشــاکی ئێســتا دابڕینین لەو پۆشاکە سەرەتاییانەی کە تەنها بۆ داپۆشینی جەســتەی ئینســـان درووســـت دەکــرانو دوور بـــوون لەئیســـتاتیکا، مۆدێـــلو تەقیلیدیەت یەك شــتن، بــەڵام لــەدوو دۆخــی جیــاوازو دوو ســتایلی جیاواز، باشە ئەگەر لەستایل چووینە دەرێ، دەتوانین بڵێین جەوهــەری شتەکان جیاوازن، جگە لەو سـیاقەی کــە خــۆی لــەفۆڕمێکی تــردا بینیوەتەوە.

**پرسیار: کاتێ هەر دەقێکی بیانی نموونەی سوپێهری یان بورخیس یان کافکا..هتــد، ئەخوێنینــەوە یەکســەر شوناســە نەتەوەییەکــەی ئەناسینەوە، کەوابێ ئێمە باسی ئەدەبێك ئەکــەین، باســی شــوناسو ئەدرەس ئەکەین، دەکرێ ئەو پرسیارە لــەخۆمان بکــەین کــورد بــەم هەموو تێکستەی کە هەیــەتی نــەیتوانیوە شوناســی خــۆی لەگــەڵ ئەوانی تردا جیا بکاتەوە، ئایا ئێستا کاتی نەهاتووە لێرە بەدواوە بــۆ ئەوەی رێگری لەو گرفتە بکەین، هەوڵەکان پێچەوانە بکرێتەوە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** باشتر وایە لە تەکنیکەوە دەست پێبکــەم، ئەگــەر ئەدیبی ئێمە پێشتر ئابلۆقەدراوی تەکنیکی کلاســیکی بــوو، ئەگــەر ئەدیبی ئێمــە پێشــتر زمــان یــەکێك بــووە لــەرێگرەکانی گەیانــدنو ناســـاندنی بـــەدەرەوەی خـــۆی، ئەگـــەر ئەدرەســـی نەتـــەوەیی کـــورد نەگەیشتبووە گەلان، ئێستا ئیتر ئەو دەقانەی کە بــۆ زمانــەکانی تــر

وەردەگێڕدرێن، سەروەختو قۆناغەکە ناچارمان دەکات خەریکبین هاوشانی ئەدەبی گەلان دەستاودەستی پێبکەین، وەکو پێشترو لەشوێنی تر باسم کردووە، کردنەوەی ئەو دەرگایەی کە بەروومانـدا کراوەتەوە کە ئەگەرچی زۆر درەنگە، جا چ سیاسەت بێت یاخود سیستمی بازاڕ بێت، یان هەر گەمەیەکی تر، بەبێ ئەوەی کورد بەخۆی بزانێ خەریکە دەچێتە ئاستە بەرزەکانەوە، ئەمە پیاهەڵدان نییەو باسی کەسیش وەکو نموونە ناهێنمەوە، چونکی تاکی کوردی بەئاسانی ئەمە وەرناگرێ، بفەرموو تەماشای ئەو کاراکتەرە کوردانە بکەن کە پۆست وەردەگرن لەپەرلەمانەکانی دونیا، تەماشای تیپی تۆپێن بکەن چۆن دەگەنە شوێنێکی تر، تەماشای شارەزا لەبارەکانی فەرهەنگیو زانستێکدا بکەن لەئاستی دونیا کە کوردنو هیچیان کەمتر نییە لەبیانی، بەڵام کە باسی (بۆرخیسو چیخۆفو مەکسیم گۆرگیو یەسەنینو باسترناك) دەکەین یەکسەر ئەدەبی روسی دێتەوە یادمان، کە باسی دانتی دەکرێت ئەدەبی ئیتاڵیاو باسی کافکا ئەدەبی ڤییەنناو مالارمێو بۆدلێریش فەرەنسیو گۆتە ئاڵمانیو نازم حیکمەت تورکو نەجیب مەحفوز واتە میسرو بوزورگی عەلەویو ئەحمەدی شاملۆو سوپێهری یەعنی فارسو لەدونیای عەرەبیش هەژمار ناکرێتو هتد، ئەمانە هەموویان سەلمێنەری ئەوەن کە ئەدەبیش لەهەوڵی جدیدایە بۆ پەیداکردنی شوناسی نەتەوە کە لەدەرەنجامدا ئەدەب بۆ ئینسانە، بەڵام ئەگەر بەتەواوەتیش نادیدەی

بگرین هەر زمان شوناسەکە دیاری دەکات، دەبێ ئەوە بزانین ئیتر لێرە بەدواوە بۆ ئەوەی رێگری لەو کاریگەرییە بکەین، هەوڵەکان دەبێ پێچەوانە بکرێتەوە، مەبەستم ئەوەیە دەقی بیانی چیتر پێویست ناکات بکرێن بەکوردی بەبارتەقای جاران، بەپێچەوانەوە کاتی ئەوە هاتووە کە دەقی خۆماڵی وەربگێردرێتە سەر زمانەکانی تری لانیکەم فارسیو عەرەبیو تورکیو ئینگلیزیو هتد، ئەمەش بە پرۆژە ئەکرێت، هەروەها ئەبێ دەقی دانسقە وەربگرین نابێت هەر دەقێکی کوردی وەربگرینو وەریگێڕینە سەر زمانەکانی تر، لەکاتێکدا ئەدەب ئامانجێکی هیومانیستی هەیە، بۆیە قسەکەی من لێرە رەهەندی ناسیونالیزمی نییە، بەڵکو لەسەر ناساندنو شوناس وەرگرتنی دەقە.

سەبارەت بەئەدەبیش کە هاوشانی ئەوانی تر کە فەرهەنگی میللەتێکەو بەیەکێك لەتواناکانی گەلێك دەژمێردرێت، وەکو نەزار قەببانی دەڵێت" لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعر، لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ئەو خۆڵەمێشەی کە ئاگر لەپاش خۆی جێی دەهێڵێ" چونکی دەقی ئەدەبی بەر لەوەی تەنها نووسین بێت، ئاگرێکە لەپاش دامرکانەوەی شوێنەوار جێدەهێڵێ، ئەدەبی کوردیش ئاگری لەوجۆرەی درووست کردووە، بەڵام کە دەنگوباسەکەیو گەرماییەکەی نەگەیشتۆتە دەورو پشتی، ئەمەیان نەزمێکی سیاسی خولْقاندوویەتی، چونکی ئەدەب کردەیەکی دیالیکتیکیەو زمان گەمەی تێدا دەکات، ئەو دەرفەتەی

ئێستا لەبەردەستدایە، ئەگەر چەند ساڵێك لەمەوبەر هەبوایە، شانسێکی ترمان دەبوو، ئەمەش تەنها بۆ ئێمە نەبووە، بەڵکو زۆر لەگەلانی تر بەم قۆناغەدا تێپەڕیون لەوانەش ئەمازیغیەکان، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەدەبی کوردی نەناسراوە تاکو وەکو ئەدەبی گەلان بچێتە نێو ئەلبومی نێونەتەوەییەوە، کەمتەرخەمییەکە ئەوەیە کە تاکو نیو سەدە بەرلەئێستا ئێمە پێویستمان بەوەبوو کە ئەدەبی گەلان بناسین‌و وەریگێڕینە سەر زمانی کوردی‌و ئاشنایەتی پەیدا بکەین، بەڵام ئێستا فەزاکە بەگشتی لەخزمەتی زمانە مردووەکاندایە ئەگەر گەرەکیان بێت، ئیدی بۆچی ئەم هەموو زمانزانە لەکورددا هەیە، کەچی دەقێك ناکرێتە فارسی یان عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و فەرانسی‌و ئیسپانی‌و هتد، ئەمە ئەگەر کەمتەرخەمییەو خاوەنی دەزگایەك نیین، ئەدی ئەو غیرەیە چییە ئەدیبی کورد لەگەڵ یەکتر هەیانە، بۆچی ڕێگرییەکی ئەخلاقی نابێتە جێگەی ئەو تێگەیشتنە کلاسیکییە داخراوە، ئەگەر بڕیارە ئێمە خاوەنی دەقی خۆمانین، ئەگەریش بەپێچەوانەوەیە بۆچی باسی جیهانگەرایی دەکەین، خۆ جیهانگەرایی تەنها ئەوەنییە ئێمە بەهرەمەند بوین لەکەرەستەی تەکنۆلۆژی، بەقەد ئەوەی پێویستە کەڵکیان لێوەرگرین‌و بچینە نێو فەزا گشتیە نێودەوڵەتیەکەوە، خۆ عەرەبیش جگە لە ئەدەبی جاهیلی، هەر بەتەنها بەقەد کورد خاوەنی دەقی کلاسیکین، ئەدی بۆچی ئەوان کتێبخانەو سەرخانی خۆیان دەپارێزن‌و

دەوڵەمەندی دەکەن، کورد بۆچی خۆی کۆناکاتەوە، بۆیە پێموایە هەتا دەقی کوردی نەکرێتە زمانە زیندووەکانی جیهانو ریکلامی بۆ نەکرێتو نەگاتە دەستی خوێنەری رۆژئاواو عەرەبو فارسو تورکو هتد. ئەدەبی کوردی ئەو شوناسە جیهانییە وەرناگرێ.

**پرسیار: ئەو فەوزایەی نێو ئەدەب درووست بووە، کە بەتایبەتی رۆمان نووسین بۆتە دیاردەو هەر نووسەرێك ئەگەر رۆمان نەنووسێت نە دەناسرێو نە دەزگاکان کتێبیان بۆ چاپ دەکەن، ئایا ئەمە سرووشتییەو ئاساییە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** یەکێك لەو پرسیارانەی کە لەپێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن دەزگا چاپەمەنییە عەرەبییەکان لەمن کرا، گووتیان ئەرێ کورد بۆ تەنها رۆمان دەخوێنێتەوە؟، ئایا ئێوە پێویستیتان بە فکرو لێکۆڵینەوە نییە؟، لەراستیدا پرسیارێکی شەرمهێنەر بوو بۆمن، وڵامەکە بۆمن قورس بوو، چونکە پرسیارەکە پێش ئەوەی لەلای ئەوان بێ، من لەمێژە ئەم پرسیارەم ئاراستەی دونیای ئەدەبی کوردی کردووە، بۆیە دێمە سەر ئەوەی کە بۆچی رۆماننوس زۆربوونو بۆچی دەزگا بەناو چاپەمەنییەکان تەنها ئەو چالاکیە دەزانن، هەڵبەت کێشەی هەرە گەورەی خوێنەری زمانی کوردیو زمانەکانی دیکەش، ئەوەیە کە گرینگی بەئەدەبێك دەدات کە تەنها گێڕانەوەو حیکایەت بێ، ئەمە بونیادی رۆشنبیری کوردییە لەکۆنەوە تائێستا واهاتووە، هەروەها ستایڵی ئێستا دیارە کە دونیای

دەرەوەی خۆمان کاری پێدەکەن، ئاساییە کەسێك بێتو دەستبداتە نووسینەوەی یادەوەرییەکانی بەشکلێکی ئەدەبیو ناوی رۆمانی لێبنێت، هەروەها بیرکردنەوە لەخاوەنداریێتی ستایل نەبۆتە خەمێکی ئەدەبی تاکو ئەدەبەکە بەروارد بکرێ، ئەو زەمینەیەش لەبارە کە چەند کەسێك بەبێ باگراوندێکی رۆشنبیریو ئەساسیاتی خوێندن لەهەموو کایەکان، کراون بە خاوەن دەزگاو کتێب چاپ دەکەن، ئەوان چونکە لانیکەم تەنها رۆمانیان خوێندۆتەوە، بۆیە ئاسانە هەم خوێنەر سەرقاڵ بکەنو ئاراستەی بکەن، هەم بەرپرسیارێتیەکەش کەمترە بۆ چاپ کردن هەڵبگرن، بەوپێیەی بەرپرسیارێتی فکری قورسترە لە ئەدەب بەگشتی، بۆیە کێشەکە تادێت فراوانتر دەبێت کە من پێموایە ئەمە تەمەنی کورتە، بەڵام لەپەنا ئەمەشدا کۆمەڵێك خوێنەرو دەزگای دیکەش هەن کە گرینگی بە فکرو ئەدەبی رەسەنو جوانو بەتوانا دەدەن، لەمە ترسناکتریش ئەوەیە کە ئەم خوێنەرەی ئێستا بۆتە کۆیلەی رۆمان خوێندنەوەو هیچی تر، ئەگەر پەشیمان بکرێتەوە یان بەرچاوی روون ببێتەوە، بەلایەنی کەمەوە بەشی زۆریان لەخوێندنەوە پاشگەز دەبنەوە، چونکە دەردەکەوێ کە ئەوان بە ئەنقەست ئاراستەکراون، هەڵبەت ئەوانیش بۆ تۆڵە سەندنەوە لەم فەزا خولقێندراوە دوور دەکەونەوە لە خوێندنەوە، ئەمە شێوەیەکی دیکەی هاندانی خوێنەرە بەرەو خوکوشتن، مەبەستم لە خۆکوشتن ئەوەیە لەئەدەبو فکر بتۆرێنو دوور بکەونەوە.

هەموو دونیا بەپێی
فەلسەفە ریفۆرم و
سیاسەت بکات،
چەوسانەوە کۆتایی
پێ نایەت.
بەردەوامبوونی
ململانێ لەگەڵ هێزی
گەورەتر لەمرۆڤ،
ستایلێکی تری
خۆکوشتنە.

**پرسیار: وێڕای ئەو چەندین کتێبە ئەدەبیو فیکریانەت کە بەچاپت گەیاندوون، پێم وابێ کتێبت ئامادەیە بۆ چاپ لەبارەی یادەوەرییەکانتەوە، باس لە چالاکیەکانی خۆت دەکەیت بەناوی شکست، تێیدا ئاماژەت بە ئەزموونی ڕۆژنامەوانیو ئەدەبو فیکرو بزوتنەوەی چەپ..هتد کردووە، وێستگەی ئەزموونی سیاسیت چۆنو لەکوێوە دەستی پێکرد؟.**

**سمکۆ محەمەد:** هەڵبەتە من پێشتریش هەر خەریکی خوێندنەوەو نووسین بوومە ، لەپەنای سیاسەت، کاری ئەدەبیو رۆزنامەوانیشم کردووە، رۆژنامەوانیش تەنها بۆ ئەوەبوو کە رووبەرێك بۆ ئازادی فەراهەم بکەم، وەکو ئەوەی بڕوام بە بەمانا فراوانو رەهەندە فکرییەکەی ئازادی هەیە، بەڵام ئەوەی کە ویستومە هەموو شتەکان ببەمەوە سەر سیاسەت، بەرمەبنای ئەوە بووە کە لەژێر کاریگەری قوتابخانەی ماتریالیزمی دیالیکتیکی بووم، لەوێشەوە سیاسەتم وەك هونەرێك لەبەرچاو گرتو گرنگیم پێداو بوو بەیەکێك لەئەولەویەتی کارو بیرکردنەوەی من، جگە لەمەش نەوەی ئێمە هەم نەوەی بەرهەمی جەنگ بوو ژیانی لەگەڵ ئەو جەنگانەدا بوو کە بەناچار

دەژیاو بوو بەسیاسی، هەم بۆخۆی بارگاوی ببو بەسیاسەتو هەروەها ژیانو چالاکی شێوەیەك بوو لەهەڵوێست، چونکە قۆناغە ئەو ستایلە ژیانـــەی دەخواســـت، هەڵبـــەت لەبـــەر ئـــەوەی ژیـــانی سیاســـیو کۆمەلایەتیو ئابوری ئێمە جیاوازی هەبوو لەو فەزایەی کە بۆ گەنجی دوای هـــەزارەی ســـێهەم رەخســـاوە، بـــۆ نموونـــە مەســـەلەی هـــاتنی تەکنۆلۆژیای بەپەلەو بەهرەمەندبوونی گـەنج لەهـەموو بوارەکـانو چاوکرانەوەیان بەڕووی دونیا، لەمەش بـترازێ رەنگـە هەنـدێ کـەس لەنـــەوەی ئێمـــەش هـــەبوون دووربـــوون لەسیاســـەت، بـــەلام ئـــەوە تێگەیشتنی منو هاوڕێکانم بوو کـە ئینســـان لـەدەرەوەی سیاســـەت ناتوانێ هـیچ شـتێك بکـات، چـونکی ئـەوە ئێمـە نـیین سیاسـەت هەڵدەبژێرین، بەڵکو ئەوە سیاسەتە پەلکێشمان دەکـاتو ناچـارمان دەکات یاری تێدا بکەین، بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەنـدیی راسـتەوخۆو ناراستەوخۆی بەواقیعی ژیانی ئینسانەوە هەیە، مـومکین نییـە دوور کەوتنـەوە لێـی، بـەم پێوەدانگـەش بێـت تێدەگـەین کـە سیاسـەت پانتاییـەکی گـەورەی داگیرکـردووە لـەژیانی ئینســاندا، مــن لــەم راستایەدا لەنێو هاوتەمەنەکانی خۆمو ئەو نەوەیـەی کـە لەگەڵمـدا ژیاوە، وەك کەسێکی جیا لەوان بیرم کرددۆتەوە، ئەمەش بووە مایـەی سەر ئێشە بۆمو چەند جار لەسالانی هەشـتاکانو نـەوەدەکان لەسـەر سیاسەت زیندانی کراوم لەسەردەمی بەعسو لەدوای راپەڕینیشـەوە، بەلام بۆمن مایەی خۆشحاڵی بووە، چونکی توانیم دوورتر رەهەندەکان

دیاری بکەم لەهەر شتێك کە بمەوێت قسەی تێدا بکـەمو ئـەزموونی بکـەمو کاڵفامانـە بـە دروشمـی بریقـەدار هەڵنەخەڵـەتێمو لـەخۆڕا بەیعەت بەکۆبوونەوە فۆڕمخوازییەکان نەدەم، بەشێکی دیکەی ئـەوەی من ئارەزووم کردووە هەم سیاسیو هـەم ڕۆژنامـەنووسو نووسـەر بم، ئەوەبوو کە خەڵکی شارێکم هەمیشە لەکێبەرکێی جیـاوازدا ژیـاوە، مەبەستم لەشاری کەرکوکە، سـابا ئـەو کێبەرکێیـە ناسیونالیسـتی بێت، یان ئینتەرناسیونالیستی. هەڵبەتە پێشتر ناکامـڵ بـووم، ئـەو پێکـەوە ژیـانو جیـاوازی قبوڵکردنـەی کـە ئێسـتا خـەریکم بـیری لێدەکەمەوە، ئەوکات وەها نەبووم، ئێسـتا بەلەبـەر چـاوگرتنی ئـەو میتۆدە فکریانەی لەئەورووپاوە گەیشتونەتە ئێمە یارمـەتی داوم کـە وردتر لەجاران بیر بکەمەوە، بەم شکڵە هەوڵمداوە ئەو کتێبانەی کـە لەبارەی یاسای سیاسەتو زانستی سیاسیدا هەیـە کـەڵك وەربگـرمو جیایان بکەمەوەو کەمێك دوور بکەومەوە لە کاڵفامیو بـیری خـاو، یان وەهمی سیاسی مـۆدێرن، هـەر بۆیـە بەشـداریم لەدامەزرانـدنی چەند گروهێکی سیاسی کردووەو چالاکیش بووم، پێشم وابووە ئەگـەر ڕۆشنبیری بەش بەش بکەین سەرەنجام لـەنێو سیاسـەتدا کۆدەبنـەوە، هەڵبەت بەلەبەرچاو گرتنی ئەو هەلومەرجەبوو کە سۆڤیەت لەئارادا بوو کێبەرکێی دوو سیستمی سیاسیو دوو جەمسەری ژیانی سیاسـی لەنێو کۆمەڵگەکاندا، ئەو باوەی وەرگرتبوو، ئـەوکات گـەنج لـەنێو گروهەکانی کۆمەڵەو مارکسییەکان پەیوەنـدییان دەگـرتو منـیش

یەکێك بووم لەوکەسانەی بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئایدیۆلۆژیا دەقەکانی مارکسمو ئەنگلسو بیرمەندەکانی دیکەم دەخوێندەوەو ئیلهامم لێوەردەگرتن، ئەمەش بەو پێوەدانگەی کە لەبیری ئەرستۆو دواتریش ماکیاڤیلیو کانت هەبوو، چونکە بۆم دەرکەوت کە دوو ئاراستەی فکری هەیە لەسیاسەتدا، فکری ماکیاڤیللی یە بەپێی ئەخلاقی کار ناکات، هەرچی فکری کانتی یە کە بریتییە لەپەیوەست بوون بە ئەخلاقەوە، بۆیە ئەوەی ئەو دوو بیرمەندە لەیەکتر جودا دەکاتەوە، تەنها چەمکی ئەخلاقە لەسیاسەتدا، بەهەرحاڵ بیری پۆستمۆدێرنە ئەگەرچی کاریگەری لەسەر من نەبووە، بەڵام بەخوێندنەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرتو پاش فرانکفۆرتییەکانو هاتنی رەوتی فکری لەلایەن ئالان تۆرینو ئالان بادیۆو پیتەر برۆکەرو هتد، تەواو بەم بیرمەندە مۆدێرنانەوە سەرقاڵ بووم، تاکو تێبگەم بەدیماگۆجیەت قسە نەکەم، چونکە ئەم زاراوەیە لەساڵانی هەشتاکانو نەوەدەکان زۆر باو بوو، بەتایبەتی بە مارکسییەکانیان دەگوت خاوەن بیری دیماگۆجی، منیش هەوڵمداوە ئەوە بزانم بۆچی سیاسەتو سیستەمەکان هەوڵی ریفۆرم دەدەنو کەڵك لەبیری ئینتەرناسیۆنالیستی وەردەگرن، تاکو منیش لەرووی فکرییەوە کەڵك لەوە وەربگرم لەدوالیزمەکان کە بیرمەندو پێغەمبەرەکانی مێژووی کۆمەڵگەی بەشەریو بیر لەوانە بکەمەوە، لەوە تێگەیشتم کە

**ڕۆشنبیری کەڵەکەبوونی مەعریفەو ترادسیۆنەکانی کۆمەڵگە بووە لەمێژودا .**

**هەموو ئەو بیرمەندو ئەو چەمکانەی لەسەرەوە باسم کردن، هەمیشە کاریگەریان لەسەرم داناوەو لەگەڵمدا هاتوونو گەشەیان کردووە، بەلاّم سەر بەیەك قۆتابخانەی بیرکردنەوە بوومەو لەدڵەڕاوکێدا نەژیاوم، ئەویش بیری ماتریالیزمییە، ئەوەش کە بەدەوری ئارەزووەکانی خۆمەوە نەبوومو خەریکی بیرکردنەوە بووم لەسیاسەت مەنفەعەتی گشتیم زیاتر لەبەرچاو دەگرت، لەوەی مەنفەعەتی خۆم لەبەرچاو بگرم کە ئێستاش وەها بیردەکەمەوە، سەرەتای گەنجێتیشم هاوڕێکانم هاندەدا کە دەسەلاّتەکان ئەوەیان دەوێت گەنج ڕوو لەسیاسەت نەکەنو هەرزەکارانە هەڵبسوڕێت، ئەمە لەسیاسەتی بەعسدا بەڕۆشنی دەرکەوتبووو هەوڵی دەدا هەرچی زیاتر گەنج لەسیاسەت دوور بخاتەوە بەبیانووی ئەوەی بەدەوری ئارەزووەکانی خۆیانەوە بن نەك سیاسەت، ئێستاش دەسەلاّتەکانی دونیا هەمان بیرکردنەوەیان هەیەو پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکرێت لەنێو بەناو ڕۆشنبیراندا، یان بە بیری لۆکاڵیو وەرزشو تەکنۆلۆژیای نوێو بە فیلمی ئاکشنو هتد خەریکیان دەکەن، ئەمە سەرەقەڵەمی مێژووچەی منە لەنێو سیاسەتو ئەدەبو ڕۆژنامەوانی.**

**پرسیار: باشە بەوپێیەی تەمەنێکت لەناو فیکرو سیاسەتدا گوزەراندووەو دەکرێ بڵێین هەر بەو هۆیەشەوە ناوبانگتان**

**پەیداکردووە، دەمەوێ بپرسم دوای هاتنی مۆدێرنە پەیوەندیی ئایدۆلۆژیاو فەلسەفە چووە چ ئاستێکەوەو تا چەند لە خزمەتی یەکتر بوون؟.**

**سمکۆ محەمەد:** بائەوە لەبیر نەکەین کە لەبەردەماندا مێژوویەك هەیە پێمان دەڵێت" لەهەر سەردەمێك و قۆناغێکدا شێوەیەك مامەڵە کراوە لەتەك ئینساندا". مەبەستم لەقۆناغە یەك لەدوای یەکەکانە، کەڵك وەرگرتن لەم نەسیحەتە فکرییە لەوێدایە کە قۆناغەکانی کۆمەڵگەی بەشەری راستییەکی هاشا هەڵنەگرە، قۆناغەکانی دایك سالاریو کۆیلەیەتیو فیودالیزمو دواتریش لەکێبەرکێیەکی بەردەوامدا هاتنی سیستمی سەرمایەداریو ئێستاش سیستمێکی نوێی پۆست سەرمایەداری بەردەوامی بەم شێوە سیاسەتە داوە. بەلاّم ئەوەی کە(فۆکۆ یاما) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت" مێژوو کۆتایی پێهات" لەراستیدا ئەم موناقەشەیە هێگڵ لەسەردەمی خۆیدا کردیو پاشان مارکس هاتو رەخنەی لەو دیالیکتیکە گرتو گوتی" ئێمە کەڵکمان لەدیالیکتیکی هێگڵ وەرگرت، بەلاّم ئەو میتۆدە لەسەر سەر راوەستابوو، ئێمە هاتین لەسەر پێی خۆی رامانوەستان"، دواتر لەسەر فەلسەفەی سیاسی قسەیەکی دیکە دەکاتو دەڵێ" ئێمە کارمان ئەوەیە دیالیکتیك بیخەینە سەر پێی خۆی کە ئەمە کاری فەلسەفەیەو پێشتر فەلسەفە ئەم وەزیفەیەی وەرنەگرتبوو، بۆیە ئێمە ئەوەمان زیاد کرد کە فەلسەفە

کاری گۆڕینی واقیعی ژیانە، نـەك وێنـاكردنی كارەكـانی رابـردوو"، هەر وەك ئەوەی بۆ سەلماندنی بیانووەكەی گوتی" مێژوو لەسەر پشتی رابردووەكان راوەسـتاوە" ئەمانـە وتـەی فەلسـەفی ماركسـنو هـیچ رۆشنبیرێك ناتوانیٚ نكوڵی لێبكاتو كەڵكیشـی لێـوەرگیراوە، جگـە لەوەش فۆكۆ یاما مردنی مرۆڤی لەفەلسـەفەی نیچـەوە وەرگرتـووەو هەڵاوگێڕی كردۆتەوە، جگە لەمانە شتێكی نوێی نەگووتوە، ئـەلێرەوە تێزەكەی فۆكۆ یاما هەڵدەوشێتەوەو ناتوانیٚ جێكەوتە بێت، بۆیە من ئەو پێشەكیەم هێنایەوە بۆ دوالیزمییەتی ریفـۆرم یـان توندوتیـژی، لەبـەر ئـەوەی ئایـدیۆلۆژیاش لـەو سـەروبەندەدا كـە پێشـتر كـار بەئایدیۆلۆژیا دەكرا، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، خراپ كـەڵكی لەفەلسەفە وەرگرتووەو كردوویەتی بەجۆرێك لەئایین، هەر بۆیە مـن لەو بڕوایەدام ئەگەر هەموو دونیا بەپێی فەلسەفەش ریفۆرم بكـاتو بەفەلسەفە سیاسەت بكات، بەپێچەوانەوە چەوسـانەوە كۆتـایی پـیٚ نایەت، بەشێكیشی ئەو ئیشكالیاتەیە كـە مرۆڤـی ناچـار كـردووەو پاشان پاشگەز بێتەوە لێی، مادام ئێمە لەبەردەم مەوقیعەتێكی سـیٚ جەمسەرین واتە (پێش رووداو، كاتی روداوو، پـاش رووداو)، كەواتـە دانانی ئەم زەمەنە ئەزموونمان بۆ دەكاتە سەنگی مەحـەك، لێرەوەیـە نیازمان بەلێكۆڵینەوەیەكی سیاسییە كە لەقوتابخانەی ماتریالیستی دیالیكتیكدا زیاتر كاری لەسەر كراوەو رۆشنتر كراوەتەوە، هەر لەوەی كە ئەم بیرە پیٚ لەسەر هیومانیزم دادەگرێـت، واتـە جێكەوتـەكردنی

بیری مرۆڤدۆستی لەبەرامبەر بیری توندڕەوی مەرگدۆستی، ئەمەیە فەلسەفەو فکر ئەگەر خۆ کوشتنیش هەڵبژێرن، ناهەق نییە، چونکە بەردەوام کردنی ململانێ لەگەڵ هێزی گەورەتر لەمرۆڤ، ستایلێکی تری خۆکوشتنە، ئەمە بەرمەبنای فکری مارکسە کە موناقەشەی ئینترۆپۆلۆژیاو کۆمەڵناسی کردووە لەسەردەمی ئەبیقۆرسەوە تاهاتنی تیۆری نوێ بۆناو کایەی سیاسەت، لەوێوە تێدەگەین کە دابەشبوونی ئینسان بەسەر کۆمەڵگەی جیاوازو نەتەوەو مەزهەبی جیاوازدا، یان ئەو نەریتەی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە، یان ئەوەی مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ سرووشتدا ململانێ دەکات، یان هەوڵی بێهودەی ئینسانو رزگاربوون لەمەرگ، بەشێك لەو موناقەشانەیە کە هەمیشە لەنێو فکردا جێگەیان دەبێتەوەو کۆتاییان پێنایەت، هەموو ئەمانە ئایدیۆلۆژیا سنووری بۆدانا و فکری لەو بابەتانە قەتیس کرد، ئەمە جگە لەوەی فکری موزەیەف ئەو دونیابینیانە دەیگۆڕێت بەئاراستەیەکی دیکەدا دەیبات، ئەگەر خوێنەر هۆشیار نەبێت ئەو کێشانە دەدۆزێتەوە کە ئایدیۆلۆژیا چ زیانێکی گەیاندووە، ئەمەش مێژوو لەگەڵ خۆیدا باریهێناوە.

بۆیە کەس ناتوانێ (ئیتنیك، مەزهەب، ترادیسیۆن) بەگشتی لەبیری ئینساندا وەدەرنێت، کەوابوو مێژوو شتەکانو دیاردە جیاوازەکان دیاری دەکات، ئەو بەش بەش کردنەی ئینسانیش راستییەکی هاشا هەڵنەگرە، ئەگەرچی هیگڵ مێژوو وەها پێناسە

دەكاتو بەكوڕی زەمەنەكەی خۆی لەقەڵەمدەدات، بەڵام لەشوێنێكی تردا دەڵێت "ئەوەی كە لێوەی فێر نابین خودی مێژوو خۆیەتی" بەڵام ماركس ئەم ئیشكالیاتەی لەبیری ئینسانندا رزگار كردو وەڵامی پێدایەوەو دواتر حەتمیەتی بۆدانا، ئەم بەراوردكارییە بۆ من زۆری قازانج كرد، من پێموایە یەكێكە لەئیشكالیاتە فەلسەفیەكانی ماركس بۆمێژوو لەوەی مەرگ بۆ سەرمایەداری دەداتە دەست خودی سیستمەكە خۆی كە ئێستا ئیتر دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك زیاتر وەها دەرنەچوو، ئەو لێرە كە باس لەبیری سۆسیالیزم دەكات بەوە گرێیدەدات كە نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی‌و چینایەتی سەرەتا لە نەهێشتنی نەتەوەی سەردەست بەسەر نەتەوەی ژێر دەستەوە هەڵدەوەشێنێتەوەو ترادیشنەكان وەكو خۆی تەماشا دەكات كە هەندێ لەبیرمەندان خراپ كەڵكیان لەكۆمۆنیزم وەرگرتووە، گوایە ماركسیزم‌و سۆسیالیزم دژی نەتەوەخوازیە كە بەبڕوای من پێچەوانەكەی راستە، ئەگەر ئەو باسەی ئێستا دونیای سەرقاڵ كردووەو ناوی كۆڤید ١٩یە، گرێی بدەم بە ستایلێكی تری كۆمۆنیزم كە دەستكردی خودی سەرمایەدارییە، هەڵەنیم، چونكە ئەو حەتمییەتە مێژووییەی كە ماركس‌و ماركسییەكان باسیان دەكرد، گوایە سەرمایەداری رۆژێك دێت خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەكەنێ، ئێستا سەرمایەداری هاوچەرخ بەناچار بۆ ئەوەی خۆی رزگار بكات لەو حەتمییەتە، خەریكە خۆی پراكتیكی دەكات بەسەر گرووپە

بچووکەکانی خوار خۆیەوە، بۆ ئەوەی تەمـەنی درێـژبێتو بمێنێتـەوە وەکو تارمایی، هەڵبەتە ئەمە پێویستی بە ئارگۆمێنتی نـوێ هەیـە تاکو وڵامی پرسـیارەکەی دوای ئەمـە بدرێتـەوە بۆچـی خـۆی خـۆی دەکوژێت، بەوپێیەی کە سەردەمی ئێستا، سەردەمی ئارگۆمێنتە بـۆ ئاشکراکردنی تەکتیکی سیاسی پۆست سەرمایەداری هاوچەرخ.

**پرسیار: وتەیەکی دینیس دیدیرۆ هەیە کە دەڵێت" پێشترو نەبووە فەیلەسوفێك پیاوێکی ئایینی بکوژێت لەکاتێکدا پیـاوانی ئـایینی زۆرێك لە فەیلەسوفانیان کوشتووە، ئایا لەمڕوانگەیەوە ئایدیۆلۆژیا بیرۆکەیەکی بکوژە یان لەکۆتاییدا پاڵنەرە بـۆ کوشـتن، لەکاتێکـدا فەلسەفە بیرۆکەیەکی خۆشەویستو ئاشتی ئامێز بووە؟.**

**سمکۆ محەمەد**: بەرلەوەی باس لە ئایدیۆلۆژیا بکەین، دەبـێ بـاس لەرۆشـنگەریو قبـوڵکردنی جیـاوازی بکـەین، چـونکە سیسـتمی کەنیسەو قەشەسازی لە رۆژئاوا، تەنها ئایـدیۆلۆژیا نـەبوو، بـەڵکو سیستمی سیاسی بوو، بەوپێیەی جگە لەقەبوڵ نەکردنی ئایینـەکانی تـرو کـەلتوورەکانی تـر، تـەواو فـەزای سیاسـیو فەرهەنگیشـی خنکانـدبوو، دیـدرۆ یـەکێك لـەو بیرمەندانـە بـوو کـە لەهـەوڵی دەقشـاکاندنی ئـەو سیسـتمەو ئـەو بیرکردنەوەیـە بـوو کـە بـە دیماگۆجییەت ناسرابوو، واتە تاك بیریو بیرتەسـکیو بـیری بەسـتوو، هەڵبەت ئەم دیاردەیە دواتر بەیەکێك لەنەخۆشیە سـایکۆلۆژییەکان لەقەڵەمدرا، بەهاتنی سـەدەی هـەژدە، ئیـدی رۆشـنگەری گەشـەی

سەند، پێشڕەوانی ئەم بوارەش بریتی بوون لە ڤۆڵتێرو جان جاك رۆسۆ کە رەوتی رۆمانسیزمیان بەئاییینەوە گرێدەدا، بەلایەنی کەمەوە جێ پەنجەیان بەسەر گۆڕینی عەقڵی کەنیسەوە دانا، لەوانەش بەرهەمە ناسراوەکەی رۆسۆ بەناو (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بوو، ئەمە بەشێکی لەژێر کاریگەری بیرمەندی ناسراو (دینیس دیدرۆ) بوو، بەڵام دیدرۆ هەتا لەژیاندا مابوو بەهۆی توندوتیژی دەسەڵاتی کەنیسەوە کە کوشتنی فەلسەفە یەکێك بوو لەو ئەرکانە، هیچ کتێبێکی بەچاپ نەگەیاند، تەنها ئەو گفتوگۆیانە بوو کە لەبارەی ئایینو ئیلحادو ماتریالیزمەوە قسەی لەسەر دەکرد، لەوانەش موناقەشەکردن بوو لەسەر سیستمی پاشایەتیو کەنیسەو کەسایەتی مارشاڵ ی ئەو سەردەمە، چونکە فەرانسە لەکاتی خۆیدا سیستەمەکەی پاشایەتی بوو، ئەمەش بەوهۆیەوە بوو کە سیستەمەکە بەڕادەیەك گوتاری زاڵ کردبوو، تائەو ئەندازەیەی کە لەژیانی کۆمەڵایەتیو ئەدەبیشدا رەنگیدابۆوە، هەڵبەت ئەمە دوای مردنی کاریگەری هەبوو بۆ سەر رۆشنگەرەکان، بەڵام دەبێ ئەوەشمان بیرنەچێت کە ئایدیۆلۆژیا بەشێکی تر بوو لەکێشەی رۆشنگەری، بەوپێیەی هەتا کاتی دابڕانی فەلسەفی دوای کارڵ مارکس، ئایدیۆلۆژیا یەکێك لەرێگرییەکانی بەردەم فەلسەفە بوو، بێگومان لێرەوە رەخنەی راستەقینەو دیالیکتیکی دەستپێکرد، چونکە هەموو ئەو بیرۆکانەی بۆ دەربازبوون لە میحنەتی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سیاسی

هەبوون، هیچیان دابڕانی راستەقینەو بێ کەموکوڕی نەبوون بە فیورباخیشەوە کە دانەری فکری ماتریالیستی یە، بەهیگڵیشەوە کە دانەری دیالیکتیکە، بۆیە قسە لەسەر رەخنە دەکەم وەکو ئەوەی پێشووتر باسمان کردووە، چونکە دەرکەوت بەبێ رەخنە هیچ سیستمێك ناتوانێ ژیانی سیاسی ئاسایی وەربگرێت، یان هیچ نەبێ جیاوازیو قەبوڵکردنی ئەویتر وەکو واقیع تەماشا بکات، لەراستیدا مەسەلەکە تەنها ئایین نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیای توندئاژوو، لەئایین خراپترو دوژمنکارانەتر مامەڵەیان کردووە لەگەڵ فەیلەسوفەکانو بیرمەندەکان، چونکە ئەوان هەرزی فکریو فەلسەفەو ماتماتیکیان نەدەکرد، بۆ نموونە ئەم نەریتە درێژەپێدەری قەناعەتی دەسەڵاتێك بوو لەیۆنانەوە سەرچاوە گرتبوو، ئیدی ئەو سیستمە تاکو شکستی هێنا یان تاهاتنی مارتن لۆسەر کە ریفۆرمی ئایینی کرد، دەیان کەسی وەکو سوقراتو گالیلۆو کۆپەرنیکۆسو گرامشیو ترۆتسکیو لەلایەنی ئایینیش کەسانی وەکو حەللاجو سوهرەوەردیو هتد هاڕی. ئەمانە تەنها جیاوازی فکرییان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیو فکری هەبوو، ئەگەرنا خەتاکە تاوان نەبوو بەڵکو فکری نوێ بو لەدژی سیستمی ئایینیو کەنیسە، بۆیە لەشوێنێکی دیکە ئەگەر بەرگریکردن نەبێ لە ئایدیالیزمی کۆنەپەرستانە، ئایدیۆلۆژیا بەتەنها چەمکێکی نەرێنی نەبووە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیا بەشێك بوو لەو هۆکارانەی کە زەمینەی بۆ کرانەوە سازکرد.

**پرسیار: بەدەر لەم گفتوگۆیە، دیدی ئێوە لەبەشەکانی پێشووتری چاوپێکەتنەکانمان، وادەردەکەوێت لەگەڵ تەوژمە فکرییە مۆدێرنەکاندا گرفتت هەبێ، دەپرسم روانینتان بۆ نەزمی نوێ چۆنە کە بەگلۆبالیزە ناوزەد دەکرێت. ئایا ئەم چەمکە لەکوێی فیکری سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە، یان روونتر بڵێم تا چەند نوێیە لە فیکری سیاسیدا؟.**

**سمکۆ محەمەد:** ئەگەر تەماشای فکری سیاسی بکەین لەسەر دەستی بیرمەندانی سەدەی نۆزدە هاتۆتە ئاراوە، پێشتریش وەکو باسم کرد لەسەر دەستی بیرمەندی پێشەوای رۆشنگەری بووە کە هەم کاری دابەشکردووەو هەم گۆڕینی شوێنی ئینسانی گۆڕی لەگوندی بێ ئاگاوە بۆ شاری فراوانو پێشکەوتوو، بۆ نموونە گەشەی تەکنۆلۆژیای سەرەتاییو تەلارسازیو شێوەی خوێندنو کەرەستەی نێوماڵو بیرکردنەوە بەرووی دونیادا بەشێوەی فراوانو هتد، دواتر کانتو پاشان هیگڵ قسەیان لەسەر کردووە، دواتر مارکس لەمانیفێستدا ئاماژەی پێداوە ئەو دەڵێت" وەختێك دێت سیستمی سەرمایەداری هێند پڕ دەبێت بەناچار سەرمایەگوزاری دەخاتە دەرەوەی جوگرافیاکەی خۆیو ئێق دەکاتەوە" ئەمە رێك ئەو مانایەمان دەداتێ، هەروەك ئەوەی بەشێك لەناوەڕۆکی گلۆبالیزەیشن پێناسە دەکاتو جۆرێك لە پێشبینی بوو، گەشەی تەکنۆلۆژیاو بازاڕو گۆڕینی چەمکەکانە بەئاراستەیەکی دیکەدا کە دیسان بازاڕی

فکرییـــەو کۆمـــەك بـــەبازاڕی ئـــابوری دەکـــاتو لەوێشـــەوە بـــازاڕی سیاسەت، بەڵام ئێستا لەچەمکێکدا بچوك کراوەتەوە .

ئەوەتا دەوڵەتانی جیهان کۆمپانیاکانی خۆیـان لـەدەرەوەی خۆیـان کار پێدەکەن، نموونەش بەگەڕخستنی تەکنۆلۆژیا سەربازی ئێرانە کە لەلایەن ولاتانی رۆژهەلاتی ئاسیاوە بەدەستیهێناوە وەکو یابانو چینو کۆریـاو ئـەڵمانو هتـد. هەرچـی ئەوروپایـە کۆمپانیاکـانی خۆیـان دەفرۆشتەوە بەدەوڵەتانی بێبەرهەمی وەکو تایلاندو تایوانو مالیزیاو نیپاڵو تورکیاو کەنداو هتد. ئامریکا لەولاتانی تـازە پێگەیشـتووی وەکو لیتوانیاو ئەرمینیاو ئۆزبەکستانو هتد، ئەم رەوشە لەبازاڕ کـە بەشێکە لەگلۆبالیزەکردنی جیهان لەکەنـدەداو ئـەمریکای لاتیـنش هەیە، بۆ نموونە کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان بـەناوی نەتـەوەی وەهـاوە دەکرا کە کەمترین کەسیان ماوە، تەنانەت ترادیسـیۆنە رەسـەنەکانی خۆشیان بیرچۆتەوە کەچـی زینـدو دەکرێنـەوە، لەبەرامبـەر ئەوەشـدا نەتەوەکانی تر پشت گوێ دەخرێن، ئـەم مۆدێلـە لەسیسـتمی بـەناو بازاڕی ئازاد لەگلۆبالیزەکردنی دونیاوە سەرچاوەی گرتبـوو، ئەمـەش جۆرێکی تـری جـەنگی بـازاڕ بـوو کـە لـەهاتنی سـیحرێك دەچـێ، سەرلەهەڵدانی تەکنۆلۆژیای نوێو زیرەكو هاتنی چەمکی نـوێ بـۆ ناو سیاسەتو بەرقەرارکردنی مۆدێلێکی نوێ بۆ داگیرکـاری ولاتـان لەلایـەن ئـەمریکاو بـەریتانیا، بەهەماهـەنگی کردنـی هێـزە نێودەوڵەتییەکانی تری ئەوروپاو شەرعیەتدان بەو مۆدێلە سیاسـییە

بـەناوی جیهانگەراییـەوە. خـواردنی سـامانی نەتـەوەکانی تـرو بـێ بـەهاکردنی بـەها ئینسـانیەکانو تێکـەڵکردنی ترادیشـنەکانو پێکهێنانی دەوڵەتی کۆمەڵگـەکانو نەهێشـتنی مـۆدێلی دەوڵـەتی نەتەوەیی سەلمێنەری ئـەو راسـتییەن، ئەمـە خـراپتر بـوو لەجـەنگی دووهەمی جیهـانی کـە بەرهـەمی مۆدێرنـە بـوو، هـەروەك (هانـا ئارێنت) لەکتێبی (بنـەماکانی تۆتالیتـاریزم) باسـی دەکـات، مـن پێموایە ئێستا ئیتر جارێکی تـر سـەردەمی کۆیلەیـەتی گەڕاوەتـەوە، بەڵام لەفۆڕمێکی تردا، بۆ نموونە ئەگەر لەسەردەمی فەراعینەکانداو لەسەردەمی یۆنانیو رۆمەکاندا، کۆیلە دەبوایە هاوڕەگەزەکەی خـۆی بکوژێت تاکو ئـازاد بێـتو کـاری سـەپێنراوی بـەزۆری پێنـەکرێت، ئێستاش ئینسان بەناچار لەبەر ئەوەی ئابوری سـنوردار کـراوە لێـی، ئاوهاش کاتی بۆ سنوردار کـراوەو بەشـێوەیەك لەشـێوەکان کۆیلـەی بازاڕو سیستمی ئێستایە کە لەتەلـەفونی ئـایفۆنو گالاکسـیو لـە تیپی تۆپی پێ لەنێوان بەرشەلۆنەو ریاڵ مەدریدو تیپەکانی دیکەی ئینگلستانو ئیتالیاو ئالمانو هتد، بۆیـە دانیپێـدا بنـێین یـان نـا، جۆرێکی تری کۆیلەیەتی گەڕاوەتەوە، ئەوەش کە پێـی دەڵـێن مـافی مرۆڤ، ئەم سیاسەتەی کە لەمەحفەلی سیاسیدا بۆتە باو، جۆرێك لـە پارادۆکسـی سیاسـییە کـە ئـەمریکاو بـەریتانیا سـەرقاڵەکەین، ئەمەش یەك ستراتیژی هەیە کە هەرچـی هەیـە بەنـەفعی سیاسـیو ئابوری ئامریکاو وڵاتـانی زلهێـز دەگەڕێتـەوە کـە چـاویان بڕیوەتـە

ڕۆژهەڵات کۆتایی پێبێت، ئەمانە بەشێکن لەو فـەزا فکرییـەی کـە من لەگەڵیدا کۆك نیمو جێگەی ڕەخنەی منە، بـەڵام چـەند ڕەواجـی هەیەو چەند لەکاتی ئێستا وەردەگیرێ ئەوە شتێکی ترە، بەڵام فکـری کۆنکریتیی نییە وەکو ئەوەی لەشکڵی تەشییر هەوڵی ناوزڕاندنی ئەو جۆرە جیهانبینیە دەدرێ .

**پرسیار: پێشتر باسـی فۆکـۆ یامـات کـردو بەشـێوەیەك جـوابی تێزەکەییت داوەتەوە، ئەی سەبارەت بەتێزی سامۆئیل هینـتگتن کـە پێیوایە ئەم چەرخە چەرخی پێکدادانی شارستانیەتەکانە، ئایا ئەمە مانای جەنگی گروپـە بچـووکەکانی کۆمـەڵگـەی بەشـەرییە وەکـو هەندێك دیمەنی ئەو سیناریۆیەمان لە بۆرماو یەمەنو عێراقو هتد بینی؟.**

**سمکۆ محەمەد:** هەڵبەت هینتگتۆن یەکەم جار ئـەم بابەتـەی لـە گۆڤـارێکی ئـامریکی بلاوکـردەوە کـە نـاوی Forn avearz، ئەمـە ڕەتدانەوەی تێزەکەی فۆکۆ یاما بوو، باس لەبـەردەوامبوونی جـەنگی سارد دەکات گوایە کۆتایی پێنەهاتووە، ئەم جەنگە دەبێتە هۆکارێك لەنێوان نەتەوەو دەوڵەتە بچووکەکان، دواجـار بـاو بـوو بخوێنرێتـەوە شتێکی تازەبوو، بۆیە من ئەم تێزەم لەپەنا تێزەکەی فۆکۆ بەتـەواوی خوێندۆتەوەو لەکێشەی فکرەکانیش تێگەیشتم مەبەست لەم ئامانجە چـییەو ئـەم پێشـبینییە نالۆژیکیـە چـییە، ئـەوکاتیش هـەردوو بیرۆکەکەم بەوەهمی فکری سیاسیم داناوەو نووسینم هەیە لەسـەریو

لەمیدیای ئەوكات بڵاوكراوەتەوە، چونكە بەبڕوای مـن هـەردووكیان بەیەك تێڕوانین تەماشای دونیایان دەكرد.و ئاراستەكراو بوون.

د.فوئاد مورسی كتێبێكی هەیە بەناونیشـانی (الراسمابیـە تجـدد نفسها) ئەو پێش ئەوان كتێبەكەی نووسیوەو پێش ئـەوانیش وەڵامـی ئەو ئیشكالیاتانەی داوەتەوە كە پێشبینی وەها دەكـرا، لەتێزەكەیـدا كە (دار عالم المعرفە) بـڵاوی كردۆتـەوە دەڵـێ" سـەرمایە بـەهۆكار بەردەوامبوونی گەشەی ئـابوری‌و تـەكنۆلۆژی‌و نوێكردنـەوەی هێـزی بەرهـەمهێن، جـارێكی تـر پەیكـەرەی ئـابوری خـۆی دەگۆڕێـت‌و دایدەڕێژێتەوە، هەروەها لەگەڵ هـەموو ئایدیایەكـدا دەتـوانێ خـۆی بگونجێنێت‌و كەڵكی لێوەربگرێت، دەتوانێ ئینسان شەیدای شـتێكی سیحراوی بكات كە ئەویش پارەیە، بۆیە دەتوانێ خۆی نوێ بكاتـەوە، هەروەها لـەقوڵایی خۆیـدا بیردەكاتـەوەو ئەلتـەرناتیڤی بـۆ هـەموو حاڵەت‌و دیاردەو كێشەو گرێكانی بەردەمی پێیە، دەشتوانێ دژەكانی خۆی لەناو ببات، چونكە بەتاك جەمسەری ماوەتەوە ئـەم سیسـتمە، كەوابوو تێڕوانینەكانی د.فوئاد لەبەرامبەر هەردوو تێزەكەی فۆكـۆو هینتگتن، بیرۆكەكەی نوێبوونـەوەی سـەرمایەداری، تەنانـەت لـەلای چەپەكانیش جێكەوتـە بـوو، كـەوابوو هـەر ئـەو ئامانجـە بـوو كـە هەوڵیاندا تێزەكانیان كە بۆیان نووسرابوو، خوێنەر بەیەك ئاراسـتەی بیركردنەوەدا ببەن، سەرەنجام خەڵكیان تووشی وەهمی تێگەیشتن كـرد لەم چەرخەی ئێستا كە هەر زوو رەوایەوە.

لەگەرمەی پرسی بزووتنەوەی تەبشیریدا کە لەناوچەکە زۆر چالاك ببوون‌و خەڵکێکی زۆر بەهۆی هەڵڕژانی پارەوە ببوون بە کریستیانی، لەساڵی ١٩٩٧ ستیڤن کـە راوێـژکاری فەرهـەنگی دەسـەڵاتدارێتی ئەوکاتی بێل کلنتۆن بوو، لـەهۆتێل تـاوەری هـەولێر دابـەزی بـوو، بەسوتفە بینیم‌و لەرێگەی موتەرجمێکەوە، موناقەشەی ئەوەم لەگـەڵ کـرد تـۆ وەك بەرپرسـی یەکـەمی ئـەم بزوتنەوەیـە پێتوایـە لەکوردستانێك کە زۆرترینیان موسڵمانن، دەتوانن رێگە خۆش بکەن بۆ ئەوەی خەڵك ببێتە کریستیانی، یان ئەمـە سـەرهەڵدانەوەو وەبـیر هێنانـەوەی دەقـی تەوراتـە لەکۆمەڵگەیـەکی وەك کۆمەڵگـەی کوردستان‌و هێنانەوەی جولەکەیە لەشوێنێك کە پێشتر تیـا ژیـاون‌و یادەوەریان جێهێشتووەو رەنگە موڵکیشیان هەبێت، ئەو ئینکاری ئەو رایەی منی کردو گوتی" تەبشیریەت تەنها خوداناسییەو هیچـی تـر لەرێگەی ئینجیلەوە" هەروەها پرسیاری ئەوەم کرد ئایا ئـەو تیـزەی هینـتگتن سـەردەگرێت کـە گوایـە چـەرخی پێکـدادانی شارستانییەتەکانە، ئایا بـە کریسـتیانی بـوونی کـوردی موسـڵمان ململانێی شارستانی درووسـت نـابێ، وەڵامەکـەی زۆر بـە سـادەیی‌و نەخێربوو، لەو موناقەشەیە بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەو تیـزەش تـەنها سەرقاڵکردنی خەڵکەو هیچی تر، بۆم دەرکەوت دیسان نەخشـەیەکی نوێ هەیە بۆ هەڵوەشانەوەو لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵگـەو لـەپیرۆز

دەرکردنی شتە پیرۆزەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی ژێردەستو خاوەن دەوڵەت نیین .

بەبڕوای من ئەوەی ئێستا هەیە ململانێی شارستانیەتەکان نییە، بەڵکو کاڵکردنەوەی ترادیشنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیەو تاڕادەیەکیش بێ بەهاکردنییەتی، هەروەك چۆن زۆربەی شتەکانی دیکە بە بوونی ئینسانیشەوە بێبەها کراون لەبەرامبەر پارەدا، بۆ نموونە خۆئێستا لەئەوروپا زیاتر لەترادیشنێكو مەزهەبێكو ئایینێكو ئیتنێك پێکەوە دەژین. ئەگەر بەقسەی هینتگتن بوایە دەبوو ململانێکە لەئەوروپاوە دەست پێبکات. ئەم تێزە جێگیر نەبوو، تەنها مەسجێکی سیاسی بوو ئەگەر کاری پێکرا، دەبێ خاوەن ترادیشنە توندڕەوەکان خۆیان ئامادە بکەن، وەکو ئەوەی لەعێراقو سوریاو لیبیاو یەمەنو بۆرماو بەشێك لە سودان درووست بوو، بەڵام دواتر ئەم دیاردەیە لەگەڵ گواستنەوەی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی سیستمی سەرمایەداریو جێگیربوونی لە ئاستێکدا، سیناریۆکە بەرەو کۆتایی دەچێت .

**پرسیار: کەوابوو ئینسان بەپێی بیرکردنەوەی نوێ، لەوە دڵنیابێت کە ئەو تێزانەی باس کران، بۆ نموونە جیهانگەرایی هەموو شتێك هەڵدەلوشێت، یان هیچ کولتوورێك لەجێگەی خۆی نامێنێ، مادام لە رۆژئاوا فرە کولتوورین؟.**

**سمكۆ محەمەد:** دەبێ کەمێك رابمێنین لەبەردەم ئەم دۆخەی کە پاشماوەی سەرمایەداری کلاسیکیو جیهانگەراییە، دواتر دەرکەوت جیهانگەرایی واتە العولمە، ئەمرکە بوو، بۆچی؟، لەبەر ئەوەی بابەتەکە تاك رەهەند نییە، بەڵکو فرە رەهەندە، ململانێکانی کۆن چەند دژواربوون، جەنگەکان چەند قورس بوون، کۆلۆنیالیزم چەند غەدار بوو، هیچیان نەیانتوانی بەسەر سرووشتی مرۆڤدا زاڵبنو ماکی هۆشیاری لەرێگەی پراکتیککردنی تێزێکەوە کۆتایی بە ئینسان بهێنرێت، بۆ نموونە سەرهەڵدانی پرۆژەی (گات) لەساڵی ١٩٩٤و دوای نەمانی بلۆکی سۆڤیەتی کۆن دەستبەکار بوو، هەڵبەتە ئەم پرۆژەیە کورتکراوەی رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی گۆمرگو بازرگانی یە، ئەویش دوای جەنگی سارد بوو کە کار بۆ ئەوە دەکرا بازرگانی ئازاد بێ، نابێ رێگری لەبەردەم بازرگانی نێودەوڵەتی بکرێو هەموو کارەکانی دەوڵەتان لەرێگەی رێکەوتنەوە بێت، ئەمە بۆ ئەوەبوو کە ئینسان سەرقاڵ بکرێ بە بازرگانی هێنانو هاوردەی کەلوپەلو شمەکی دەوڵەتانی زلهێزەوە، تاکو خۆیان لەبیربچێت کە تێکەڵ بوون بەو فەزا بازرگانییە، لە سیفەی ئینسانییەت دادەبڕێنو دەبن بە کاڵا وەکو کاڵای پێویست، بۆ نموونە قاچاخچێتی بە ئینسانەوە بوو بە کارێکی ئاساییو بەبەرچاوی دەوڵەتانەوە کە باسیان لە مافی مرۆڤ دەکرد، هەروەها کارێك کرا کە ئینسانو دەوڵەتە بێهێزەکان بچنە ژێر هەژموونی قەرزەکانی

سەندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە، تاکو بۆ هەتاهەتاییە تاكو كۆی وڵاتەکەو سیستمەکەو قەوارەکەش، لەژێر کۆنترۆڵی ئەو سیستمە ئابوورییە بن، ئەمە دکتۆر (سەمیر ئەمین) لە کتێبی (فی مواجهە ازمە عصرنا) بەوردی شیکردنەوەی بۆ کردووە، هەڵبەتە بیرمان نەچێت رۆشنبیری باویش لەو سەردەمەدا وەکو تەوژمێکی ناکامڵ هاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەورووپای رۆژهەڵاتو بەشێکی زۆری ئاسیا، هەموو بیرکردنەوەیەکی هونەریو ئەدەبیو فەرهەنگی بەگشتی، کەوتنە ژێر ئەو هەژموونە فکرییەو ئینسان لەبیرکرا، بەڵام ئەوەی کە دەسەڵاتیان بەسەریدا نەشکا، ئەوەبوو کە نەتوانرا جەوهەری ئینسان بگۆڕن تەنها فۆڕمەکەیان گۆڕی، ئەوەی کە مایەوە ئینکاری ئینسان بوو لەوەی رەخنەی لەو سیستمە نائینسانییە گرت، ئەمە بوو بەڕەوتێکی فەرهەنگی بۆ تێگەیشتن لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، رائیدی ئەم فەرهەنگەش (جۆرج گۆسدۆرفە) کە دواتر یۆرگن هابرماسو لەمدواییەشدا سلاڤۆی ژیژاكو پیتەر سلۆتردایكو ئالان تۆرینو چەندی تر درێژەیان بەو رەوتەدا، ئێستاش رەخنە لەو سیستمە دەگرن کە خەریکە بەناوی عەقلانیەتو بەناوی ئازادی سیاسیو ئازادی بازرگانییەوە دژی هەموو بەهاکانی ئینسان مامەڵە دەکەن، کەوابوو مادام جیهان شتێکی حەتمییە، دەبێ ژیانیش حەتمی بێت، کە ژیان حەتمی بوو، گۆڕینی سیستمو تیۆرە دژ بە بەهاکانی ئینسانیش تەمەنیان درێژنابێت .

**جیاوازی جگە لەوەی ململانێی چینایەتییە، گەمەی حاڵەتەکانیشە.**

**پرسیار: یەکێ لە گرفتە هەروە گەورەکانی مرۆڤایەتی کەمی گفتوگۆی فیکری یە، لەسەر بنەماکانی چەمکی رەخنەو جیاوازی، زۆر کەس ئەم تێگەیشتنو دونیابینییەیان نییەو بەپێچەوانەوە وەك مافێکی سرووشتی دەبینن، بۆیە سەرەتا دەپرسم چەمکی جیاوازی چی دەگەیەنێت لەدیدی ئێوە، بۆچی جیاوازی هەبێ؟.**

**سمکۆ محەمەد:** چەمکی جیاوازی لەبنەمادا بۆ قەبوڵکردنو نەمانی فکری شمولیو کۆنکریتی سەریهەڵداو تیۆریزە کرا، هەروەها شێوەیەکیش بوو لەوڵامدانەوەی چەمکی هەقیقەت کە هەر ئایدیاو ئایینو فەلسەفەیەك ئەو بانگەشەیەی دەکرد، بەومانایەی جەنگێك بوو لەنێوان لۆژیكو فەلسەفەی کلاسیکی، دواتر بەفراوانبوونی دیالیکتیك کە گومانی بۆ هەموو چەمکەکان درووستکردو هەقیقەتی کردە پاشکۆ، ئیدی ئەو فشارەی لەسەر فەلسەفەی ژیان هەبوو نەیهێشت، کە بەپێی شوێنو کات سیستەمو دەسەڵاتو دەقە ئایینیەکان کاریگەری هەبوو، بۆیە هەقیقەت تەنها لەتیۆرە فیزیاییو ماتماتیکییەکاندا مایەوە، دەنا لەژیانی رۆژانەدا ئەو

ئایدیایانە قلّپ بوونەوە، ئەوەبوو سەرەتا چەمکی جیاوازی کە ئەزموون کرا، لە قبولّ نەکردنی ئایینەکانەوە هاتبوو بوو لەگەلّ یەکتر، ئەمە ئەزموونێکی تالّ بوو، لەوێوە جیاوازی وەکو کۆنترۆلّ بۆ هیچ ئایدیایەك هەقیقەتی نەهێشت .

وەختێك مارتن لۆسەر هات و بانگەشەی ناتوندوتیژی ئایینی و یەکتر قبولّکردنی پێشکەش کرد، ئەمە بوو بەسەرەتایەك بۆ بالآنس لەنێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتی رۆژئاوا، بەلاّم دەبێ ئەوە بزانین کە جیاوازی لەنێو فکردا هەمیشە ئامادە بووە، دواتر لەنێو رۆشنبیریدا بووە بەستایلێك و لەنێو کایەی میدیایی و رۆژنامەگەریشدا کاری پێکرا، بۆ نموونە ململانێی نێوان لایەنە دژەکان کە نموونەی ئەنارشیزم و ریفۆرمخوازەکانە، پڕ بایەخترین جیاوازییە ئەگەر بەپێی قسەی ماری دوگلاّس بێت کە لەکتێبی (پاکیزەیی و مەترسی) باسی ئەو شتانە دەکات کە لەجێگەی خۆیاندا هاودژو نارێکن، نەك ئەو شتانەی کە بەبڕوای ئینسان لەسرووشتدا نارێکن .

ئێمە دەتوانین زۆربەی جیاوازییەکان بگەڕێنینەوە بۆ حالّەتە کۆمەلاّیەتییەکان، بۆ نموونە جیاوازی ئەگەر لەنێو گرووپە کۆمەلاّیەتییە یاخیەکانی وەکو قەرەج و بوهیمیەکان وەربگرین و لەو فەزا کۆمەلاّیەتییە نەبێت، لەنێو کایەی فکریدا هەموو بەجیاوازیەوە بژین، هیچ بەهایەکی نییە، چونکە بەهای جیاوازی لەئاستی قبولّکردنی ژیانی کۆمەلاّیەتی و رەگەزو نەتەوەو زمان و کولتوورو

ئاییندا دەردەکەویت، بەرلەوەی جیاوازی قبولکردن لــەدونیای دەرەوەی ڕۆژهەلات ببیتە بــاو، گرووپــە کۆمەلایەتییــە یاخیــەکانی ڕۆژئــاواو ئامریکا، ڕیساو نۆرمیکی تایبەتیان هەبوو، ئیستا چونکە لەئاستی کۆمەلایەتییدا جیگەی خۆیان کردووەو بەڕادەیــەك جیکەوتــە بــوون، ئیدی کاریگەرییە نەرینییەکە کەوتە گۆڕەپانی دەولەتو سیستمەوە، بۆیە ئەوانیش وەکو چۆن قەرەجەکان لەسەرتاســەری دونیــا بەریســاو یاسای خۆیان دەژین، بەهەمــان ریتم لەئاستی سیستمدا گوییان کــەڕ دەکەنو بڕوایان بە سیستمو لەقالبدانی ئینســان نییــە، ڕەنگــە هــەر ئەمــەش بیت وابکات بەچاوی نامۆوە ببینریینو قەبول نەکریین .

لەراستیدا جیاوازی لەریگەی عەقلەوە مانای هەیە نەك ئایــدیایی ناکامل، بۆیە جیاوازی پشت بەعەقلگەرایی دەبەستیت .

بەهەرحال ئەم چەمکە بۆ قــەبولکردنو نــەمانی فکــری شمــولیو کۆنکریتی بوو، بۆیە پشت بــە عــەقل دەبەســتیت، بــۆ نموونــە هــەر گرووپیكو هەر ئایدیایەك بەبی عــەقل ئــەم چــەمکەی قبــول کــرد، تەمەنی کورت دەبیتو هەر کاتیك کیشەیەکی بچووك درووست بوو، ئەو جیاوازییە هەلدەوەشیتەوە .

دەبی ئەوە بزانین کە جیاوازی نەســەرەتاو نــەکۆتایی نییــە، تــیری ئیگلتن نووسەریکی بەناوبانگی مارکسییە، پییوایــە هەنــدیك شــت هەیە بۆ ئەوی بگوازریتەوە، دەبی قبول بکریو جیاواز بیت، ئەمــەش بۆ سەلماندنی ڕەسەنایەتییە، ڕەســەنایەتیش هیــز بەدەســت ناهینیــت

ئەگەر کۆپییەکی تر لەبەرامبەری نەبێ، بۆیە جیاوازی ڕێگەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوەیە لە ئامادەیی شتێکی تر کە لەگەڵ خۆیدا جیاوازەو پێشوازی لە وردبینی بابەتی دەکات، بەومانایەی بەبێ وردبینی لەشتەکان، ڕەگوڕیشە لەعەقڵی کارێکتەرە جیاوازەکان داناکوتێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاکو بابەتێکی دیکە ئاسان بکات، ئەمە سەرەتای چوونە نێو دونیایەکە کە نابێت هیچ شتێك‌و هیچ کولتوورو نووسین‌و ئایدیایەك، بەبیانووی هەقیقەتەوە لەلایەن ئایدیایەکی ترەوە پەراوێز بخرێت، کەواتە جیاوازی ئەو واقیعیەتەیە کە دەیهەوێ ئیعتیبار بۆ ئەوانی تر بگەڕێنێتەوە، کەمن وای دەبینم جیاوازی گەمەی حاڵەتەکانە .

**پرسیار: ئەی چۆن جیاوازی نەبووە کەرەستەیەك بۆ پراکتیك کردن لەژیانی واقیعی، بۆچی گرێی فکری هەموو بابەت‌و ناونیشانەکان، لەجەوهەردا پێویستی جیاوازیان وەرگرت؟.**

**سمکۆ محەمەد:** تائێستا هیچ چەمکێك نەبووە لەسەرەتای بەرهەمهێنانیەوە تاکو ئێستا، دووچاری کێشە نەبووبێت، چونکە فەلسەفەو فکر بۆخۆیان کێشەن، لەوەتەی مێژووی بەشەریش هەیەو نووسراوەتەوە یان نەنووسراوەتەوە، گرێ کوێرەکە نەبوونی جیاوازی‌و یەکتر قەبوڵ کردن بووە، کێشەی ئەم جیاوازیەش وەکو هەرکام لەچەمکەکانی تری مێژووی فکر، لەسایەی بازاڕی سیاسەت‌و سەرهەڵدانی ڕەوتی توندڕەوی تیرۆریستی خراپ پراکتیتك کراوە، بۆیە

پراكتیك كردنه‌كه‌شی ریتمی جیاوازی وه‌رگرت، ئه‌و نووسه‌رانه‌ش كه‌ پشتگیری ئه‌و ره‌وته‌ بوون به‌بێ ئارگومێنتی توندوتۆڵ، له‌بری ئه‌وه‌ی به‌ئه‌رێنی خۆیان به‌رهه‌مبهێننه‌وه‌و ئه‌ویتر له‌به‌رامبه‌ر یه‌كتر قه‌بوڵ بكه‌ن، به‌پێچه‌وانه‌وه‌ له‌ژێر عینوانی جیاوازی بیرو بۆچوون‌و بیركردنه‌وه‌ی جیاواز، گورزێكی كوشنده‌یان له‌و فه‌رهه‌نگه‌دا كه‌ كاریگه‌رییه‌كی نه‌رێنی خولْقاند له‌نێو خه‌ڵكی به‌گشتی، نموونه‌ی ئه‌و جیاوازیه‌ی كه‌ سیستمی دیموكراسی بانگه‌شه‌ی بۆ ده‌كات‌و له‌ململانێی حیزبی‌و سیاسیدا كۆی كردۆته‌وه‌ كه‌ ئه‌مه‌ هه‌م وه‌همه‌و هه‌م گه‌مه‌ی سیاسییه‌، نموونه‌ش بێ به‌هاكردنی بۆچوونی بیرمه‌ندانی رابردووه‌، ئیدی هه‌ركه‌س له‌ئه‌نجامی بێكاری‌و ئاره‌زوویه‌كی هه‌رزه‌كارانه‌ بۆ خوێندنه‌وه‌و به‌كارهێنانی ئینته‌رنێت‌و جیاوازی له‌بیروبۆچوونی ئایینگه‌رایی‌و پشتگیری له‌یه‌كێك له‌به‌ره‌كانی جه‌نگی سیستم‌و تیرۆر، به‌ناوی جیاوازیه‌وه‌ رووبه‌ڕووی ئه‌و چه‌مكه‌ فكریانه‌ش بوونه‌وه‌و كردیان به‌بازاڕێك بۆ ره‌واج پێدانی بیری ته‌سك‌و نالۆژیكی .

به‌شێك له‌سه‌رهه‌ڵدانی ئه‌م كاره‌ساته‌ فه‌رهه‌نگیه‌ی زۆربه‌ی زۆنه‌كانی سه‌ر گۆی زه‌وی گرته‌وه‌، به‌تایبه‌تیش ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵات، ته‌نها بۆ ئه‌وه‌بوو كه‌ چیتر له‌رێگه‌ی فكره‌وه‌ ململانێ چینایه‌تییه‌كان له‌گه‌ڵ ته‌كنۆلۆژیا نه‌كرێ، كه‌چی به‌پێچه‌وانه‌وه‌ ململانێكانیان گه‌ڕانده‌وه‌ سه‌ره‌تاو له‌ململانێی ئایینه‌كان‌و زمان‌و نه‌ته‌وه‌وه‌ جارێكی تر خۆی به‌رهه‌مهێنایه‌وه‌، ئه‌مه‌ش تاكه‌ ئامانجێك بوو بۆ گێلكردنی

ئینسان بەگشتیو ئینسانی ڕۆژهەلاتی بەتایبەتی، سلاڤۆی ژیژاك بیرمەندێکی چیکی ئەم چەرخەیە، لەکتێبی (سەرەتا وەك تراژیدیاو کۆتایی وەك کۆمیدیا) باسی وەرگرتنی جیاوازی دەکاتو پێیوایە لەدوای سەرهەڵدانی چەمکی جیهانگەراییەوە، مەترسیدارترین چەمك، چەمکی ئازادی بیروبۆچوون بوو کە خراپ کەڵکی لێوەرگیرا، ئەوەبوو وەکو سەرەتایەك هەستی پێکرا کە هەوڵێك هەیە بۆ سووککردنو بێ بەهاکردنیو هاندانی کۆلکە خوێنەوار بۆ نووسین، ئیدی ئەم هەوڵە لەشوێنێکی دیکەشدا بازاڕێکی گەورەتریشی بەرهەمهێنا، ئەویش بەرهەمهێنانی خوێنەواری شەیدای بڕوانامەی زانکۆکانی کەرتی تایبەتو نووسەری کرچو کاڵ بۆ گەرمکردنی بازاڕی میدیا تاهاتنی میدیای ئەلیکترۆنیو گەشەکردنی تاکو ئەم سەردەمە.

**پرسیار: باشە تۆ لەلایەك پشتگیری لەم چەمکە دەکەیتو لەلایەکی تر بەگەمەی دەزانی، ئایا ئەمە بالانسی فکری تیایە؟، ئەگەر هەیە بۆچی ناتوانین جیاوازبین، لەکاتێکدا هەموو ململانێکان لەسەر سەلماندنی بوونە، سەلماندنی شوناسی ئایدیاییو نەتەوەییو ئایینیو هتد، ئایا بەراستی ئەمە هەموو جیاوازییەکانە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** من بەپێی بۆچوونە جیاوازەکان ئەرگۆمێنتم هێناوەتەوەو بەپێی ئایدیای فکری خۆشم کۆمێنتم هەبووە، هەروەها بەپێوەری ڕەخنەیی قسەم کردووە کە ئەگەر جیاوازی نەبێ، ڕەخنەش

قەبوڵ ناکریٚ، بۆیە دەبیٚ وەکو رەخنەیەك لەئەپستراکت کردنی ئەم چەمکە باسی رەخنە بکەم، یان باسی جیاوازی خۆم بکەم وەکو مافیٚکی فکری، چونکە من تەواو کۆك نییم لەگەڵ ئەوانەی لەژیٚر عینوانی جیاوازی، هەموو جیاوازییە ریشەییەکانیان لەجیاوازی فکرو جیاوازی ئایینو ئایدیاییدا کۆکردۆتەوە کە ئەمە وەهمە، ئەو چەمکە بەدەر لەوەی مانای جیاوازی هەیەو لە بنەمادا بەهۆی قبوڵ نەکردنەوە تیۆریزە کراوە، لەلای من جیاوازی جگە لەجیاوازی چینایەتی شتیٚکی تر نییە کە رەخنە لەبنەمای سیستمەوە هاتووە، ئەگەر سیستم نەبیٚ فکر ناتوانیٚ رەخنە قەبوڵ بکات، سابا هەر کایەیەك بیٚت، چونکە جیاوازی هەموو ئایینەکانو نەتەوەو کولتوورو ترادیشنو زمانەکان، لەنیٚو هەناوی خۆیدا هەڵگری جیاوازییەکی دیکەیە کە لەلۆکالیٚدا دەبینریٚت، ئەویش جیاوازی چینایەتییە کە لەخۆشگوزەرانیدا دەردەکەویٚت، بەتایبەتی لەدۆخی ناجیگیردا زیاتر هەستی پیٚدەکریٚ، خۆ ئەگەر بەپیٚچەوانەوە تەماشای بابەتەکە بکەین، دەبینین تەنها دەبیٚتە سەفسەتەبازی فکریو نمایشکردنی رۆشنبیریی، بەمانایەکی تر ئەوە جیاوازی نییە ئەگەر کات بەوە فیڕۆ بدەین، ئایا هەموو ئایدیاو ئایینو بیروڕا فەلسەفییەکان پیٚویستن یان نا؟، ئەمە وەکو ئەوە وایە دوو کەس دوو قەترە ئاو بخەنە نیٚو پەرداخیٚکەوەو هەرکەس لەوانە باسی جیاوازی قەترە ئاوەکەی خۆی

بکات، ئەم جۆرە جیاوازییە ئایدیاییە، جیاوازییەکە تەنها فۆڕمی باسەکەیە نەك جەوهەر .

ئایا پێویست نییە بپرسین ئەو هەموو دەقەمان پێویستە لەئەدەبو هونەرو هتد؟، ولامەکە بەڵێیە، چونکە جیاوازییەکە تەنها لە فۆڕمو سیتایلەو کێبەرکێکەش هەر ئەو فۆڕمەیە نەك جەوهەر، بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمانە چالاکی رۆژانەنو بوونێکی واقیعییان هەیە، بەلام ئەوەی کە واقیعیەتی پێنادریو لەئینسانی دەشاردرێتەوە، یان جەنگەکە بەلارێدا دەبرێت، هەم رەخنەیە لەسیستمو هەم جەنگی چینایەتیی نێوان گرووپێکی کەمی بالادەستی جیهانە، بەسەر زۆرینەی خەڵکی گۆی زەوی، ئەمە ناعەدالەتیو جیاوازییە ریشەییەکەیە کە بەرگری لێدەکرێت، بۆ نموونە بزانە هەموو ئەوانەی کە سەر بەهیچ ئایدیایەك نیینو سەر بەهیچ فەلسەفەیەکی سیاسی نیین، کەچی دەزانن ناعەدالەتیو نایەکسانی هەیە، دەزانن کێشەیەکی گەورە هەیە بۆ مانەوەو نەمانەوە لەم ژیانە دروستکراوە وەهمییە، دەزانن کە بەبارتەقای زەویو ئاسمان، ژیانی دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ هەژارەکان .

**پرسیار: ئێمە جیاوازیەکی تر دەبینین لەئاستی جیهانی، ئەویش لە رەگەزو پێستو هتد کورتکراوەتەوە، ئەمەیان چۆنە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** مـن لەپێشـتر باسـی ئـەو جیاوازیـە وەهمیـە خولْقێنراوەم کرد کـە سیسـتمی سـەرمایەداری درووسـتی کـردووەو کردویەتی بە واقیع، بەڵام سەیرکە ئەوکاتەی کە رەشپێستێك لەلایەن پۆلیسێکی راسیستو سپی پێسـتەوە لـەئامریکا دەکوژرێـت، بزانـە چۆن غیرەتی ئینسانی دەجوڵێتو لەتەواوی دونیادا کەیسەکە دەبێتـە جیهانیو هەموو خەڵك بەبێ بیرکردنەوەی جیاواز دێنـە دەنـگ، ئایـا ئێمە هەقمان نییـە بپرسـین ئـەوە بۆچـی کەیسـی کـورد بەهـەموو شـێوازەکانیەوە، وەکـو کەیسـی جووەکـان نەبۆتـە جیهـانی، بۆچـی یەکدەنگی لەسـەر نـەکراوە، لەکاتێکـدا ئـەنفالو غـەدرکردن لـەو کۆمەڵگەیەی ناوی کوردە، زۆرتر نـەبێت کـەمتر نییـە لـەجووەکان، کەچـی دەبیـنین بـەناوی جیاوازییـەوە ئـەم جیاوازییـە چـینایەتییە پشـتگوێ دەخرێـتو بابـەتی لاوەکـی پێشـکەش دەکرێـت بـەناوی رۆشنبیری گەلانـەوە، خـۆ ئـەوەش نهێنـی نییـەو ئاشـکرایە بۆچـی گروپێکی کەمی سیاسی کە خۆیان ناویـان لـەخۆیان نـاوە سیاسـی، بوونە بە سەرداری کۆمەڵگەکانو بەسەر کـۆی کۆمەڵگـەوە بـەناوی دیموکراسیو بازاڕەوە مامەڵە دەکەن، لەکاتێکـدا گروپێکـی کـەمی یاسایی لەنەتەوەکانو گرووپە ئایینیەکان بوون بەرامبەرو زمانحـاڵی هەموو خەڵك بەبێ ئەوەی هەڵبژێردراو بن، خـۆ ئـەم پرسـیارانە زۆر سـادەن بـەڵام قـولایی فکـری هەیـە، وەختێکـیش بـۆ هێنانـەوەی ئارگۆمێنتی خۆیان، بەبێ ئاگا دەبن بە مارکسیو چەپ، بـۆ ئـەوەی

شەرعیەت بە خۆ بەخاوەنکردنی بابەتێکی رۆمانسیانەی سیاسی بدەن، ئەمە بنەمای کێشەی سۆسیالیزمە کە ئینسان بەبێ ئاگایی داوای دەکات بۆ خۆشگوزەرانی ژیان، بۆیە لەکەڤەرێکدا گوتارەکەیان دەگۆڕنو وەکو رابەرێکی چینایەتی قسە دەکەن، سەیرەکە ئەوەیە ئەوەیان بیرچۆتەوە کە خۆیان ئالاّ هەڵگری دژایەتی ئەو جیاوازییە رەسەنەن، ئەمە کێشە بنەڕەتییەکەیە کە خزاوەتە نێو جیاوازیەوە، ئینسان لێرەدا پارادۆکسی فکری بۆ ئاشکرا دەبێتو لەو تەکتیکە فکرییانە تێدەگات ئامانجەکە چییەو بۆچی ئەوە پەراوێز دەخرێتو بۆچی شتی تر بەناوی جیاوازییەوە پێشنیاز دەکرێت، لێرەوەیە عەقڵمەندیو فکرو تێگەیشتن لەخودی چەمکەکە دەردەکەوێت، راستە بۆ ئایدیاکانو ئایینەکانو سیاسیەکان ئەو جیاوازییە پێویستە، بەڵام بەمەرجێك ئەمە پشتگوێ نەخرێتو وەکو کەڤەرێك بەکارنەهێنرێت.

چەمکی جیاوازی شرۆڤەیەکە لەرێگەی هەڵوەشاندنەوە گەراییەوە دەردەکەوێت، سەبارەت بە ئامادەبوونی شتێکی تر کە بریتییە لە پارادۆکسو تایبەتمەندی لەنێو خودی شتەکە، ئەگەر جیاوازی بۆ زمان بەکاربهێنین، دەبینین جیاوازی لەبارەی پارادۆکسەوە ئەوەیە بۆ نموونە پیتی A دەنووسرێو دەخوێنرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژنەڤتن، یان گەێنەر نییە، سیفەتە پێکهێنەرەکانی کاریش کپ دەکات، بەڵام لەناو کۆنتێکستدا نییە، هەڵبەتە ئەمە سەبارەت بە نووسین لەبارەی

دال‌و مەدلولەکانی، سەرەتای هاتنی بونیادگەراکان تاکە ئامانجیان ئەوەبوو لە جیاوازی فکری چینایەتی بدەن‌و گورزیشیان وەشاند، بەڵام دواتر لەرێگەی دیالیکتیکەوە جارێکی تر ئەوە رەوییەوەو دەرکەوت ئەو جیاوازییە راستەقینەترە، بۆ نموونە فرانکفۆرتییەکان لایەنگرانی ئەو رەوتە فکرییە، وای لێهات لەنێو کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیشدا ئەم رەوتە رەنگیدایەوەو دژایەتی فکری مارکسیەتیان دەکرد بەبێ هیچ ئارگۆمێنتێك، سەرەتا دژایەتی چەمکی یەکگرتنیان کرد، یەکگرتن بەهەموو ماناکانییەوە، دواتر لێدان لەحیزب‌و بزووتنەوەی کرێکاری‌و سەندیکایی‌و رێکخراوەیی‌و هتد، کە ئەمانە بەرهەمی دونیای عەلمانییەت بوون تاکە رێگەی رزگاری بوو لە خێڵ‌و عەقیدەی ئایینی‌و کولتووری زاڵ‌و هتد، پاشان لێدان بوو لەبەها ئینسانییەکان، بەڵام ئەمە تەنها چارەکە سەدەیەك برِی کرد، پاشان دۆخەکە لەرێگەی خوێندنەوە بۆ دەقە رەسەنەکان کاریگەری ئەرێنی خۆی دانایەوەو شتەکان هاتنەوە شوێنی خۆیان.

**پرسیار: دونیایەکی دیکەی جیاوازی هەیە کە لەئاستی غەریزییە، نموونەش ئەو حاڵەتەیە کە بەناوی ئازادی بەکارهێنانی جەستەوە، دیاردەیەك هەیەو ئاسایی بووە بەناوی سیکسواڵێتی، ئایا ئەمە جیاوازییە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** لایەنێکی دیکەی دروستکردنی کەڤەر بۆ جیاوازی، ئەویش مەسەلەی مۆراڵە، مۆراڵ بەمانای لێدان لە

موقەدەس ئەوەی کۆمەڵگە بەگشتی بڕوای پێی هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە بەناوی جیاوازییەوە سێکسواڵێتیو هۆمۆسێکسواڵێتی وەکو دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتیو دەروونی نوێ، کرا بە مافو ستایلێك لە ئەنتۆلۆژیا، لەکاتێکدا ئەنتۆلۆژیا پرۆتۆکۆڵێکە ئینسان لەگەڵ خودی خۆیدا تۆماری دەکاتو عەقڵ ئاراستەی دەکات، هەروەها لەلایەن سیستمی سەرمایەدارییەوە کرا بەدیارییەك بەناوی ئازادی یەوە بۆ ئینسان، کەچی زیاتر لە دیاردەکە خۆی شەرعییەتی پێدرا، بەوپێیەی کە بەناوی ئازادی بەجەستەی خودەوە کرا بە ستایلی ژیانو ئانارشیزمی کولتووری، تا ئەو ئاستەی کە هەم پارلەمانی ئەورووپاو هەم کەنیسەکان دانیان پێدانا کە ئەمە لەپشتییەوە هێزێکی سیاسیو ئابوری هەبوو، من خۆم ئەمەم لەنزیکەوە بینیوەو کارم لەسەر کردووە لە ئەورووپا، لەراستیدا ئەمە جیاوازی نییە، بەڵکو ویستێکی تاکییە لەرووی سێکسییەوە کە ئینسان مافی ئەوەی هەیە جەستەی خۆی بە ئارەزووی خۆی بەکار بهێنێ، کەچی بەناوی جیاوازی یەوە بابەتەکە بەجیهانی کرا، کورتکردنەوەی ئەم حاڵەتە لەرووداوێکەوە وەکو هەر کارێکی دیکەی ئارەزوومەندانە تایبەتمەندێتی پێنەدرا، بەڵکو کرا بە ریسکێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمەش نەیتوانی سنووری نێودەوڵەتی ببڕێتو تەنها لە رۆژئاوا مایەوە، چونکە کولتوور حوکمی بەسەر گوتارەکەوە هەبوو، لەکاتێکدا بەتێڕوانینی سلاڤۆی ژیژاك ئەو جیاوازییە تەنها لەوێدا

دەردەکەویت‌و هەستی پێدەکرێت کە دایکێکی هۆمۆسێکسوالی رەشپێست، دەرك بەئازاری تەنها هۆمۆسێکسوالی رەشپێست دەکات کە حاڵەتەکە ئاسایی نییەو هی خۆیەتی، نەك سپی پێستێك، بۆیە دۆلۆز بەتوندی رەخنە لەم جۆرە گەڕاندنەوەیە دەگرێت‌و پێیوایە یەکسانی رەوشێکی پەرچەکردارە، بەوپێیەی ئەمە ئیتیکی گێڕانەوەی چیرۆکی ئازاری رەگەزێکە بۆ رەگەزەکەی خۆی، نەك رەگەزەکەی بەرامبەری، لێرەوە تێدەگەین کە ئەو مۆڕاڵەی بەناوی جیاوازی یەوە لەهەموو کایەکاندا هەیەو بۆتە مۆدێل، نەك هەر وانییە بەڵکو پێچەوانەکەی راستە، ئەمە کارەساتە گەورەکەی پشت وەهمی جیاوازی یە، من دەمەوێ ئەوەش زیادبکەم کە ئەگەر هەر ئەو جۆرە بەناوی ئازادی بەکارهێنانی جەستەوە زیانی لە سیستم بدایە، نەك هەر قەبوڵ نەدەکرا، بەڵکو خوێن دەڕێژراو یاسای توندیان بۆ دەردەکرد، هەروەکو چۆن لەکۆنەوە لەمێژووی هەموو ئایینەکاندا تۆمارکراوە، لەمدواییەشدا لە ئەفغانستان‌و پاکستان‌و هەندێك شوێنی تر پەیڕەوی لێکرا، کەواتە بانگەشەکە خۆڕسك نییەو لەپشتیەوە گوتارێك‌و پاڵنەرێکی سیاسی ئابوری هەیە .

بە بۆچوونی هانا ئارێنت کە لەژێر کاریگەری هایدگەرو والتەر بنیامین بوو، لای وایە فرەیی‌و جیاوازی توانای مرۆیی‌و پێویستیەکانی ژیانی گشت دابین دەکات، ئیدی هەر لە ئاشکراکردنی شوناسی ئایینی‌و ئایدیایەوە بگرە، تاکو دەگاتە

شوناسی کرێکار لەنێو فەزای ئازادیـدا، ئەمــە هەرچــەند لــەدونیای ســەرمایەداریدا بەسیســتم جێگــەو ڕێگــەی بــۆ کراوەتــەوە، بــەڵام سنووردارێشە، چونکە ڕەنجو کار وەکو دوو تایبەتمەنـدی ژیـانی ئـەو جیاوازییەن کە داپۆشراوە بەکەڤەری دیکە، هەروەها چالاکیو کـاری هاوبەشیش گرێدراون بە ئیرادەوە، ئیرادەش لەدایکبوونـەوەی هێزێکـی نادیارە لەنێو دیارەکاندا، بۆیە ئازادی لێرەدا لـەجیاتی بـەکارهێنانی کالاَ بێت وەکو فریدریك ئەنگڵس دەڵێت، دەبێتە سـتایلێکی دیکـەی دەرکەوتن، چونکە ئەو هەقیقەتەی کە شۆڕش بـزری کـردووە، ژیـانی تایبەتی وەکو ئەلتەرناتیف پێشنیاز کردووە بۆ شۆڕشێك کە لەجیاتی گروپەکان، تاکەکان بـۆ خۆیـانی دەسـتەبەر دەکـەن، هەڵبـەت ئـەم چالاکیو ئازادییە، وەکـو ڕەخنـەو جیـاوازی تەماشـاکراوە لـەدونیای پۆست سەرمایەداری هاوچەرخ، بۆیە هەمیشە تیشکی خراوەتە سەر، ئەمە دیاریکردنێکی دیکەی شوناسی تاکێتییە.

**پرسیار: قبوڵکردنی جیاوازی چونکە بەرئەنجامی هۆشـیاری یـە، کەواتە ئێمە لەنێو مەعریفەدا ئەو فەزایەمان هەیـە کـە ڕۆشـنبیرو کەسە شارەزاکان لەهەموو کایەکاندا فکری یەکتر قەبوڵ بکەن، ئەی بۆچی ئەو گفتوگۆیە نابینرێت بەتایبەتی لەکایەی ئەدەبدا؟.**

**سمکـۆ محەمــەد:** خـاڵی سـەرەتایی دانپێـدانان بەئـەویتر مانـای جایوازی یە، ئەمە ئەگەر قەبوڵکردنی جیاوازییەکە شتێکی ئاساییی بێــت یــان قورســتر لەتێگەیشــتن کــە هەنــدێکجار کولتوورەکــان

لەیەکتریش تێنەگەیشتوونو یەکتریشیان قەبوڵ کردووە، وەکو ئـەوەی لەهیندستان هەیەو لە رۆژئاوا رەنگیداوەتەوە بەناوی کۆمەڵگەی فرە کولتــووری، بــەڵام ئەمـــە بەشـــێکە لەپەیوەنـــدیی جۆراوجـــۆری کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، بۆیە گرینگ ئەوەنییە بۆئەوەی بیســەلمێنین جیاوازین لەگەڵ یەکتر، بڵێین جیاوازین یان کۆمێنتمان هەبێ لەســەر هەموو شتێك، بەڵکو گـرینگ ئەوەیــە ماهیــەتی جیــاوازی بــزانینو گرینگی بەو رێگەیە بدەینو هەمیشە لەپەروەردەو عەقڵی نەوەکانــدا رەنگبداتەوە، من تەنانەت ئەو جیاوازیانەش کە بەناوی زمانەوە بــاس دەکرێت بە فەیكو ساختە دەزانم .

با لەبارەی زمانەوە وڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، پرسیارەکە ئەوەیــە بۆچی زمانی فەرانسیو ئینگلیزیو عەرەبی زمانی زیندوونو زمــانی ئۆردو زیاتر لە ملیارێكو نیو خـەڵك قسـەی پێدەکـەن جیاوازیـەکی زیندوو نیین؟، ئەم کەیسە هیچ جیاوازییــەکی نییــە لەگـەڵ کەیســی چینایەتی کە سەرتاسەری جیهان بەناچار قەبوڵیان کـردووەو لەگــەڵ فەزا خولْقاوەکـەی دەژیــنو چارەنووســی ئینســان لەدەســت گروپێــك ئینسانە، وەختێك باسی ئـەم جیاوازییــە رەســەنە دەکـەین، تۆمــەتی شمــولیو کـۆنو دژە ئینســانیمان پێدەبەخشــن، هەڵبــەت ئەمــە بــۆ داپۆشینی راستیەکانەو نەك دەرخستنی جیاوازی .

من لێرەوە باس لــەو فــەزا خاڵییــە دەکـەم کـە لـەنێو مەحفـەلی رۆشنبیری رۆژهەڵاتیی هەیە، لەکاتێکدا ئێمە ئەم چـەمکەمان وەکـو

هەر چەمكێكی تری فەلسەفەو فكر لـەدونیای رۆژئـاوا وەرگرتـووە، بۆیە نەپـەروەردەكراوین بـەو ئاراسـتە بیركردنەوەیـە، نـە دەشـتوانین هەرزی بكەین بـەو تەمەنـەوە كـە كۆمەڵگـە پیرێتـی پێـوە دیـارە، لەراسـتیدا چـەمكێك هـەرس دەكـرێو قـەبوڵ دەكرێـتو پراكتیـك دەكرێـت لــەژیانی رۆژانــەدا، ئەگــەر بەسیســتم ئینســانی بــۆ ئامادەكرابێـتو پـەروەردە كرابێـت، رۆژهـەڵاتی ئـەو رۆشـنبیرییە نوێیەشی كە پەیدای كردووە، تـەنها وەكـو فـۆرم كـاری پێـدەكاتو لەجەوهەردا كەس خاوەنی ئەو پرنسیپە ئەخلاقییە نییە كە لەهەموو كایەكاندا فەرزكراوەو كاری پێبكرێ، مەبەستم ئەوەیە ببێتە مـۆراڵو لــەژیانی رۆژانــەدا هەســتی پێبكــەین، لەكاتێكـدا كۆمەڵگـەی رۆژهەڵاتی كە فرەییە لە ئایینو ئایدیاو زمانو شێوەزارو بـن زمـان، كەچی ئەو فرەییە نابینین كە لەرۆژئاوا بەناوی فرە كولتووری هەیـە، ئەم جیاوازییە نابینین، تەنانەت لە گەیاندنیشدا، بۆ نموونـە كـوردی (كرمانجی سەروو خواروو) بەهۆی ئەوەی لەیەكتر تێناگەن، بەناچـاری بەعــەرەبی قســە دەكــەن، هیچــكامیان بــۆ ئــەویتر تــەنازول ناكــەن شێوەزارەكە تێكەڵ بكەن، ئەمــە لــەدونیای عەرەبیشـدا هەیـە لـەو وڵاتانەی بەشی ئەفریقینو ئەوانەشی ئاسیایین .

دیسان ئەگـەر كێشـەی زمـان وەربگـرین كـە بریتییـە لـە دالو مەدلول، هەموو ئەو شتانەم دەوێ كە زمـان مانـا بەرهەمـدەهێنێ، هەر زمـانێكیش كـەمترین مانـای لێبەرهـەمهات، واتـە زمـانێكی

هەژارە، لەمبارەیەوە جاك لاكانو فێردیناند دی سۆسێر وەردەگرم کە لەبارەی زمانەوە تیۆریان هەیە، ئەوان پێانوایە زمان دەنگە، ئەگەر دەنگیش بنووسرێتەوەو زمان شتێکە وەکو گەنجینە، سۆسێر دەیگەڕێنێتەوە بۆ کتێبی (تەورات) بەو مانایەی کە چیرۆکی سەرەتایی زمان لە داستانی ئادەمو حەواوە هاتووە کە قسەیان کردووەو ناویان لە شتەکان ناوە، کەواتە ئەو جیاوازییە لەزماندا هەیە ئەوە بنەماکەیەتی، جاك لاکانیش بۆ ئیدراك، لەهەردوو حاڵەتەکەدا رۆژهەلاتی کەلکیان لەم باسە تیۆریانە وەرنەگرتووە.

بەهەرحاڵ ئەو رووبەرەی کە بۆتە جێگەیەك بۆ خۆنمایشکردنو بەلارێدابردنی گوتاری مەعریفی، لەبری ئەوەی رۆشنبیرەکان لەپەراوێزی چەمکەکەو بەپێی لۆژیکی چەمکەکە مانای جیاوازیەکان بەیان بکەن، هەروەها لەرێگەی بۆچوونەوە خۆیان لەو تەرزە میدیاکارە جیابکەنەوە کە بوونە بەکارەکتەری هەڵچوونە سیاسییە نامەعریفیەکان، بەبێ ئەزموونو بەبێ شارەزایی لەسیاسەت، زۆرجاریش بەهۆی ئەو نەشارەزاییەوە بەکاری سیخوڕیەوە تێوەگلاون، بەپێچەوانەشەوە رۆشنبیر بوون بەتیۆریستینە رۆژنامەوانیەکانو ئەوانەش کە ئەدەبین، بەگشتیو بەبێ ئاگا دوور لە تێگەیشتن لەچەمکی جیاوازی لەکۆنتێکستدا، بەناوی جیاوازییەوە کۆمەك بەسیاسەتێك دەکەن دژی سیاسەتێکی تر، ئەم حاڵەتە تائەو جێگەیە پەلی هاویشتووە کە بۆتە چەند جۆرێك لەبازاڕ بۆ

چەمکەکە، جارێك گەرمکردنی بازاڕی سیاسیو یەکلایی کردنەوەی هێزە سیاسیە کێبەرکێکەرەکانە، جارێکی دیکە بۆتە بازاڕێك کە سیاسەتێك دژ بە سیاسەتێکی دیکە، بۆ نموونە هەم بەشی زۆری رۆژنامەکان موڵکی سیاسیەکانن، هەم ئەو کەرەستە رۆژنامەوانییەی کە لەبازاڕ دەفرۆشرێت، دیسان موڵکی کۆمپانیاکانی کارەکتەرە سیاسیەکانن‌و کەڵکی لێوەردەگرن، بۆیە ئەو جیاوازییەی ئەوان باسی دەکەن، ئەوە وەهمەکەیە نەك جیاوازی راستەقینە.

بەپێی تێبینی‌و تێگەیشتنی نووسەری بەناوبانگی عەرەبی (زکی العلیو) هەست بەوە دەکەین کە جیاوازی جگە لەوەی لەنێو کارەکانی دیکە وەکو نووسینی کتێب بەمیتۆد، لەهیچ شوێنێکی تر جێگەی نابێتەوە، بەپێچەوانەوە دەرکەوتنەکانی تر لەرێگەی میدیاوەو بەتایبەتی شاشەی تەلەفزیۆن، ئەوەیە کە هەم هاندانەو هەم هاندەرن بۆ بەشداریکردنی کاریگەریانەی خەڵك‌و جیاوازی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، هەم پشکداری کردنە لەدیاریکردنی بڕیاری چارەنووسی خۆی بەشی هەبێت‌و نەترسێت، هەڵبەت ئەم هۆشیاریە تەنها بەهاندان نابێت، بەڵکو بەئارگومێنت هێنانەوە دەبێت کە رەخنە ببێتە نەریت، چونکە هەتا قەبوڵکردنی جیاوازی بەجەوهەری خۆی کاریگەری لەسەر گشت نەبێت، رەخنە نابێتە نەریتی کۆمەڵایەتی، بۆیە کێشە ئاڵۆزەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بریتییە لەو جیاوازییە وەهمییەی کە میدیا درووستی کردووە.

**پرسیار: باشە باسی گرێیەیەکی دیکەی جیاوازیت کرد کە ڕاگەیاندنە، ماوەی رابردوو بەناوی جیاوازییەوە میدیا وەکو رووبەرێك بۆ جێگەکردنەوەی جیاوازییە هەمەلایەنەکان بەکارهات، بەرهەمەکەشیمان بینی کە لەئاستی تێگەیشتنی خەڵكو تەنانەت سیاسیەکانیش نییە، ئایا بەهەق وایە ئەم رووبەرە جێگەی جیاوازەکانی کردۆتەوە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** لەراستیدا ئەم رووبەرەی کە بۆتە جێگەیەك بۆ خۆنمایشکردنو بەلاڕێدابردنی گوتاری مەعریفی، لەبری ئەوەی رۆشنبیرەکان لەپەراوێزی چەمکەکەو بەپێی لۆژیکی چەمکەکە مانای جیاوازیەکان بەیان بکەن، هەروەها لەرێگەی بۆچونەوە خۆیان لەو تەرزە میدیاکارە جیابکەنەوە کە بوونە بەکارەکتەری هەڵچوونە سیاسیەکان، بەبێ ئەزموونو بەبێ شارەزایی سیاسەت، زۆرجاریش بەهۆی ئەو نەشارەزاییەوە بەکاری سیخوڕیەوە تێوەگلاون، بەپێچەوانەوە رۆشنبیر بوون بەتیۆریستینە رۆژنامەوانیەکانو ئەوانەش کە ئەدەبین، بەگشتیو بەبێ ئاگا دوور لە تێگەیشتن لەچەمکی جیاوازی لەکۆنتێکستدا، کۆمەك بەسیاسەتێك دەکەن دژی سیاسەتێکی تر، ئەم حاڵەتە تائەو جێگەیە پەلی هاویشتووە کە بۆتە چەند جۆرێك لەبازاڕ بۆ چەمکەکە، جارێك گەرمکردنی بازاڕی سیاسیو یەکلایی کردنەوەی هێزە سیاسیە کێبەرکێکەرەکان، جارێکی دیکە بۆتە بازاڕێك کە سیاسەتێك دژ بە سیاسەتێکی

دیکە، بۆ نموونە هەم بەشی زۆری رۆژنامەکان موڵکی سیاسییەکانن، هەم ئەو کەرەستە رۆژنامەوانییەی کە لەبازاڕ دەفرۆشرێت، دیسان موڵکی کۆمپانیاکانی کارەکتەرە سیاسیەکانن‌و کەڵکی لێوەردەگرن.

جیاوازییەك لەمیدیادا بووەتە باو، خراپ بەکارهێنانی ئەو رووبەرەیە بۆ جەنگ تەرخان کراوە، ئەم رووبەرە بەشێکی جەنگی دیارە کە لەگوتارەکاندا باشتر دەبینیرێت، ئەویش لەهەواڵ‌و چاوپێکەوتنەکاندا دەردەکەوێت، بەشەکەی دیکەی نادیارە، چونکە تەواوی جەنگەکە کۆکراوەتەوە لەسیاسەتێکی ناتەندوورست کە لەکۆنتێکستدا دەرناکەوێ، یان هێزێکی تارماییە لەدژی هێزێکی تر، لەحاڵێکدا ئەو جەنگەی کە دەبوو رۆژنامەنووس بیکردایەو رۆشنبیری جدی هاوپشتی بکردایە، نەك هەر پەراوێز خراوەو لەبیری خەڵك براوەتەوە، بگرە قەناعەتێکی تەواویشی درووستکرد کە جەنگی گروپە کۆمەڵایەتییەکان‌و جەنگی مەعریفی‌و جەنگی نێوان کۆنخوازو نوێخوزاو جەنگی بازاڕو جەنگی چینەکان، بچووك بکرێتەوە لەجەنگی سیاسەتێکی لۆکاڵی‌و بچوکتریش جەنگی دەروونی حیزبە سیاسیەکان کە هەموویان لەژێر ناونیشانی جیاوازیدا پێناسە کراون.

ئەم جۆرە هاندانە بۆ میدیاکارو کردنیان بە ئەستێرەی وەهمی شاشە، لەرێگەی خولقاندنی رووداوی هەمەچەشنی ناهەقیقییەوە، چەند ئامانجێکی هەبوو، یەکێك لەوانە نەهێشتنی بڕوا بەخۆبوون‌و بڕوا بە ژیانی ئاسایی بوو، هەروەها سنووردارکردنی چێژی ژیان بوو

**له بابەته فرەبییەکان، هەروەها لەبیربردنــەوەی هەســتی مــۆڕاڵی بــوو لەئینساندا، نەمانی ئومێدبوو بەچاکسازیکردن لەکایــەکانی ژیــان، هەڵبەت ئەمانە هەموو ئامانجی خۆیان پێکا.**

ئایدیۆلۆژیا ماسکێکە
لەشێوەی هۆشیارییەکی
موزەیەفو تەمومژاوی،
سەرەتای هەیەو کۆتایی
نادیارە.
هەموو رۆشنبیرو
نووسەرو ئەکادیمیستێك
جورئەتی
موناقەشەکردنی
ئایدیۆلۆژیای نییە.

**پرسـیار: بـەهۆی سرووشـتی جیاوازییـە فکـریو ئـایینیو زانستیەکانەوە، بەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هـەموو شـتێك سـیفەتی ئایـدیۆلۆژیای وەرگرتـووە، ئەمـەش روونکردنـەوەو پێناسـەو شیکردنەوەی زیـاتری ویسـتووە، لەکاتێکـدا توێـژەرانو بیرمەنـدان بەبەردەوامی رەخنەیان لەم چەمکە گرتووە، خوێندنەوەی ئێوە چییەو چۆنە، بۆ چی هەموو دیاردەکان بەو ئاراستەیەدا رۆیشتن؟.**

**سمکۆ محەمەد:** نا من تەواو کۆك نیم لەگـەڵ ئـەو بۆچـوونە کـە هـەموو شـتێك بۆتـە ئایـدیۆلۆژیا، چـونکە ئـەم بابەتـە چیرۆكو بەسەرهاتی جیاوازی هەیـە کـە لـەدوای کلاسـیکیزم، چـەمك یـان تێرمی جۆراوجۆر بەرهەمهاتو ئەو تێرمانەش بەلانیکەمەوە فکـری فـراوانتر کـردو رەخنـەی نـوێی بەرهـەمهێنا کـە پێشـتر رەخنـەش سیستمێك بوو لەدژی سیستمێکی تر، کەواتە نابێ ئـەوەمان بیربچـێ لەوەتەی بیرکردنەوە هەیە، ئایدیۆلۆژیا هەیەو لەهەموو سـەردەمێكو قۆناغێکـدا بەسـتایلی جیـاواز نـوێ دەبێتـەوە، چـونکە ئینسـانی ئایدیۆلۆژیست هەمیشە بەدوای ئایدیایـەکی نـوێ دەگـەڕێت تـاکو لەپرۆسەی بڕیارداندا بەپێی ئەو دیدگایە بوونی خۆی بسەلمێنێ، بەڵام

ئەو دابڕانە مەعریفییە بەفۆڕمێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ئەو تێرمانە کرد کە هیچ نەبێ ئەو سیفەتەی داماڵاند.

وەختێك ئایدیۆلۆژیا لەچەمکەوە بوو بەکەرەستەی دامودەزگای دەوڵەتو هەروەها کۆمپانیاکانیش دەبنە بەشێك لەکارگەی ئایدیۆلۆژیا، ئەوکاتە زیاتر هەست بەمانەوەی ئەم چەمکە دەکەین کە چەند چالاکە.

**پرسیار: باشە بۆ ئەوەی قسە لەسەر سەرەتاو دەرهاویشتەکانی دوا قۆناغی فکرو ئایین بکەین، دەبێ لەسەرەتای ئەو جیاوازییە فکریو ئایدیایانەوە موناقەشە بکەین، ئایا بۆچی هەموو فکرێكو هەموو کردەیەکی تەنانەت پیشەسازیش بوون بە ئایدیۆلۆژیای کۆنکریتیو بۆچی پێویستمان بەدابڕانێکی تر هەیە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** هەڵبەت هەموو فکرو ئایینو فەلسەفەیەك بنەمای رەسەنایەتی خۆی هەیەو هۆکارێکی مێژوویيو نهێنییەکی کۆمەڵایەتیی هەبووە گرەوی لەسەر جێکەوتەبوونی کردووە، بۆیە کۆدی بۆ دانراوە وەکو ئەوەی هەر ئایینێك کۆدی خۆی هەیە، ئەمە هەر لەسەردەمی کلاسیکەوە واهاتووە، بۆیە ناکرێ بۆ هەموو بابەتێك بچینەوە یۆنانی کۆنو میسری کۆنو هیندو چینی کۆن کە ئەمان هەم کۆمەڵگەو هەم دەوڵەتو قەوارەی رەسەننو جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لەپاشکۆی ئەمانە مێژوویان بۆ خۆیان درووستکرد، بەڵام ئەوەی کە تارادەیەك وڵامی ئامانجی ئەو پرسیارە

دەداتەوە، ئەوەیە کە کۆتایی سەدەی رابردبوو سەدەی گەشەو هەڵدانی تەکنۆلۆژیا بوو، بەوپێیەی کە فەلسەفەو ئاینیش لەماڵێك‌و لەزەمەنی جیاوازدا موناقەشەی لەسەر دەکرا، ئیدی ئایدیۆلۆژیا یەکێك لەو چەمکانە بوو کە زۆرترین موناقەشەی لەسەر کراوە، چ لەلایەن ئیایدۆلۆژیستەکانەوەو چ لەلایەن رەخنەگرانییەوە، چونکە زۆرترین رووبەرو فەزای فەلسەفی‌و ئایینی داگیرکردبوو، تائێستاش گرەوی ململانێکان لەسەر ئەو بابەتە دەکرێ، بۆیە کە مۆدێرنەو رێنیسانس هاتن، زنجیرە فۆڕمێکی لە بەرهەمی ئەدەبی پێشکەش کرد کە دژی ئایدیۆلۆژیا وەستانەوە، ئەمە وەکو تەشکیلاتێکی ئایدیۆلۆژی جیاواز لەسەر زاری بیرمەندان جێکەوتە بوو، ئەوکاتە بوو کە تاقمێك گوتاری بەهایی رێژەیی پێکەوەگرێدراو نوێنەرایەتی ئەم رەوتەیان دەکرد، هەر لەوکاتەوە ئایدیۆلۆژیا جارێکی ترو بەرەنگ‌و بۆیەکی ترەوە، وەکو ئەوەی لەسفرەوە جیهان بونیاد بنێتەوە، سەرتاپای فەزای بیرکردنەوەکانی سەرخانی کۆمەڵگەو دەوڵەتیشی داگیرکرد، هەموو دژەکان بەئاکادیمی‌و دەرەوەی ئاکادیمیاشەوە لەسەر ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژیانە کۆك بوون کە قەیرانە مێژووییەکانیان مەترسیدارترن لەو قەیرانانەی هەنوکەیین، چونکە وەکو پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت (شەڕ بەکۆنە قین دەکرێت) ئەمە تاکو بۆشاییەك مابوو کە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەکان بوو، ئەم حاڵەتەش لەگەڵ خۆیدا جەنگی دەکرد، مەبەستم ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیا بەحوکمی

زەمەن لەگەڵ خۆیدا کێشەی هەبوو، ئـەویش بەبنبەسـت گەیشـتنی ململانێی فکری بوو کە پڕکردنەوەی بۆشاییەکە بوو، لێرەوە پەیوەست بـوون بەئەخلاقـەوە بـوو بـە ئۆلگۆیـەکی تـر بـۆ لـەدایکبوونی ئایدیۆلۆژیای هاوچەرخ، بۆ نموونە دادگایی کردنی هێزی ئایدیۆلۆژی هاتە ئاراوە کە دژی روحی سـەرمایەداری کلاسـیکی بـوو، دژایـەتی روحـی سالوسـی مەسـیحیەتو ئایینـەکانی دیکـە بـوو، هـەروەها دژایـەتی ئـەو فکـرە کۆنکرێتیانـە بـوو کـە لایـەنێکی دیکـەی موناقەشەکە بوو، کەواتە بۆمان دەرکـەوت بۆچـی رەخنـە لـە کـۆی سێکتەرەکان بەئەزموون هەموو رەهاییگەراییەکی ئایینیو سیاسیو فەرهەنگی رەتکردەوە، نموونەشیان ئەو بیرمەندو شاعیرانە بـوون کـە دژی سیسـتمەکان راوەسـتانەوەو بـە مـەرگی خۆیـان، یـان پەراوێزخستنیان کۆتایی هات، لێرەوە ئەو سیفەتەی باسی دەکەی کاڵ بووەوە.

**پرسیار: باشە کەواتە دەکرێ بڵێین هۆکاری ئەو فرەییەی کـە لـە ئاراسـتە فیکریەکانـدا دەبینرێـت، بـە زۆری دەگەڕێتـەوە بـۆ گۆڕانکاریەکانی کەژینگەی سیاسیو کۆمەڵایـەتیو ئابوورییـەکانی نێو کۆمەڵگەکان، بەدەر لە پێناسە کلاسیکییەکەی، ئێستا پرسیاری دوای ئەوە ئەوەیە ئایا جیاوازیو بەرجەسـتەبوونی ئـەم چـەمکە لـە کۆمەڵگە داخراوەکان بەراورد بە گەلانی پێشکەوتوو چۆن دەبیـنن؟،**

**ئایا ئایدیۆلۆژیا چ وەکو ئایینو چ وەکو فکر لەنێو هەموو کۆمەڵگەکاندا ماوە، یان گەیشتۆتە کوێ ؟.**

**سمکۆ محەمەد:** کە باس لەزەمەنی پراکتیکردنی ئەم چەمکە دەکەین، یەعنی نابێ جیاوازی لەنێوان ئێرەو ئەوێ بکەین، یان جیاوازی لەشوێنکاتی ئەم چەمکە بکەین، بەڵام دەکرێ کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی ئەو کۆمەڵگەو وڵاتانە بەنموونە وەربگرین کە پراکتیکەکەیان نیگەتیڤە، بۆ نموونە بوزی لە بۆرما توندوتیژن بەڵام لە مالیزیا میانڕەون، ئیسلام لەرۆژهەڵات بەشی زۆری توندڕەون، کەچی لە تونس یان لەمەغریب میانڕەون، ئەمە جیاوازی لەکۆمەڵگەی داخراوو کۆمەڵگەی کراوە دەردەخات، بەڵام سەرەنجام ئایدیۆلۆژیا هەر ئەو فەزایە درووستدەکات کە دەیەوێت، واتە بەپێی ویستو ئامانجی ئایدیاکەیە لەرووی پراکتیکەوە، یان بەپێی ویستی کاڵاو بانگەشەکەیە، جا ئەو ئایدیایە ماتریالی بێت یان ئایدیالیستی بێ هەمان ئامانجی هەیە، کەوابوو ئایدیۆلۆژیا لەخۆڕا دەرناکەوێت، بەڵکو لەدەقێکدا یان لەرێگەی تیۆرەوە یان لەفەزایەکی ناجێگیردا دەردەکەوێت، یان لەرێگەی ئایینەوە یان لەرێگەی کەرەستەو گرووپی سیاسیو تەنانەت وەرزشیشەوە دەردەکەوێت، وەکو ئەوەی ئێستا دەیبینین، بۆیە بەئاسانی ئایدیۆلۆژیای هاوچەرخ نابینرێتو هەستی پێناکرێ، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزاییان نییە لە گەمەی سیاسی ئەم سیستمە هاوچەرخە، لەسیستمی فیدرالیدا هەر کارێک

بەپێی ڕەهەندی خۆیو بەرامبەر ئایدیۆلۆژیایەکی تر دەپارێزرێ کە حوکمی بەسەردا دەکات، ئیدی ئایدیۆلۆژیا پەیوەندییەکی خەیاڵییە کە ئەفرادەکان پێکەوە لە بابەتو مەیدانێکی دیاریکراودا گرێدەداتو وەکو واقیع دەیناسێنێ، بەڵام لەدەرەوەی دەقەکەدا مانایەکی دیکەی وەهمی یە.

با پێناسەیەکی نوێ پێشکەش بکەم، ئایدیۆلۆژیا ماسکێکە لەشێوەی هۆشیارییەکی موزەیەفو تێکەڵو تەمومژاوی کە سەرەتای دیارەو کۆتایی نییە، چونکە کۆمەڵێك بەهاو بیرۆکەیە کە گروپێك بڕوایان پێیەتی، هەڵبەت ئەمەش کاریگەری لەسەر فکر دەکاتو زۆرجاریش بەلاڕێیدا بردووە، دەبێتە لۆژیکێکی نەشیاو یان مەعریفەیەکی وەهمی کە بیانووەکە ئەوەیە کۆمەڵگە بەپێی ئەو لۆژیکە بەرژەوەندیی خۆیان بدۆزنەوە، (عبدالله العروی) بیرمەندێکی عەرەبییە لەهەشتاکانی سەردەی رابردوو زۆر موناقەشەی ئەم چەمكو تێرمانەی کرد، زۆربەی چەمکەکانی کردووە بە کتێب، لە کتێبی (مفهوم الایدیولوجیه) ئەم چەمکە دابەشدەکاتە سەر سێ جۆر کە من بەکورتی باسیان دەکەم.

جۆری یەکەم (ئایدیۆلۆژیای تێڕوانینی یونیڤێرساڵییە). ئەم سیفەتەی ئایدیۆلۆژیا لەفەلسەفە نزیکتر دەبێتەوە، بەوپێیەی لە حوکمی شمولیو یونیڤێرساڵیدا، چارەسەری کێشەکانی تاكو

کۆمەڵگەش دەکات، بەهەمان شـرۆڤەش خـۆی یـەکلایی دەکاتـەوەو لەمێشکی هەموانیشدا رەنگدەداتەوە.

جۆری دووهەم (ئایدیۆلۆژیای تاکگەراییە). ئـەم سـتایلە بـەپێی تێگەیشتن‌و قەناعەتی تاکەکانە بۆ ئاسۆیەکی فکری دەڕوانێ، لێرەدا تـاك هـەموو ئـەو رەگەزانـە لـەفکرو لەوێنەیـەکی دروسـتکراوو رەنگاوەڕەنگدا دەدۆزێتەوە، لەوێشەوە غەریزە بچوك‌و گەورەکانی خـۆی لەجەستەو مێشکیدا تەوزیف دەکات، بەڵام ناتوانێ بازبـدات بەسـەر هەموو سـنوورەکانی خۆیـداو قەیـدو بەنـد بەیـەکجاری بشـکێنێ، ئەمەش تێڕوانینێکی زەینییە کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، نەك هـەموو دونیابینی نوێ ببینێ.

جـۆری سـێهەم (ئایـدیۆلۆژیای دیاردەناسـی). ئـەم رەهەنـدەیان شیکارییە بۆ مەعریفەو زانست‌و کێشە بابـەتی‌و خودییـەکان زیـاتر دەردەخــات، ئەمــەیان بەبارتــەقای ئایــدیۆلۆژیای یونیڤێرســاڵی کاریگەری هەیە، چونکە لەبارەی ئینسانەوە بەگشتی قسـە دەکـات، بەوپێیەی کە جیاوازییەك لـەنێوان ریالییـەتی‌و فکـر هەیـە، ئەمـە هۆکـاری ئەوەیـە کـە ئایـدیۆلۆژیا وا لێـدەکات پێچـەوانە ببێتـەوە لەبەرامبەر فکری راستەوخۆ، هەڵبەت ئەمـەش ئـارگۆمێنتی خـۆی هەیە.

کەواتــە ئایدیۆلۆژیســتەکان هەریەکــەیان ئــارگۆمێنتی خۆیــان هەیـە، هەریەکـەیان پێیانوایـە لـۆژیکی ئـەوان پێچـەوانەی ئـەو

هەقیقەتەیـــە کـــە کۆمەڵگـــە بەگشـــتی بڕوایـــان پێیـــەتی، لۆژیکستەکانیش واشیدەکەنەوە گوایە وەهمی ئەوانی ترە کە ســتایلی جۆرە خۆشەویستییەکە کە مانای کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگـەی هەیـە، ئەمەش زەمینەیەکی فەلسەفی هەیـە کـە ماتریـاڵو عەقلانییـەت حوکمی بەسەردا دەکەن، بەڵام لەرابردوودا پەیمانی شۆڕشی فەرانسیو ئاشکراکردنی پارادۆکسەکانی فکر، نـەیانتوانی بـالآنس بـۆ هـەموو شتەکان رابگرن، بۆیە لێرەوە لۆژیکیستەکان ئەمەیان وەکو دیفـاکتۆ تەماشا نەکردووە، بەڵکو بەفکرێکی ئایدیۆلۆژیی دۆگماو نازانســتی ناوزەدیان کردووە.

کەوابوو لێرەوە ئەو جەنگە ئایدیۆلۆژیەی لەگەڵ ئاراستەکانی تـر کە خاوەن فرسەتێك نیین بۆ تەعبیرکردن لە خۆیان، ئەو باسە زیندوو دەکەنەوە کە هــەموو رۆشــنبیرو نووســەرێك جورئــەتی ئــەوەی نییــە موناقەشەی ئایدیۆلۆژیا بکــات، چــونکە بەناڕاســتەوخۆ رۆشــنبیری کــردووە بــە کارێکتــەرێکی چــالاكو بــەکارهێناو کــە لەرێگــەی ئەدەبیاتو نووســینی رۆمــانو تێکســتەوە تــەعبیر لــەخۆی بکــاتو بەخــەیاڵی خۆشــی وابزانــێ دژی ئایدیۆلۆژیایــە کــە پێچــەوانەکەی راستە، بەڵام گروپــی سیاســیو چــینو توێــژەکانی تــر ململانێیــەکی دیکــەی راســتەوخۆ دەکــەن، بۆیــە ئایــدیۆلۆژیا هەمیشــە خــۆی بەرهەمدێنێتەوەو بەراستەوخۆ بێت، یان ناڕاســتەوخۆ خــۆی زینــدوو دەکاتەوە .

وەختێك ئایدیۆلۆژیا لەچەمكەوە بـوو بەكەرەسـتەی دامودەزگـای دەوڵـەتو هـەروەها كۆمپانیاكـانیش دەبنـە بەشـێك لەكارگـەی ئایدیۆلۆژیا، ئەوكاتە زیاتر هەست بەمانەوەی ئەم چـەمكە دەكـەین كە چەند چالاكە، ئالتۆسێر زووتـر لەهـەموو بیرمەنـدەكان هەسـتی پێكرد، ئـەو باسـی لـەو جیاوازییـە ریشـەییانە كـرد كـە لـەنێوان ماركسو هێگڵ بوو، چۆن دەوڵەت خراپ كەڵكی لێوەرگرتو هەموو دامودەزگاكانی خستە ژێر هەژموونی ئایدیۆلۆژیاوە، هەڵبەت ئەمـە دوابـەدوای ئـەو جەنگـە دیالیكتییەكـەی مـاركسو هیگـڵ بـوو لـەرابردوو، ئـەوكاتیش بەشـێكی زۆر لەبیرمەنـدان هەسـتیان بەمەترسـیەكە كـرد كـە لەئـەنجامی ئـەو گەشـەیە سـەرەتای بێبەهاكردنی ئەو شتانەیە كە ئینسان شانازی پێوەدەكاتو لەسـەروو هەمووشیانەوە هۆشیاریو ئازادی نووسین بوو، ئەوەبوو لەدرێژەی ئـەو رەوتە چەپە فرۆییدیەی كەلێنە روحییەكانی ماركسی پڕكردەوە، ئـەم بێبەهاكردنە بووە میتۆدێكی سنوورداری فكری، ویلهێم رایش یەكێك لەو بیرمەندانەیە كە هەردوو فەلسەفەی سایكۆلۆژیو ماتریـالیزمی دیالیكتیكی تێكەڵ كرد، بەڵام لەرێگـەی رەخنـە لەئایـدیۆلۆژیاوە، كتێبی (گـوێبگرە پیـاوی گـرگن) ی نووسـیو تائێسـتاش زۆرتـرین خوێنەری هەیە، زۆرترین كەس لەسەرەتاسەری دونیـادا كەوتنـە ژێـر كاریگەریو هەژموونی ئەو بیرۆكەیەوە كە دژی ئایدیۆلۆژیاو خەیاڵی دۆنكیشۆتی بوو .

لەرووی فەلسەفەییشەوە مـارکس تێڕوانینـی خـۆی هەیـە، ئـەو پێیوایە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیاکان بەسەر راڤەی کـردەی مرۆییـدا پـەیڕەوناکرێ، پێویسـتە دان بـەوەدا بنرێـت کـە زیـاتر لەکاریگەریو نیشانەکانی ئەو تیگەیشتنە ئامادەیە، بۆیە لـەکتێبی ئایدیۆلۆژیای ئاڵمانی دەنووسێ وادیارە خەڵکیو بـارودۆخی خـەڵکی لە هەموو ئایدیۆلۆژیاکاندا کە لەسەری وەستاون، وەکـو ئەوەیـە لـە فۆتۆیەکی تەمومژاویدا دەرەکەون، چونکە ئایدیۆلۆژیا ریشـەی خـۆی لە بـارودۆخی ژیـانی ماتریالیـدا داکوتـاوە، بـەڵام ئـەوە پێویسـتی بـەبوونی پەیوەندییـەکی گشـتی، یـان تاکلایـەنی نێـوان بناغـەی راستەقینەی کۆمەڵگە هەیە، چونکە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بونیـادی یاسـاییو سیاسـی نییـە. ئـەوەی تێبینـی مارکسـە لـەو پەیوەندییەدا دەکەوێتە نێوان بونیادی چینایەتیو خودی ئایدیۆلۆژیا، بەوپێیەش بێت پەیوەندیی نێـوان ئایـدیۆلۆژیاو ژێرخـانی ماتریـالی دەگشتێنێ، چونکە بنـەمای ئـەو بۆچـوونە کـەناڵێکی نێـوان ئـەو دوانەیـە کـە بەشـێکی دەرکـەوتنی ئایدیاکانـەو دوا بـەدوای ئـەو پەیوەندییـــەش، ئایدیۆلۆژیایـــەکی دیکـــە لـــەدوای خـــۆی بەرهەمدێنێتەوە، زۆرجار ئایـدیالیزمیش کـە بەرامبـەر ماتریـالیزم دادەنرێت، هۆکارەکەی تەنها دژبوونی چەمکە، چونکە ئایـدیا وەکـو بیرۆکـەو بەرهـەمی عـەقڵ تەماشـا کـراوە، واتـە شـتێك لەزەینـدا چەکەرەی کردووە، ئەوەی دیکە وەکو رێژەی کامڵبوونی پێش پراکتیك

کردنی بیرۆکەکەیە، ئەم چەمکە راستەوخۆ پەیوەندیی بە روحەوە هەیە، بۆ ئەو بابەتانە بەکاردێت کە نابینرێت، وەکو چۆن دیکارت لەبارەی لاهوتەوە بەکاریهێنا .

**پرسیار: لەو وڵامەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەم چەمکە وەکو تارماییەو لەهەموو ئایدیایەکدا ئامادەیە، تەنها ئەو وەختەش زیاتر زیندووە کە دژەکەی لەبەرامبەر خۆی دەبینیٚ، نەك هەر سیاسەتو ئایین، بەڵکو عەقڵو دەوڵەتیش کاریان پێکردووە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** ئێستا باسی ئەوە دەکەم چۆن هەموو شتێك کردارو پەرچەکردارەو چۆن هەتا دژ ئامادە نەبێت، بابەتە سەرەکییەکە ئامادە نییە، هەروەها باسی دەوڵەتیش دەکەم چۆن جومگەکانی بە ئایدیۆلۆژیا بارگاوی کردووە، بۆچی لەدەوڵەتی خەڵکەوە کە گوایە لەئەنجامی هەڵبژاردنەوە روویداوە، بووەتە دەوڵەتی ستەمکارو سەرکەوتکەر، بۆچی هەموو سیاسەتی کارگێڕیو سیاسەتی ناوەوەو دەرەوە بووە بە ئایدیۆلۆژیای گشت. ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە من لەنێو پرسیارەکەی ئێوەدا ئاشکرام کردووەو گرینگی پێدەدەم، چونکە بابەتەکە ناچارمان دەکات شرۆڤەی حاڵەتی پراکتیك کردنی چەمکی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی بکەین کە بۆچی کۆمەڵایەتی بووەو لەمێشکی هەمواندا رەنگیداوەتەوە، بەوپێیەی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت کە بەئەفرادەکانی خۆی بەڕێوەی دەبات، بەگشتی سەرکوتکەرنو توندن، ئەمە پەروەردەی دەوڵەتە بۆ ئەفرادەکانی کە

لەجومگەكانــدا كاردەكــەن، چــونكە كــاری ئــەوان ئەوەیــە بەچــڕی چاودێری بیركردنەوەی خەڵكی بكەن، بۆ نموونە تەنانەت بۆ چارەسەری ریشەیی هەر كێشەیەكی كۆمەڵایــەتیش، بــەپێی ئــەو ئایــدیۆلۆژیا پراكتیك كراوە كار دەكەن، هەر بەپێی ئــەو بەرنامــە داڕێــژراوە كــار دەكەن كە جومگەكان وەكو بیرۆكــەو دەســتووری كــار وەریــانگرتووە، هــەر بــەو سیســتمە چــاودێرییە سیاســییە كاردەكــەن كــە بنــەما فكرییەكەی دەسەڵات قەبوڵی كردووە، دەبینــی ئاراســتەی كێشــەكە بەرەو چ ئاراستەیەك رۆیشت .

وەختێك هەموو شتێك لەژێر كۆنترۆڵی چــاودێری وردی سیاســیو ئــەمنی بــوو، ئیــدی ئایــدیۆلۆژیا لەچــەمكەوە دەگوازرێتــەوە بــۆ دەستووری كاركردن، بەتایبەتی ئەو كاتەی كــە چــینی دەوڵەمەنــدو بازرگانو پیاوانی ئایینیو تەنانەت رۆشــبیری موزەیــەفو نووســەری موزەیەفو ئەوانی تر كە نزیكن لەدەسەڵاتو بەرژەوەندی یەكســانیان هەیە، ئیدی هەموو شتێك بەو چەمكەوە بارگاوی دەبێت.

**پرسیار: بەدەر لەكایەی سیاســی، ئایــدیۆلۆژیا لایــەنی دیكــەی وەرگرتووە كە زانستە ئەكادیمیەكانە، چونكە زانكــۆ لەسەرتاســەری دونیادا دوچاری وەهمێكــی دەســەڵاتدارێتی فەرهــەنگی بــووە، ئــەم فەزایە هیچی كەمتر نییە لە جومگەكانی دەوڵــەت، نموونــەش لــەو ســەرەدەمەوە هــاتووە كــە هایدگــەر یــەكێك لــە جومگــە هــەرە سەرەكییەكانی دەوڵەتی نازی بەڕێوەدەبرد كە زانكــۆی بــەرلین بــوو،**

**بۆیە جەدەلێکی زۆری درووستکرد، تائێستاش ئەم دەسەڵاتە ئەکادیمییە بەردەوامە لەو فەزایەی خۆی بەخۆی داوە، ئێستا ئەم تێگەیشتنە لەچ ئاستێکدایە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** ئێمە تائێستا لەبابەتی بەر لەسەرهەڵدانی دابڕانی فەلسەفە لەئاڵمانیا قسەمان کرد، بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی ڕەوتە فکرییەکە لەئاڵمانیا کە ڕەخنەیان لە ئایدیۆلۆژیا دەگرت‌و بەتێگەیشتنێکی سایکۆلۆژییەوە وەڵامی پرسیارەکەی بەردەم خۆی دایەوە، ئێمە ناکرێ هەموو وەهمەکە بەزانستەوە گرێ بدەین، بەڵام دەکرێ بە زانستخوازەکانەوە گرێی بدەین کە پێیانوایە میتۆدی زانستەکەی بەردەستیان داهێنانی فکری خۆیانە کە ئەمە وەهمەکەیە، مەبەستم ئەوەیە مامۆستای زانکۆ هێشتا لەوە تێنەگەیشتووە بڕوانامە، بڕوانامەی ئەکادیمی‌و زانست نییە، تەنها ڕێگەپێدانی کارەو هیچی تر، بۆیە وەهمەکە لێرەوە هەستی پێدەکرێت کە خەڵکی نەخوێندەوارو عەوام، ئەو کارێکتەرانە بەزاناو داناو تێگەیشتوو لەدیاردەو بابەتە هەستیارەکان دەزانن، بۆیە وەهمەکە تادێت باڵادەکات‌و فراوانتر دەبێت، ئەم وەهمە لەسەدەکانی ڕابردوو لە ڕۆژئاواش هەبوو، بەڵام دواتر وەهمەکە ڕەوییەوە.

بۆ نموونە ئەگەر لەسەدەی ١٨ مەوە تەماشای دۆخی ئەم چەمکەو فەزاکەی بکەین، دەبینین ئەوەی دوای هایدگەریش کە بەشێکی زۆرکردنی زانستی بوو، بەشەکەی دیکەی دەبێ وەکو توانای فەلسەفی

تەماشا بکەین، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی هەریەك لە بیرمەندانی وەکو (ئەریك فرۆمو یۆرگن هابرماسو هێربرد مارکۆزەو ولهێم رایش) دوای ئەو زەمەنە کە ستەمکاری بەهێز بوو، مانای چەمكو تێرمەکان رەهەندێکی دیکەیان وەرگرت، چونکە لەدوای سەرهەڵدانی کێشەی چەمکی ئایدیۆلۆژیا کە پێشتر ئاڵتۆسێر لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کۆی کردبۆوە، ئەو دوو بیرمەندانە دەرکیان بەو مەترسییە گەورەیە کردبوو کە بەناوی شۆڕشی تەکنۆلۆژیو جیهانگەراییەوە تۆمەتبار کردبوو، گوایە هێرشی هێناوەو هەرچی بەهای فکری هەیە رایدەماڵێ .

با وایدابنێین رزگاربوونێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەدەرەنجامی دوورکەوتنەوەی ئایدیا فکرییەکانەوە ئینسان ئازاد دەکات، بەڵام دەرکەوتووە بە گەشەی تەکنۆلۆژیاش بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی دابەشبوونی کاردا هەروەك ئەوەی پێشووترە، ئینسان جارێکی دیکەو بە بیانووی دیکە زیندانی دەکرێتەوە، ئێستا هەمان ئەو دۆخەی کە چینێك بەسەر چینێکی تردا زاڵە مەجوودە، ئێستا لەدۆخی ژیانی سەدەی ١٨و ١٩ دەچێت رەنگە لەهەندێك باردا خراپتریش بێت، چونکە رەخساندنی زەمینەو توانای فکریو جەستەیی بۆ دەرکەوتنی چینی ناوەڕاست نەما، ئەوانەی کە بەتەنگ فکرەوە بوون، ئەوانەی کە بەتەنگ دامەزراندنی پێشکەوتووخوازیو شارنشینییەوە بوون، کەوتنە نێوان بەرداشی تەکنۆلۆژیاو باوەڕی

ئایینی كە بوو بەئایدیۆلۆژیایەكی نوێ، تا ئەو رادەیەی كە بەشێكی زۆر لەوانەی بێئومێد ببوون لە دونیای سەرمایەداری، بوون بە كەسی ئیدیالیستیو تیرۆریستو لەرێگەی تەكنۆلۆژیاوە ئایدیۆلۆژیایان دەپاراست، كۆتایی سەدەی ٢٠ كە سەرمایەداری وەكو سیستم لەدژی سۆڤیەتی كۆن، كاری بە ئایینو رێكخراوی سیاسی ئاینگەرایی كرد، كردی بە دیفاكتۆی فكریو لەئاستی سۆسیۆلۆژیدا جێكەوتەی كرد، ئەم ئایدیۆلۆژیایە قورستر دەرەوێتەوەو تائێستاش لێكەوتەكانی ماون، نموونەش داعشو رێكخراوە شیعیو سوونییەكانە لەتەواوی دونیادا.

ئاڵوگۆڕی زەمەن كە تەكنۆلۆژیا وەكو بەشێكی گرینگ لەزانستی كرد بەئایدیۆلۆژیا، تەكنۆلۆژیا پانتاییەكی فراوانی فەراهەم كرد بۆ بەشداربووەكانی خۆی، ئیدی ئایدیۆلۆژیا ئەو مانایەی پێشتری نەما كە بریتی بوو لە فكرێكی دیاریكراو یان ئایینێك، بەپێچەوانەوە بەهۆی هەڵدانو گەشەی تەكنۆلۆژیاوە پیوەندییەكانیش گۆڕانیان بەسەرهاتو هەركەس بیهەوێ دەتوانێ ببێتە خاوەن ئیمێڵو دەستكەوتنی داتا لەرێگەی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەكەی لەماڵەكەی خۆیەوە كە كۆمپانیا درۆزنەكان بەخۆڕایی پێیان دەبەخشن، ئەمە بەبێ هیچ ماندووبونێك ئەوەی پێویستی بێت لەدەرەوەی خوێندنەوەو كۆڕو سیمینارو كۆنفرانسو هتد چنگی بكەوێ، ئەم دیاردەیە كە سەرەتاكەی دیاربوو بەنیازە هیچ بەهایەك بۆ فكر نەهێڵێتەوە، ئەو

مەترسییەی خولّقاند کە کێشەیەك بەناوی ئازادی نووسینو بیرکردنەوەو نەهێشتنی مولّکیەتەوە نەمێنێتو مۆدێلی تەمبەلّی بیرکردنەوە درووست ببێت، بۆیە کێشەی هەرە گەورەی ئەوەی بەناوی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا هات، ئەوەبوو دەستی هەموو کەسێکی والآکرد تاکو ببێت بەنووسەرو هونەرمەند لەهەموو بوارەکاندا، ئیتر هەرکەس لەمالّی خۆی هەم بوو بەسەرنووسەرو هەم خاوەن ستۆدیۆو هەم بوو بەکامیرامانو مونتێرو بەڕێوەبەری میدیاو هتد، بەوپێیەی مەترسی سانسۆرێك نەما کە لەدەرەوەی سانسۆری ئازادیو بیرکردنەوە هەبوو لەسەدەکانی پێشوو کە لەئەنجامی سانسۆردا بووە فکری نوێ، یان رەخنەو موناقەشەی نوێ بەرهەمدەهات، ئەمەش ئایدیۆلۆژیای نوێی بەرهەمهێنا، هەلّبەت سەرهەلّدانی ئەو خاوەندارێتییە موزەیەفەی کە دژی مولّکیەتی فکرە، کارێکی کرد هەرچی ناوی مولّکیەتە نەمێنێو مولّکیەتێکی دیکە بێتەئاراوە کە بەناوی ماسمیدیاوە لەفەیسبوکدا نەخوێنەوارو بیرمەند وەکو یەك بەشداری تەکنۆلۆژیا بن، بگرە بازاڕی نەخوێنەواری رەواجی باشتری وەرگرت، هەلّبەت ئەم فەزایە لەشوێنێکی دیکەدا کێشەی بۆ سیاسەتیش درووستکرد، ئەویش ئەوەبوو کە لەبەرامبەر بێ بەهاکردنی نووسین، جۆرێك لەناڕەزایەتی گشتی بەبێ هاتنە سەر شەقامو ترس لەپۆلیس خولّقاند، ناڕەزایەتی گشتی درووستبێت، هەلّبەت ئەکادیمیای زانستیش بەم دۆخەوە تێوەگلاو وەهمەکەی زیاتر بوو .

سەرەتای سەرهەڵدانەکانی میسرو تونسو لیبیاو سوریا لەناوچەکە، باشترین سەلمێنەری ئەو راستییەن کە سیاسەت لەرێگەی تەکنۆلۆژیاوە خەڵکی لەدژی دەسەڵاتەکان هەڵخڕانو کردنی بەکۆمبارسی فیلمێكو هەر خۆشی پاڵەوانی کارتۆنیو کۆمیدییو تراژیدی بۆداناوو دۆخەکەی گۆڕی، ئەمە راستییەکەیە کە ئازادی کرد بە ویستێکی نیگەتیڤو هەموو کەس خاوەنی هەموو شتێکەو لەرووی غەریزییەوە بۆ ئازادی چێژی لێوەرناگرێت، چونکە ئەم سیستمە هەموو شتێکی بۆ تاك فەراهەم کردووە، تاکو کەڵك لەو ئازادییەی سەدەی رابردوو وەرنەگرێتو نەگەڕێتەوە بەرەو دواوەو مانای شۆڕش بسڕێتەوە لەفەرهەنگی خۆیدا، هەروەها بیێتە هەڵگری ئەو شووناسەی خودەکان پێداگری لەسەر عەقڵی بیرکردنەوە دەکەن، رۆژانە خۆیان بەرهەمدێننەوە، ئەمەش ستایلێکە لە دیسکۆڕسی عەقلانییەت، کەچی لەبارەی ئەوەی کە بەشێك لە نووسەرو بیرمەندی کۆنسەرڤاتیڤ خۆیان دەنوێنن، ئەوان لەوە تێنەگەیشتوون کە بواری تێگەیشتن لەزمان، بەتایبەتیش زمانی دایك یان لۆکاڵی، ئەوا پێویستە دوور بێت لەهەر ئایدیۆلۆژیایەکی دەسەڵاتگەرێتی سیاسی، بۆیە هەقیقەتی بالادەستی زاڵ کرد، چونکە دەسەڵات بۆ خۆی دوودڵە لەمانەوەی بەو زمانەوە کە گوتارەکەی جێگەی سەلماندنی مانەوەیەتی، هیچ دەسەلاتێکیش لەدەرەوەی مانەوەی زمانە لۆکاڵییەکەی، زەمانەتی مانەوەی مسۆگەر نییە .

**پرسیار: پێشتر باسی ئەوەت کرد کە ئایـدیۆلۆژیا تـەنها لـەنێو ئایینو سیاسەتو فکردا نەبووە، بەڵکو ئەدەبو نووسینیشی گرتەوە، ئایا ئەمە کۆتاییە یان چۆنە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** جەنگێك کە یەکێك لە رووبەروو کایەکانی سەدەی بیست بوو، دیاردەی تۆتالیتاری بوو، ئەوەی کە لادانێك بـوو بـەناوی پێشنیاری کلاسیکی تۆتالیتاری بۆ پۆست تۆتالیتاریزم، ئـەوەی کـە لەپێشنیارەکانی جۆرج ئۆرویـلو هانـا ئارێنـدتو هاوچـەرخەکانیان دەرکەوتووە، یەکێکیان لەرێگەی خوێندنەوە بۆ تۆتالیتاریزمو ئـەویتر لەرێگەی ئەدەبو بەتایبەتی رۆمانەوە بوو، ئەوان بیریان لە قۆنـاغی سیاسی کورتکراوە دەکردەوە، بەو پێیەی کـە تۆتالیتـاریزم مـەحکوم بوو بەوەی پارادۆکسەکانی خۆی نەهێڵێت، دواتر دەرکەوت کـە هـیچ کام لەو ئایدیایانە خۆیان بـە ئایدیۆلۆژیسـت نـەدەزانی هـەموویان پاساویان هەبوو، چونکە دەیانزانی بەیەکداداچوونی ئایـدیان ئـاخری خێر نابێتو پلانی درێژخایانیشیان نییە بۆ رێگەچـارەی فکـر، بـەڵام ئەمڕۆ درووست بە پێچەوانەوە روحی تۆتالیتاریزمو ئەوانی تـر، نـەك هەر نەما، بەڵکو خودی خۆی بۆ پارێزرا، مەبەسـت لـە تۆتـالیزمی رۆشنبیرییە کە لەکایەی ئەدەبدا ناوی هەریـەك لـە جـۆرج ئۆرویـلو هانا ئارێندت دێت، وەکو دو کەسی خوێنەر بۆ تۆتالیتاریزم، لـەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هەریەك لەو دوو نووسەرە ناسـراوە کـە دەتـوانم زیاتر لەدەیان نووسەری وەکو ئەوان باس بکەم، بـەڵام ئـەوان بەیـەك

چاو تەماشای یەکێتی سۆڤیەتی کۆنیان کردووەو زاڵمو مەزڵوومیان وەکو یەك تەماشا کردووە، هەروەکو هانا ئارێندت لە کتێبی (بنەماکانی تۆتالیتاریزم)و جۆرج ئۆرویل لە رۆمانی (باخچەی ئاژەڵان) نووسیویانە، ئەوان بەوپێیەی دژە فکری کۆمۆنیستی باو بوون، بەیەك ئاراستە بیریان کردۆتەوەو دونیای سیاسەتو رۆشنبیرییان بە دونیای زیندووبوونەوی تۆتالیتاریزم ناوبردووە، چونکە تاکو ئەمدواییەش کە بابەتی ئایدیۆلۆژیا دەهاتە پێشەوە، باسی بیری کۆمۆنیستیو سیستمی یەکێتی سۆڤیەت دەکرا، بەڵام خۆ ئێستا ئەو سیستمە نەماوە، بەهۆی هەوڵی گروپێك لە توێژەرانی فکری لە ١٩٥٠ تاکو ١٩٦٠ کۆتایی ئایدیۆلۆژیایان راگەیاند، بەڵام بە درێژایی زەمەنو قۆناغەکان، دەرکەوت ئەمان هەڵەبوون، چونکە تەنها لەسەر پرنسیپەکان کاریان دەکردو بەتایبەتی جیهانی سێهەم کە هەمیشە چاوەڕێی دەستی داهێنانی رۆژئاواو ئاسیای چینو ژاپۆنو ئامریکایە، کەوابو ئەوان چاوەڕێی ئەو وەبەرهێنانە بەشەرییە نەبوون کە لەرێگەی ئایدیۆلۆژیای مەزهەبیو ئایینی جیاوازو نەتەوەی جیاوازی سیاسی درووستکراوو پیشەسازیو گەمەی وەرزشی جیاوازو کاڵای جیاواز پەیدا دەبێت لە رۆژهەڵات، بۆیە ئەمە ناودەنێم دابڕانێکی دیکەی ئایدیۆلۆژی کە بیرمەندانی سەدەی رابردوو پێشبینییان نەدەکرد.

با ئەوەش باس بکەم کە من لەکتێبی (رەخنە لە ئایـدیۆلۆژیادا) باسی ئەوەم کردووە کـە پەیـدابوونی کۆمەڵناسـی پۆسـت مۆدێرنـە هاتـەبوون، کێشـەیەکی دیکـەی تیـۆری پەیـدابوو، دەسـتەبژێرانی رۆشنبیریو سیاسیو ئەدەبیو هتد، هەستیان بەم گرێ فکریـە کـرد، بەڵام ئەمجارەیان کۆدی کولتووریان بۆ دانرا، ئەویش پەنابردن بـوو بـۆ مارشـی سـەربازیو مارشـی یانـەی وەرزشـیو مارشـی خەڵاتـە جیهانییـەکانو مارشـی شۆرشـی نەتـەوە ژێردەسـتەکانو مارشـی حەماسی ئارەزوخوازەکانی سێکسـوالێتی کـە هـەموویان فابریکـەو دروستکراو بوون، بۆیـە تەنانـەت ئایدیۆلۆژیسـتەکانی جیهـان بـە دەسـتەبژێرو خـەڵکی عەوامـەوە کـە شـوێنکەوتووی ئـەو جیهانـە سەیروسەمەرەیەن، لەئەخلاقیشدا خۆیان جیاوازکردەوە. کەواتە ئەوەی ئێستا کۆتایی قۆناغی ئایدیۆلۆژیا نییە، بـەڵکو دووبـارە بوونـەوەی هەمان مێژووە کە بەژینالۆژیای رۆشنبیری ناسراوەو هێشتا نووسـەرو ئـەدیب لـەو فەزایـە رزگاریـان نـەبووە، چونکە رۆشـنبیران لـەبری خۆدەربـازکردن لـە بـیری بنەماڵـەییو دەسـتگرتن بـە بیرکردنـەوەی تاکگەرایی، بەپێچەوانەوە بوون بە کەسانی تۆتالیتاریزمی رۆشنبیری، ئەمەشیان کردووە بە ستایلێکی دیکەی ئایدیۆلۆژیاو زۆربەی گرووپە بەناو دەستەبژێرەکان ئەم پرنسیپەیان قبوڵە، چونکە خۆیان لەهەناوی فکرێکـی کۆنکریتییـەوە هـاتوونو سـەر بەهـەمان ئیـدیۆلۆژیای نادیارن.

لــەدوای هاتنــە پێشــەوەی ســەدەیەکی نــوێو هــەزارەی ســێهەم، ئایدیۆلۆژیا وەکو بابەتێکی نوێی فکری کەوتە بــەردەم موناقەشــەی بیرمەندانی ئەوروپا، ئەمجارەیان ئایــدیۆلۆژیا لــە چوارچــێوە تەســکە حیزبیو ئایینیو مەزهەبییەکەی تێپەڕیو بوو بە ئەرکێکی ناچار کە ململانێکان وەکو ئــەرك بــە ئینســانی هــەزارەی ســێهەمی ســپارد، ئەگەرچی ئایدیۆلۆژیا تەواوی توێژو چــینەکانی کۆمەڵگــەی ناچــار کــرد بــبن بــە خزمــەتکاری، چــونکە مــاکینەیــەکی دیکــە بــوو بــۆ بەرهەمهێنانی جۆرێك لە ئینسانی ئەم ســەدەیەو شــەرعیەتدان بــەو دۆخەی کە کایەی سیاسەت بەرهــەمیهێناوە، بــەڵام ئــەوەی جێگــەی ســەرنجە بــەدەر لــە ئینســانی ئاســایی، بەشــێکی زۆر لــە بــەناو رۆشنبیرەکانیش کە لەسەر حیسابی رۆشنبیری جددی هاتنو کۆمەڵێك جومگەی دەسەڵاتیان لەهەموو دونیا بەدەستەوە گرت، ئەوانــە بــوون کە بەدەر لەبیرکردنەوەو خەمی رۆشنبیری لەداهاتووی ئینسان، بــوون بەخزمەتکاری ئایدیۆلۆژیای حیزبیو ئاییــنیو مەزهەبیو کاریان کرد بۆ سەرخستنی هاوکێشەی سیاسی لۆکــاڵیو نێودەوڵــەتی، ئەوانــەی لەئاستی لۆکاڵی دەنووسنو قسەدەکەن زۆرترن لەوانەی کە لەئاســتی نێودەوڵەتی شتە ناحەزەکان تیۆریزە دەکەن بۆ خوێنەری تەمبەڵ، ئەم بانگەشەیە مانایــەکی وای پێــدرا گوایــە ئــەوان زمــانێکی سیاســی جیاوازی دوور لە ئایدیۆلۆژیایان هەیە، بۆ نموونە.. ئەو کۆنتێکستەی کــە بــۆ ئــازادی رۆژنامــەنووسو نووســەرو چــالاکوانی سیاســیو

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو هتد بەکار دەهات، هیچیان کەمتر نەبوون لەو ئایدیۆلۆژیایەی سەدەی رابردوو بەناوی کۆمۆنیزمو رزگاری نیشتیمانیو هتد هەبوو، ئەم فەزایە لەکاتێکدا بەرهەمهاتووە کە بەهەموو پێوەرێك دەبوو لەدوای روخانی بلۆکی سۆڤیەتی بەناو سۆسیالیستی، ئەو جۆرە خزمەتکارە ئایدیۆلۆژیایە نەمابوایەو هەمان زمانی سیاسی رابردوو بەکاربهێنێ، بەڵام بەفۆنتێکی سیاسی جیاواز، تاکو ئینسان بکەن بەخزمەتکارو کۆیلەی سیاسەتو ئایدیۆلۆژیای وشكو هەندێکجاریش مەترسیدار، کەچی بەپێچەوانەوە ئەم تەرزە لەو بەناو رۆشنبیرانو رۆژنامەنووس کە هەقی ئەوان نییە، هەروەها مامۆستایان زانکۆو ئەکادیمیو حیزبی بەناو چەپو هتد هەبوونو ئێستا هەن، دەرکەوت ئەم رەوتە زۆرترن لەوانەی کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان ترسیان لێنیشتووە، چونکە ئەوان کەلێنەکەیان بۆ پڕکردنەوە بەنووسینو بابەتی کرچو کاڵ بەناوی هونەرەوەو هەروەها بەناوی بەرگری لەخەڵکی هەژارو بەرگری لە ئازادی ژنانو بەرگری لەمافی خوێندنو بازرگانیو هتد، ترسەکەیان زیاتر کرد کە ئەمە بەئایدیۆلۆژیای پراکتیکی ناسراوە لەدونیای فکری هاوچەرخدا. ئەم حاڵەتە لەوێوە سەرچاوەی گرت کە ستایلێك لەخوێندنەوە پەیدا بوو جێگەی بەرەخنەی جددیو فکری لەق کردو بوو بە دیفاکتۆ، بەڵام کێشەکە لەوێدایە ئەم رەوتە بەبێ

باگراوندی فکری تۆکمە قسەیان کرد، تاکو ئەو جێگەیەی کە ئایدیۆلۆژیا وای لێهات ئەو مەترسییەی نەمێنێ.

لەسەدەی رابردوودا کەسێکی وەکو (ئەنتۆنیۆ گرامشی) جارێکی تر بەزمانێکی رەخنەئامێزەوە سەریهەڵداو رەخنەی لەو تەرزە رۆشنبیرە گرت کە ئەو ناوی نابوون رۆشنبیری ئۆرگانی، ئەوانیش لەچەشنی مەلاو قەشەو مامۆستای کۆلکە خوێنەوارو هتد ئۆرگانەکانی دەسەڵاتیان بەرێوەدەبرد، بەڵام سیاسەت کە خۆی پێچەوانەکردەوەو دژی خۆی وەستایەوە وەکو سیناریۆ، جارێکی تر ئایدیۆلۆژیا هاتەوە مەیدانەکەو ئەوانەی کە بڕوایان نەمابوو، ئێستا ئیتر بەرگری لێدەکەن، ئەمە ئەو دژکارییەی سیاسەت‌و ئەدەب‌و رۆشنبیرییە بە گشتی‌و رەنگدانەوەی بەسەر کایەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

هەڵبەت دروستبوونی ئەو فەزا دروستکراوە کارێکی کرد کە ئیتر نەك نووسین‌و رەخنە لەبەرامبەر سیاسەت‌و جومگەکانی پاشەکشە بکات، بگرە بێ بەها بکرێت‌و هەرکەس بەو جددیەتەوە کار بکات، بکەوێتە بەر تانەو گاڵتەجاری ئەو سوپایەی کە وەکو ئەلتەرناتیڤی رۆشنبیری خۆی نمایش کردو قەبوڵیش کرا. (کۆڵن ولسن) لەسەروەختی خۆیدا کە پشتگیری لە عەبەسییەت دەکرد، ئەوەی بەیانکرد کە رۆشنبیر دەستی هەیە لەپارێزگاریکردن لە ئاشتی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەوان هۆشیارترن لەوەی سیاسییەکان

بەهەڵەیاندا ببەن، بەڵام ئەمە ئێستا لەژێر چنگی ڕۆشنبیر دەرکراوەو ڕادەستی بەناو ڕۆژنامەنووس‌و میدیاکار کراوە کە شاشەی زیندووی لەبەردەستە، بۆیە ئەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتییەش مەترسی تێکەوتووە کە خەڵك لەو فەزا گوماناوییە تێناگەن بە ڕۆشنبیرییشەوە، بۆیە ئێمە ناتوانین لەیەك کاتدا قسە لەسەر ئەم چەمکە بکەین ئەگەر چەندین ڕەهەندی جیاوازی پێناسە نەکەین.

**پرسیار: زۆرکەس کە قسە دێتە سەر بابەتی فکری‌و مەزهەبی‌و هەندێك جاریش ئەدەبی، باس لەئایدیۆلۆژیای نادیار دەکەن کە بە فۆرم بەرگری لەخۆی دەکات، بەتایبەتی ئایدیای وەرزشی یان تەکنۆلۆژی، ئەمەیان چۆنە کە بەبڕوای من کەمتر قسەی لەسەر کراوە؟.**

**سمکۆ محەمەد**: بڕوانە من پێشتریش ئەوەم بەیان کرد کە دەبێ ئەوە بزانین، ئایدیۆلۆژیا وەکو ئایین‌و فکرو سیاسەت نییە، چونکە بەتەنها هێرشی نەهێناوە بۆ زیندووکردنەوەی خۆی، تاکو لەچوارچێوەی سیاسەتدا بمێنێتەوە، بەڵکو ئەمجارەیان کۆمپانیاکان بۆ ڕەواجپێدان بە کاڵاکانیان کە ئینسان بە کاڵا کرا، ئایدیۆلۆژیاش تەکنۆلۆژیایان بەرهەمهێناو کردیان بە ستایلێکی تر، لەوەش مەترسیدارتر ئایدیۆلۆژیایەکی نوێیە کە لەژێر ناونشانی وەرزش پراکتیزە دەکرێت، چونکە ئێستا نەوەکان لەململانێدا نیین وەکو سەدەی ڕابردوو کە کێشەی دەقی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌و زانست‌و هتد بوو، ئێستا ململانێی

نێوان گەنجانو دابەشبوونیان بەسەر یانەکانی بەرشەلۆنەو ریاڵ مەدریدو بایرن میونخو ئینتەر میلانو چێلسیو هتدو ئەستێرەی گۆڕەپانەکانیش کەسانی وەکو میسیو رۆناڵدۆو هتد لێکەوتەوە، لەکاتێکدا ئەم فەزایە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمیش بەرازیلو فەرانسەو ئەرجەنتینو هتد، بەڵام ئەوەی ئێستا شێوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆلۆژیایەکی نوێیە کە لەرێگەیەوە، هەم ململانێکان دەگوازێتەوە بۆ شەرعیەتێکی هێمنانەو ئاشتیخوازانەی چێژبەخش، هەم رەواجدان بە کالاّو کەمالیاتو ئیکسسواراتی وەرزشیو هەم کوشتنی ململانێی فکری، ئەم بیرۆکەیە لە کاتێکدا هاتە پێشەوە کە سیستمی سەرمایەداری لە تەواوی دونیادا تێگەیشت بەتەنها ئینتیمابوون بۆ حیزبو مەزهەب بەس نییەو ئایدیاکە تێر ناکات، بەڵکو دەبێ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە بدۆزرێتەوەو درێژە بە گەمەکان بدات کە فۆڕمێکی جیاوازی هەیە، ئەویش ئایدیۆلۆژیای پراکتیکییە.

ئیستاتیکا بەرهەمی
هونەری لەدەستی
ڕواڵەتە ئەخلاقییەکان
دەپارێزیّو نایکات
بە موڵکی تایبەت.
دۆزینەوەی ئیستاتیکا
لەهەر شتێکدا،
گرێدراوە بەعەقڵەوە.

**پرسیار: بەو پێیەی ئیستاتیکا چەمکێکی زانستی فـرە مانایـەو بەرلەوەی بۆ ئەدەبو هونەر بەکاربێت، بۆ کایـەکانی دیکـەی وەکـو سیاسەتیش بەکاردێت، هەروەها فەلسەفەیەکە بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو نهێنییانەی کـە بەچـاوی ئاسـاییو بـەبێ هوشـیاری نـابینرێن لـە سرووشتدا، چونکە هەموو ماناکانی جوانی پێکەوەنیینو هـەر یـەك لەوانە لە سیاقی خۆیدا جێگەیان دەبێتەوە، لەمڕوانگەیەوە ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم چەمکەو لەکوێدا پراکتیك دەکرێ بەتەواوی؟.**

**سمکۆ محەمەد:** لەپێناسەکەوە دەستپێدەکەین کە بـەمانای جـوانی دێت یان جوانیناسی، مێژووەکەشی ئەم چەمکە لە سەردەمی هاتنـە کایەی فەلسـەفەی یۆنانییـەوە سـەریهەڵداوە کـە ئـەفلاتون لـەنێو عەقڵـدا بـەدوای فکـری جـوانیو لـەنێو بوونیشـدا بـۆ بزوانـدنی هەستەکان دەگەڕا، لەدوای ئەو ئەرستۆ هاتو ئەم بیرکردنەوەیەی لـە ئەپستراکتەوە گواستەوە بۆ هونەرە جوانەکان، وەکو جۆرێك جوانی کە لەسرووشتدا هەیەو یەکسان نابن بەیەك، هەروەها لـۆژیکی خـەیاڵی هونـەری لەبەرامبـەر ئیـدراکی هەسـتەکی راگـرت کـە لەرێگـەی ئەزموونەوە هاتووە، هەر ئەم دەستاودەست کردنە جوانی گواستەوە بۆ

زانستو ئەدەبو گوتار کە ناوی نرا ئیستاتیکاو پاشانیش بۆ سیاسەت.

زۆر بیرمەند لەسەر ئەم تێرمە قسەیان کردووە، هیگڵ پێیوایە کە جوانی لەهەموو شوێنێك هەیەو بەردەوام رووبەڕوویان دەبینەوە، بەو پێیە بێت هونەر ئەوکاتە دەستپێدەکات کە لاسایی کردنەوە کۆتایی پێدێت، هونەری فۆتۆگرافی یان تەلارسازی کە شوێنێکی نیشتەجێبوون باوی نامێنێت، ئەگەر جێدەستی ئینسانی لێوەربگرینەوە، بەڵام من تێڕوانینەکەی (هێربرد رێد) م لەلا پەسەندە کە لەکتێبی (المعنى الفن) پێناسە یان شرۆڤەی کردووە، ئەو جوانی وەکو یەکەیەکی پەیوەندییەکان دەبینێ لەنێوان شتەکانو دیاردەکان، ئەوانەش کە درکیان پێدەکەین لەرووی هەستەوەریەوەیە، ئەوەش کە پەیوەندیی بەسرووشتەوە هەیە، خۆی مانایەکی ئیستاتیکی هەیە، بەڵام ئینسان پایەیەکی هونەری پێدەبەخشێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە لەگەڵ خۆڕسکی خۆیدا دایبڕێنێت.

برگەی دووهەمی پرسیارەکە ئەوەیە لەکوێداو لەچەند بواردا پراکتیك دەکرێ، ئەمەیان فەلسەفەکەیە هونەرمەند، یان ئەدیب چۆن کار لەسەر ئەو لایەنەی کردەکە دەکات، من پێموایە هیچ کردەیەکی ئەدەبیو هونەریو جەستەییو تەنانەت مێژووییش نییە بەبێ ئیستاتیکا کەلێنی تیانەکەوێت، بۆیە ناتوانین بەبێ ئیستاتیکا مانا بۆ هیچ تێکست، یان هیچ کردەیەکی هونەری دابنێین.

**پرسیار: ئێستا بواری قسەکردنمان دەگوازینەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی، کە لەنێوان چۆنایەتیو چەندایەتی هەیە، ئەم چەمکە لەعەقڵەوە بۆ عەفەویەتی ماناکە دەگوازێتەوە، هەروەها لەسرووشتو خۆڕسکەوە بۆ هونەرو کردە هونەرییەکان، ئایا بەبێ کەرەستەکانی بەردەست کە زۆرجار لەهونەردا هەستی پێدەکرێت، ئێمە چۆن دەتوانین قسە لەسەر ئەو جیاوازییە بکەین؟.**

**سمکۆ محەمەد:** یەکێك لە ماناکانی جوانی بۆچوون نییە لە بارەی ماتریاڵێك، یان کەرەستەکانی نێو سرووشت بەپێی چەندایەتی، بەڵکو ئیستاتیکا خۆی مانای چۆنایەتی شتەکانە، ئەم تێرمە سەر بە ئەپستمێکی فەلسەفییە کە لەبەرهەمی ئەدەبیو هونەریو سرووشتیدا زیاتر دەردەکەوێت، ئەوەی کە مرۆڤ چێژی لێوەردەگرێت، پێی دەڵێن چێژوەرگرتن، هەر وەکو ریمۆن بایێر لەکتێبی (تجلی الجمیل) باسی دەکات، هانز جیۆرج گادامێر پێیوایە ئیستاتیکا سەر بەزانستی چۆنایەتی یە، واتە ئەپستیمییە، ئەگەر لە زانستدا چەندایەتی هەبێت، ئەوا بۆ ئیستاتیکا چۆنایەتییەو تایپێکی خودێتیشی پێوە دەردەکەوێت کە ڕەنگدانەوەی بەسەر خوددا دەبێت، بەومانایەی جوانی لێرەدا دەکەوێتە قەوارەیەکەوە کە رەفتار یان ئەخلاقە.

هاوکێشەکە کەمێك قورسە بۆیە پێویستی بە سەلماندنە، ئێمە لەنێوان عەقڵو سرووستی پشت عەقڵ قسە دەکەین، لێرەوە باسەکە

بۆ میتافیزیکا ئاراستە وەردەگرێت، بەومانایەی لەپشت سرووشتەوە قسە لەسەر ئەو شتانە دەکەین کە جوانن، یان جوانییان تێدا دەدۆزینەوە، بەڵام بەعەقڵ نەك بەخۆڕسك، مەبەستەکەش ئەوەیە کە چەندایەتی گواستنەوەی ماتریالە لەجەستەیەکی بێ روحەوە بۆ روحێکی زیندوو.

بۆ نموونە ئێمە لەبینینی هەر شتێکدا فۆڕمێك دەبینین کە بۆمان ناکرێت بە ماتریاڵ، وەکو قەوزو قەزەح کە لەبەهاردا دەردەکەوێت، بەڵام لێرەدا زەمەن حوکم دەکات بۆ رەسەنایەتی، نەك گواستنەوەو دەستکاری کردنو نوێکردنەوەی ماتریالەکە، هەروەك ئەوەی لە بازاڕی ئەنتیك هەیەو بەماتریاڵی جوان ناسراوەو گەشتیارەکان وێنەی لەگەڵ دەگرن، ئێمە دەبێت لەنێوان کردە سرووشتییەکانو پارچە کلاسیکییەکان جیاوازی بکەین، شاخێك کە وێنەی پیاوێکی پیری کوڕی زەمانەی وەرگرتووە، دارێك لە چەشنی ژنێکی سەماکەر خۆی ئاڵاندووە بە دارێکی دیکەوە، بەردێك کە لەشێوەی ماسی یان ئاژەڵێك دێتە بەرچاو، تەدارەکی ژنان لە کلو کلدانو جوانکاریی جلو بەرگو هتد لە کەلەپورێکی دیاریکراودا هەیە، هەموو ئەمانە جیاوازن لەگەڵ ئەو پارچەیەی کە لەرێگەی کنەو پشکینینەوە دەدۆزرێتەوەو لە پێشانگا، یان مۆزەیەك نمایشی دەکەین، هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن ئیستاتیکای دەستکاری کراو کە لەرێگەی

عەقڵەوە گواستراوەتەوە بۆ جەستەیەکی ماتریالی، ئەمە مانای چەندایەتییە بۆ چۆنایەتی.

**پرسیار: باشە قسەیەك هەیە کە ئیستاتیکا تەنها لەسرووشتو لەهونەردا نییە، بەڵکو لەدەقی ئەدەبیشدا هەیە، چونکە نووسین خەیاڵێکی هونەرییەو پەیوەندییەکی هارمۆنی هەیە لەگەڵ جەستەی هونەریدا، ئەمە بەشێکیشە لەئەرکی زمان، ئایا زمان ئەو فاکتەرەیە بتوانێ ئیستاتیکا بخولقێنێ؟.**

**سمکۆ محەمەد:** لەگەڵ بیستنو خوێندنەوەی هەر تێکستی جوانو جوانییەك لە تێکستدا کە خوێنەری جددی هەستی پێدەکات، پەیوەندیی رەسەنایەتیو موڵکییەت دەبینین لەزمانێکی بێ روحەوە بۆ زمانێکی زیندوو، چونکە ئەدەب یەکێکە لە هۆکارەکانی بەدەستهێنانو دۆزینەوەی جوانیی لەنێو زماندا، ئەو کاتەی کە شیعرەکانی سۆفۆکلیسو مەزموورەکانی داوود پێغەمبەرو تێکستەکانی شکسپیرو فاوست دەخوێنینەوە، ئەو کاتەی رۆمانەکانی دایستۆفسکیو دانتیو هتد دەخوێنینەوە. ئەوکاتەی کە (ئارنۆڵد توینبی) وەکو ئەفسانە ناسێك هاوکاریمان دەکات لە خوێندنەوەی ئەفسانەی بوونو ئەفسانەی درووستکراو، دەبینین چۆن دەڕوانێتە لاماسۆو بۆڕاقو کەویاری زەردەشتیو کائینە ئەفسانەییەکانی ژاپۆنو هیندستانو هتد، ئیدی لەوێوە تێدەگەین کە ئیستاتیکا تەنها لە فۆرمێکی بێ زمان دا نییە، بەڵکو لە شتە ووردو

بچووکەکاندایە وەکو گاستۆن باشلار باسی دەکات، ئەو دەڵێت ئەگەر پرسیارم ئاراستە بکەن بۆ دەستنیشانکردنی سوودە سەرەکییەکانی خانو یان ماڵ، (بێگومان لەلای من ماڵ پارێزەرێکە بۆ زیندەخەونەکانم، ماڵ کەسانی خەیاڵ پلاو دەپارێزن، بوار بۆ مرۆڤ دەکاتەوە بە هێمنیو بەبێ ترس بخەوێت، ڕووداوێکی بچووك لە کاتی منداڵیو لەجیهانی هەر منداڵێکدا، ڕووداوی جیهانیی منداڵەکەیە) بۆ نموونە وەکو ماڵۆچکەی منداڵان کاتێك گەمەی تێداکەنو خۆیانی تێدا حەشاردەدەنو دواتر خۆیانی تێدا دەدۆزنەوەو موڵکییەتی بۆ دروست دەکەن، ئەو تۆپو جلو بەرگە وەرزشییەی کە منداڵی هەژار لەزەمەنی خۆیدا ناتوانن بەدەستی بهێنینو گەمەی پێبکەینو خەونەکانیان پێتەدی، ئەو مەلەوانگانەی کە بەخەیاڵ وێنا دەکرێتو لەبری ئەوە پاشماوەی ئاوی زستان بەکارهاتووە، هەموو ئەمانە کە خەیاڵی منداڵی چینێکی ستەملێکراوە لەژێر دەستی سەرمایەداری، بێگومان یادەوەریەکی جوانو لەزماندا نەبێت لە هیچ شتێکدا وێنا ناکرێتەوە، من بۆ خۆم نموونەی منداڵانی کەرکوكو بەکارهێنانی ڕووباری ئاوی خاسەی کەرکوکم هەیە، کە بەنیسبەت منداڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەبیر خۆمی دەهێنمەوە بۆ نووسن یان بۆ نۆستالیژیاو یادەوەرییەکی مەزنی منداڵی، دوای ئەوەش ڕاوی ڕیشۆڵەو مەلەوانی کاتی پشووی قوتابخانەو شەڕی گەڕەكو هتد، یان ئەو گۆشە نادیارانەی ژیانی ماڵی بچووكو بەرتەسك بەتایبەتی

ماڵی کوردی کە هیچ ئازادییەکی تاکی تێدا نەبووە بەدرێژایی ژیانیان، هەموو ئەمانە تێکستن، بەڵام نووسینەوەیان دەوێت، رۆلان بارت لە کتێبی چێژی دەق، باسی ئەو ستایلە نووسینە دەکات، هەمان ئەو فەزایەیە، بەڵام وەڵامێکی ئەپستیمی دەداتەوە، چونکە هیچ دەقێکی جوان نییە بەبێ ئەوەی مەعریفەی لەپشتەوە بێت.

ئیستاتیکا ئەو بینینەیە کە لەرێگەیەکی زانستییەوە تەماشای شتەکانو بوونەوەرەکان دەکاتو وێنایان دەکاتەوە بەستایلێکی هونەری کە وەرگر سەرەتاکەی ناناسێتەوە، چونکە لە واقیعدا ئەو ماتریاڵە یان ئەو دیاردەیە شتێکی دیکەبووە، ئەم بینینە لەژێر کاریگەری ئەو وتەو توانایە بەرهەمدێت کە لەبەردەستدایە، بابەتی جوانیش بۆ ئینسان تەنها ئەوە نییە کە دەتوانێ لەنێوان هێزەکاندا بالانس بکات کە هەردووکیان دەرکەوتەی جەستەن، بەڵکو راهێنانی بەردەوامی جەستەیە لەژێر کاریگەری خەیاڵ بۆ شتەکانو دەوروپشتو پێدراوەکانی ژیان، بەتایبەتی ئەو جیاوازییەی لەنێوان نێرو مێ دا هەیە، کە دواجار لەرێگەی خەیاڵەوە بۆ ئەو بابەتانە دەبێتە هۆکار بۆ هەڵچوونی دەروونی، لە کاتێکدا خەیاڵ خۆی بەشێکە لە رەنگدانەوەی هەڵچوونی دەروونی، بەتایبەتی ئەوەی کە لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەدایە، ئەو فکرەیەی کە بەرهەمی مومارەسەی واقیعی ژیانی ئینسانە، سابا ئەو فکرە فانتازی بێت، یان بریتی بێت لە سرووشتی ئینسان، وەکو بەشێك لە ئەخلاقو

ئـــەزموون کـــە لـــەرابردوودا ئینســـــان کردوویـــەتی بـــە نـــەریت‌و بەردەوامیشە، لـەو نەریتـەو لەرێگەیـەوە هـەم جـوانی کـردووە بـە بەهانەو ئەرگومێنت.

**پرسیار: بۆچوونێکی سەلمێنراو هەیە کە تێگەیشـتنی (مارسـیل برۆستە)یە، هەستاوە بە پەیوەندیی نێوان ئەدەب‌و هونەری وێنەگرتن لە لایەك‌و ئـەدەب‌و مـۆزیکیش لەلایـەکی تـر، ئـەو پێیوایـە کـە تێڕوانینی هونەری تێڕوانینی شۆڕشگێڕانەیەو تەنها لەلای بەشێکی کەم لە داهێنەرانی سەدەی بیست دۆزراوەتەوە، ئەمە وەکو نموونەیەك، هەر لەمڕوانگەیەوە مەبەستمە بپرسم ئایا تێڕوانینـەکان بـۆ دۆخـە کۆمەڵایەتییەکە چۆن دەبینی، ئایا ئیستاتیکا کاریگەری بەبارتەقای شۆڕش هەبووە؟.**

**سمکۆ محەمـەد**: راسـتە چـەند تیۆریـەکی جیـاواز هەیـە لەسـەر ئیستاتیکا، لەوانەش تیۆری هیگڵ‌و کانت‌و کرۆچەو باشـلارو هتـد، بەڵام ئەوەی مـارسـیل پرۆسـت ئیسـتاتیکای وەکـو شـۆڕش تەماشـا کردووە، زۆر جیاوازی هەیە، چونکە بەچەمکی شۆڕشـەوە گرێیـداوە، ئەو پێیوایە شۆڕشی جوان‌و ناشیرن وەکو تێرمی نیگەتیڤ‌و پـۆزەتیڤ وایە، یەکێك لـە تێڕوانینانـەکانی ئەوەیـە کـە بـڕوای بـە نموونـەی پەیوەندیی جوانی‌و هونەری جوانیبینییە، هەروەها ئاسانکاری بۆ ئەو پێشکەوتنە کردووە لـە نێـوان هونـەرو ئـەدەب‌و فۆتـۆگراف هەیـە لەلایەك، لەنێوان ئەدەب‌و مۆزیك لەلایـەکی تـرەوە، ئـەم تێڕوانینـە

شۆڕشگێڕانەیە، جگە لە داهێنەرانی سەدەی بیست بەولاوە، پێشتر هەستی پێنەکرابوو، بۆیە لێرەدا سەربەخۆیی هونەر دەبینین‌و ئەو یەکێتیە دەبینین کە لەنێوان هونەری شێوەکاری‌و گوتارو نووسیندا هەیە، ئەو شتانەش کە جوانیان تیدایەو هێشتا ئاشکرا نەکراوە، وردەکاری‌و تێگەی تیڕامانە فکرییەکانە کە لەسرووشتەوە بووە بە سەنعەت، هەر وەك ئەوەی لە خەیاڵی شیعریدا هەیە کە زۆر جار وەزیفەی شۆڕش دەبینێ .

هەر لەم سۆنگەیەوە کە باسی شۆڕشگێڕیم کرد، من پێموایە کاریگەری ئایدیۆلۆژیا هەیە بەسەر ئیستاتیکاوە کە کەمتر لە مەسەلەی هونەردا باسکراوە، هەڵویستی هونەر کە هونەرێکی چینایەتییە یان هوڵۆیستێکە لە ململانێی بازنەیی لەم چەرخەدا، لەنێوان چینی حاکم لە هێزی بەرهەمهێنان‌و چینە نارازییەکان لەلایەك هەیە، هەروەها دیاردەی کۆمەڵگە لە نێوەخنی کۆمەڵگا کە رەنگدانەوەی خودی کاری هونەرییە. لەراستیدا ئەمە بەشێکی مەسەلەی ئەخلاقی هونەرییە جا لە رووی شۆڕشی چینایەتییەوە بێت کە پرۆلیتاریا پێی هەڵدەستێت، یان ئەو مێژووە بێت کە بەهای رەخنە لە حوکمڕانی وەکو گوتارێکی ئیستاتیکیی دەبینێ، مەبەستم ئەو گوتارەیە کە شتی جوان لە شۆڕشدا دەبینێ‌و وەبەرهێنانی پێوە دەکات.

ئـــەم تێگەیشـــتنەی پرۆســـت لـــەوێوە سەرچـــاوەی گرتـــووە کـــە هونەرمەنـــدو بیرمەنـــدو داهێنـــەرانی رابـــردوو بـــە چـــاوێکی تـــەواو شۆڕشـــەوە تەماشـــای نوێخـــوازیو رووبەڕوبونـــەوەی ئیشـــکالیاتە کۆمەڵایەتییەکانیشیان دەکرد، نموونەی رەوتـــی ســـوریالیو دادائیـــزمو بزووتنەوەی رێنسانس تادەگاتە تێزەکەی هێربرت مـــارکیوزو شۆڕشـــی ١٩٦٨ خوێندکارانو شۆڕشی رۆشنبیری ســـەر شـــەقامی ســـارتەر بـــۆ پاڵپشتیکردنی شۆڕشی کرێکاران کە لەتێزەکەی مارکسەوە هـــاتووە، بەشێك لەو داهێنانەی کە لە ســـەدەکانی پێشـــوو بینیمـــان، هـــەموو ئەوانە شۆڕش بوون بەسەر تێڕوانینی کلاسیکیو سەپاندنی شـــێوازی ژیان بەبێ جوانی، بۆیە لـــە زۆر شوێنیشـــدا ئـــەم بابەتـــە داهێنـــەری لەسەر تیرۆر کراوە کە نموونـــەی گـــالیلۆو کۆپـــەرنیکۆس بـــوون وەکـــو شۆڕشی بەردەوام، چونکە کاری بلیمەتیو داهێنەر، کاری تێپەڕاندنی گرێو گۆڵو کێشەکانی ســـەدەی رابـــردوو بـــووە، لەکاتێکـــدا بینـــەرو چاودێریکەری هونەر لەکاتی خۆیدا بڕوای بە شێوەی داهێنـــانی نـــوێ نەبوو، تەنها ئەو کاتـــە نـــەبێت کـــە ســـەردەمێكو زەمـــەنێك بەســـەر کارەکەدا تێدەپەڕیو نوستالیژیایەك بۆ ئـــازادی کـــارکردن لەبەرچـــاو دەگیرا، بەشێك لە چەمکی داهێنانیش شـــێوەیەکە لـــە نۆســـتالیژیای کار کە لەنێو شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا هەستی پێدەکرێت، لەکاتێکـدا هەر ئەو نۆستالیژیایە بۆ ئازادی کار دواجار دەبێتە مایەی مەترســـی بۆ سەر ژیانی داهێنەرو جواناناس، چێژی کاریش هەروەك ئەوەیە کـــە

لە فۆڕمە مێژووییەکەیدا دیارە، لەکاتێکدا لەنێو جەوهەری کاردا کە لەڕووی مێژووییەوە سەپاندنی زۆرەملێ یی بوو لەلایەن ستەمکارەکانەوە.

گەڕان بەدوای ئازادیدا چێژی کار پێچەوانەوەی ئازادی کارە کە بەشێکە لە ئیستاتیکای سیاسی، مارکس لەمبارەیەوە چێژی کاری لە ناوەڕۆکی ئیستاتیکی دوورخستۆتەوە، لێرەدا پشت بە هەلومەرجی خودیو بابەتی دەبەسترێت، چونکە کرێکار لێرەدا بۆ خۆشی خۆیو بۆ بەدەستهێنانی ئیستاتیکا لە بەرهەمهێناندا کار ناکات، بەڵکو جگەلەوەی کارێك بۆ نەمری خۆی دەکات، کارێکی ناحەزیشی بەسەردا دەسەپێنرێتو لەنێو کاڵادا دەبێتە کاڵای بازاڕی سیاسەتی سەرمایەداری، خۆ زۆربەی پەیکەرو دیواربەندو دیزاینی تەلاری ئیمبراتۆرو دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان، بەشێك بوون لەو کارە ئیستاتیکییانەی سەپێنرابوون بەسەر هونەرمەندا.

بەشێك لەو فۆتۆیانەی کە لەسەدەی رابردوو لەگۆڤارو رۆژنامەکان بڵاودەبوونەوە، فۆتۆشۆ بوون بەستایلی کلاسیکی، دواتر دەرکەوت کە وێنە رەسەنەکە ئەوە نییە، بۆ نموونە من ئەلبومێکی گەورەی وێنەکانی ستالینم بینی کە وێنە رەسەنەکە ترۆتسکی تیابووە، یان دەستکەوتەکە هی ئەو بووە، بەڵام لەمیدیاکاندا دەستکاری کرابوو بۆ ستالین، ئەمە کاری هونەری سەپێنراوە کە

کاریگەری نیگەتیڤی هەیە لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی، ڕەنگە شۆڕش دواتخات بۆ کاتێکی نادیار.

بابەتی ئەوەش کە مۆزیك بەشێکی گرینگی ئیستاتیکایە، دەبینین سیمفۆنیای سێهەمی (ئۆریکا) ی بتهۆڤن کە مارشێکی جەنائیزی یە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بتهۆڤن خۆی جەنازەی ئەو پاڵەوانانە هەڵدەگرێتەوە کە لەجەنگدا گیانیان لەدەستداوەو لەبەردەم جەماوەردا دایاندەنێت، بۆیە جیاوازی لەنێوان مۆزیكو هونەرەکانی دیکە لێرەوە دەردەکەوێت، بەوپێیەی کە مۆزیك هەندێکجار چارەسەری کێشەی هونەری گەورەی کردووە، یان چارەسەری حاڵەتی سایکۆلۆژیشی کردووە، هەروەك چۆن لە هونەری شێوەکاریشدا پەیکەر یان تابلۆیەك مانایەکی تایبەتمان پێدەدات، بۆ نموونە تابلۆی جۆرنیکای پیکاسۆ، یان کاتژمێرە تواوەکەی سلڤادۆر دالی، یان گوڵەبەڕۆژەکەی ڤان کوخو هتد، لە نێو کوردەواریدا هونەری تەپڵو دەهۆڵو زوڕنا وەکو هۆکارێك بۆ بەختەوەرکردنی چەند چرکەساتێکی کۆمەڵگە لە نەهامەتییەکانی رابردوو، یان زەماوەندی کۆمەڵایەتی بە تەپڵو گۆرانی ئاسایی، بەتایبەتی لەبووك گواستنەوەو شێوەکانی تری خۆشبەختی سوننەتی کولتووره کلاسیکییەکان، وەکو ئەو هەستە هونەرییە وایە کە ئافریقیەکان وەختێك مۆزیکی جاز بەکاردێنن بە هەموو تواناکانیانەوە چێژی لێدەبینن، ئەم هونەرە لەلای ئەوان مانای تایبەتی خۆی هەیە، کە شێوەیەکە لە بەرانگاری

کردن لە دژی ئەوانی تـر کـە دژی هەسـتە هونەرییـەکانی ئـەوانن، ڕەنگە لەلای کوردیش هەمان مانای هـەبێت، هـەروەك چـۆن لـەلای لوڕو کرمانشانیو ماچۆو شێوەزارە کوردییەکان کـە هەمیشـە ژێـر دەستەی نەتەوەو مەزهەبە دەسەڵاتدارەکان بـووە، وەختێـك مردوویـان لێ دەمرێت، ئەوان لەبەرمبەردا بە شاییو بە هەڵهەڵـەو پێکـەنینو گۆرانی تایبەت، لەبری تازیەو ناخوشی ئاهەنگ دەگێڕن.

جوانیو کردەی جـوان، بریتییـە لـەو ئەزموونـەی کـە لەڕێگـەی خەیاڵو ڕەهەنـدەکانی دیکـەی ناکۆکییـە هەسـتیارییەکانەوە خـۆی دەنـوێنێ، ڕەهەنـدێك کـە بەرهەسـتو دیـالیکتیکیو دەرەنجـامی لێکسوورییە، واتە (لێکخشاندن) ی دوو جەستەی جودایـە لەیـەکتر، ئەمـە ڕەهەنـدێکی دیکـەی بینیینـەو ئـەوانی دیکـەش مـوفرەدە پێویسـتییەکانی سـێکسو کـردەوە ئەخلاقییەکانـە لەکایـەی کۆمەڵایەتیدا، ئەم بابەتە خەیاڵمان دەبات بۆ مایەی فراوانی بینـین بۆ نۆستالیژیا کە بەشەرییەت خـدووی پێوەگرتـووەو بـەو خـودووەش دەژی، زۆر کارێکتەری ناودار لەدونیادا تەواوی شتەکان بەو کایەیەوە دەبەستنەوە کە خۆیان کاریگـەرو شـارەزان، بـۆ نموونـە فیسـاگۆرس ئەگەرچی هەموو شتێکی لە تێگەیشتنی بۆ دونیا لـە ئەندازەییـەوە دەبینی، بەڵام بۆ ئیستاتیکا پێوەرێکی فۆتۆیی دانـاوە، هـەروەك ئـەو ئەندازەیەی بۆ کەرەستەی ماڵو چێشتخانە دانراوە، بـەڵام خـەیاڵ لـە

کونجێکیماڵدا کەمتر مەودای هەیە بەقەد ئەوەی لە زانست هەیەتی.

**پرسیار: ئەزموونکردنی کار لەرەوتی پەرەسەندندا، یەکێکە لە هۆکارەکانی پێشکەوتنو رەنگدانەوەی بەسەر عەقڵو گۆڕینی هەستەکانی مرۆڤ بۆ چێژی ژیان، ئەم ئەزمونی کارکردنە تا چەند فاکتەری نزیکبوونەوەیە لە هونەری کار، بەو پێیەی مێژوو سەلماندویەتی بەرهەمی کار دیالیکتیکی سروشتو خەسڵەتو تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ شتەکانی دەورووبەر؟.**

**سمکۆ محەمەد:** ئارەزووکردن بۆ ژیانێکی باشترو لەبارترو خۆشتر، ئارەزووکردنە لە بەردەوامیدان بە کارو خۆ ئەزموونکردن لەنێو کەرەستە خاوەکانی سرووشت، بۆ نموونە دۆزینەوەو موتوربەکردنی میوەو رەگەزی ماڵات کە سەرنجی مرۆڤ بەلای ژیانی شایستەدا دەگۆڕێت، ئەو چێژەیە کە زەمینە بۆ گۆڕینی ململانێ لەنێوان ئینسانو ئینسان بە بیانووی رەگەزو نەتەوەو رەنگی پێست، دەگۆڕێت بۆ ململانێ لەنێوان مرۆڤو سرووشت کە عەقڵ رێنوێنی کردووە، ئەویش لە رێگەی کاری ئازادو ئازادی کارەوەیە.

بەبڕوای (تۆماس هۆبز) خەیاڵ گرێدراوی کۆنترۆڵی حوکمێکی عەقڵییە، بینینیش قودرەتێکە هاوکاری نووسین دەکات کە بیرکردنەوە ئیعتیباری نوێو قەناعەت پێکەر بەرهەمدێنێ، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا قودرەتی عەقڵی نییە بەمانا گشتاندنەکەی،

هەرووەك ئەوەی شیعر وەکو دەقێکی سەربەخۆ، ستایلی نووسینەوەی ئیدیۆمە بەزمانێکی ناڕاستەوخۆتر لەزمانی قسەکردنی ڕۆژانەوە بۆ زمانێکی دەستەبژێرو هونەر، چونکە خەیاڵ بە یادەوەرییەوە گرێدراوە، ئەمەش هەدەفی ئەدەبیاتە لەنووسینەوەی خود بەمەبەستی بە ئیستاتیکا کردنی قسە.

دیسان دێمەوە سەر سرووشت، ئەوەی کە لەپەیوەند بە سرووشتەوە هەیە بەرامبەر بە جوانیو هونەر، وەکو دۆزینەوەی حاڵەتی دووهەمی جوانی لە سرووشتدا، جۆرێکی تری شۆڕشی دیارە بەسەر نادیاردا، لەمبارەیەوە ناچارم باسی تیۆرە بەناوبانگەکەی (بندیتۆ کرۆچە) دەکەم، کە خاوەنی تیۆری مۆدێرنی ئیستاتیکی یەو لەژێر کاریگەری هیگڵ بووە، جگە لەمەش بە پیاوی مەزنی سیاسی لیبرالی ناسراوە، بەڵام لەرووی مەعریفییەوە بۆ ئیستاتیکا، ئەو رەخنەی لەوەش گرتووە کە مەعریفە وەکو حدس تاك لە وێنەیەکی هەستەکیدایە، بەدەلیلی عەقلانی دووری دەخاتەوە، لەبری ئەوەش تاك دەخاتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگەوە، لەرووی ئەخلاقیشەوە بڕوای بەوە هەبوو کە مەسەلە کۆمەلایەتییە سرووشتییە چینایەتییەکان بشارێتەوە، چونکە لە پشت میتافیزیکاوە ئایدیایەك هەیە کە رەنگە ئیستاتیکا بزربکاتو فۆڕمێکی لێڵو نادیاری پێبدات، بەڵام هونەر خۆی ئامانجێکی ئیتساتیکی پێشکەش دەکات، ئەو لەوێدا هونەرو جوانی وەکو سامانی خەیاڵ دەبینێ، تیۆرەکەی ئەو لەشوێنێکی دیکەدا بڕوای

وایە کە ئینسان تەنها بەدەستی جوانی وێنا ناکاتەوە کە مەبەست لە کردەیە، بەڵکو بەخەیاڵ وێنای دەکاتەوە، لەحاڵێکدا کە ئینسان بەڕاستەوخۆ لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری خۆیدا ناژی، بەڵکو بەناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ سیمبولەکاندا دەکات، بۆ نموونە ئەفسانەو ئایینو زمان وەکو تۆڕێك لەدەوری ئینسان دەئاڵێنو بەناچار دەبێت بە کارپێکەری ئەو شتانەی ویستەکانو غەریزەکان دیاری دەکەن، بۆ ئەمەش هەر ئەوە شتەکانو کائینە ترسناكو شەڕانگێزەکانو دڕەندەکان نیین دەبنە مایەی ترس بۆ ئینسان، بەڵکو ئەو فکرو بۆچوونانەی ئینسانن لەبارەی شتەکانەوە ترس بەرهەمدێنن، بۆیە ئینسان توانای بەسەر سیمبولەکاندا شکاوەو خۆی کردووە بە سەنتەری عەقڵ، چونکە عەقڵی بەکارهێناوەو خۆی جیاکردۆتەوە لە سرووشت.

بیرمەندێکی دیەکەی ئامریکی هەیە بەناوی (ستیفان کۆبرن) پێیوایە ئیستاتیکا گەڕانە بەدوای یاساکانی چێژوەرگرتن لە جوانی، ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە شتەکانەوە جوانن، ئەوانی دیکە ئیستاتیکی نیین تەنها خۆشمان دەوێن وەکو هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی جوانی لە شتەکانی تردا کە رەنگە خۆشویستنەکە کاتی بێتو لەشوێنێکدا بووەستێت، وەکو خۆشویستن بۆ پەیکەری خوداکانی سەر زەوی، سیمبولی نێو ئەفسانەکان کە ئینسان لەسەر شێوەی خۆی بەرهەمیهێناون، ئەوان دیکەش کە چێژی تایبەت دەبەخشن.

**پرسیار: وەك دەبینین زۆر لە دەقە ئەدەبیەکان جۆرێك لــە جــوانی بەرجەستە دەبێت، نموونەی بەرگریکردن لە چینێك یان سەرخستنی کارێکتەرێك لە کێڵگەوە بۆ مەزنایەتی، لەبەرامبەردا جوانییەك لە دەرەوەی ئیرادەی ئینسان، روئیای ئێوە بۆ ئەو دوو رەهەندە چیە، ئایـا جوانیناسی ناچێتە قاڵبی کێشە فکرییەکانەوە؟ چـونکە چارەسـەری ئەم بابەتە تەنها لە چاودا کۆناکرێتەوەو یەکلایی نابێتەوە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** دەبێ ئێمە ئەو جوانییە بدۆزێنەوە کە چۆن بارگاوی بووە بە عەقڵەوە کـە لەپرسـیاری پێشـتووتر وڵامـم پێدایـەوە، نـەك جوانییەك لەفۆڕمدا لەدەرەوەی عەقڵ، (ئەمانوئێل کانـت) لەچـەند هەڵقەیەکداو بەچەند شێوەیەك چارەسەری کێشەی جوانی کردووە کە لەچوارچێوەی عەقڵی ئینسانیدا بووە، بەتایبەتی لە کتێبـی (رەخنـە لەعەقڵی پەتی)، رەخنەی میتۆدی بەکارهێناوەو دواتریش رەخنە لـە عەقلی پراکتیکی دەگرێت، ئەو وەکـو فەیلەسـوفێکی مـۆدێرن کـە بڕوای بە ئەزموونگەری خـود هـەبووە، لـە کتێبـە بەناوبانگەکەیـدا لەژێر عێنوانی (نقد ملكه الحكم) ئەوەندەی باسی حوکمی دەرکـراوی جوانی لە خودی سرووشتیدا، یـان لەسـەر کـاری هونـەری کـردووەو بەئەخلاقەوە گرێیداوە کە لـەلای ئـەو وشـەی ئـەخلاقی جـوانی یـە kalon، ئەوەندە باسی هەقیقەتی نەکردووە کە بەشێکە لەفەلسـەفە، (کانـــت) حـــوکمی بەســـەر دوو بەشـــدا کـــردووەو لەرێگـــەی پێناسەکردنییەوە دابەشیکردووە، لەوێشـەوە بـاس لـە لێکۆڵینـەوەی

گشتیو حوکمی تێڕامانی کردووه، ئەوەندە باسی هەر ئەو حوکمەشە بۆ جوانی هەیەتی کە گرێدراوی خودو بابەتە، چونکە هیچ بابەتێك نییە پەیوەندیی بە خودەوە نەبێت، مەگەر خودێك هەڵگری ئەو ئەخلاقو خەیاڵو چێژەوە نەبێت کە بابەت خوڵقاندوویەتی، ڕەنگە چێژوەرگرتن لە جوانی بەشێك بێت لە نامۆبوون کە تا ئێستا ئێمە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەخلاقی جوانیداین.

ناچارم لێرەدا باسی مارکس بکەم کە لەکتێبی سەرمایەداو لەبەشی یەکەم باس لەوە دەکات، کاری جوانترین تەلارساز لەکاری کارامەترین بوونەوەر کە هەنگەکان کەنوو دروستدەکەن بۆ خۆ بەرهەمهێنانەوە، کاری تەلارسازەکە لە تەونی جاڵجاڵۆکە جواترە، چونکە تەلارسازێك بەر لەوەی دەست بەکارەکە بکات، بیر لەوە دەکاتە چۆن فۆرمێك بە تەلارەکە بدات، بەڵام ئەمە دواجار بەرهەمی دەستی کرێکارە بەر لەوەی بەرهەمی تەلارسازەکە بێت، ئەم تێگەیشتنە لەنێوان هەنگو جاڵجاڵۆکە وەکو کائیناتی بەشەری سرووشتیو کاری تەلارساز وەکو دیزاین، کاری شارو دەوڵەتو ڕازاندنەوەی سیستەم، لەجوانیناسییەوە سەرچاوەی گرتووە کە دواجار خەیاڵ بەرهەمی دەهێنێت، کێشەی هەرە گەورەی فەلسەفەی ئیستاتیکا ئایدیای نەگۆڕە کە مەبەست لە ئایینە.

دەبێ لەوێوە دەستپێبکەین کە جوانی ئاکتێکی سرووشتییە، ئەو ئاکتەی ئەگەر چاوێکی هۆشیاری لە پشتەوە نەبێت ناتوانرێت

ببینرێت، واتە جوانی ناپێورێت، چونکە ئەزموونێك لە رێگەی چەمکەوە دەرکی پێناکرێتو پێناسە ناکرێت، بۆیە خۆپاراستن لە لە چەمکسازی واتە ئەخلاقێك کە عەقڵ مەبەستێتی هاندەری بینین بێت بۆ چاو، ئەمە بەشێکە لە تیرِوانینی چاوی هۆشیار بۆ سرووشتو کەرەستەکانی داهێنان.

لێرەدا مەودایەکی کاتی هەیە کە پێی دەگوترێت (بدیعی) واتە کاری داهێنەرانە، ئەم تێگەیە لەلای هەندێك بە تیرِوانینی شەیتانی ناودەبرێت، چونکە خزانی شتی بچووك واتە دونیای شتە بچووکەکان بۆ نێو دەقێکی گەورەو بالا، واتە (الادب الرفیع) وەکو عەلی ئەلوەردی کۆمەڵناسی عێراقی دەڵێ (هەموو دەقێکی بالا زیاتر لە تێرامانێکی گەرەکە وەکو ئەوەی ئەدەبی یۆنانیو جاهیلیو ئەفسانەی کۆمەڵگەکانی وەکو هیند وچینو ئیتالیاو میسرو ئێرانو هەموو دەوڵەتە رەسەنەکان، رەنگە هەر ئەمەش بێت کە زیاتر لە ئەفسانەیەك لە دونیای ئەو کۆمەڵگە رەسەنانە هەیە.

گەمەی زمان بەتەواوەتی بەشێکی گەورە لەپانتایی ئیستاتیکا داگیردەکات، کەچی سەیر لەوەدایە کە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، (فینگشتاین) فەیلەسوفێکی ناسراوی ئەم بوارەیە، پێیوایە زمان پێناسەیەکی گشتی نییەو لێکیش جیانەکراوەتەوە، ئەو دەڵێ (گەمەی زمان وەکو گەمەی کەرەستە پێویستەکانی ژیان وایە، خودی گەمە لێرەدا نموونەیەکی باشە بۆ بەکارهێنانی جیاجیاکانی

وشەیەك، بۆ نموونە باسەكەش وەكو شەترەنجو زارو مار گەمەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین قسە لەبارەی گەمەیەكی سۆسیۆلۆژیا، یان پڕۆژەیەكی كۆمەڵناسی بكەین، یان بڵێین خەڵك دەتوانن فریوم بدەن، یان بەپێچەوانەوە.

ئامانجی جوانیناسی هەمان ئەو تەبابییەی هەیە بەڵام هارمۆنیای تێكستەكە ئەگەر سرووشت بێت، یان كارێكی هونەری، مەبەستە جیاوازەكە دیاری دەكات، سڕینەوەی ناكۆكی نێوان ئەو دوو پانتاییەی كە ژیانی تاكو جهانبینی تاك دەگۆڕێت، لەلایەك ئەو ئازادییە دەپارێزێت كە دوور كەوتنەوەیە لە تێڕوانینی گشت، لەلایەكی دیكەوە بەرهەمی هونەری لەدەستی كۆمەڵگەو رواڵەتە ئەخلاقییەكان دەپارێزیو نایكات بە موڵكی تایبەتی، ئەم هەقیقەتە بۆ پاراستنی جوانی هاوئاهەنگی یەكێتییەكی مانادای هەیە بۆ هەردوو ئایدیاكە كە دژی چەواشەكردنی جوانی راستەقینەن لە تێكستی دەستكردو سرووشتگەرایی لەلای هونەر. بۆیە ئەو گەشەیەی كە سەرمایەداری لەرووی ئابوورییەوە بە خۆیەوە بینیویەتیو هەموو فۆڕمە جوانەكانی لە جەوهەرێكی بۆشدا كۆكردۆتەوەو داپیۆشیوە، قورسترین مانایە بۆ جوانی، ئەمە پانتاییەكی خەیاڵییە لە پێناو كوشتنی ئەو واقیعەی كە جوانی بەرهەمدێنێ لە نێو دیاردە ناشیرینەكاندا، لێرەدا سەربەخۆیی لە ئایدیادا بۆ تێڕوانینی واقیعیانەی جوانی هەستی پێدەكرێتو دەزانین

جوانی چییەو مانای چییە، لەحاڵێکدا ڕەنگە ئەم چەمکە زیاتر لە مانایەکی هەبێت .

**پرسیار: کاتێ هونەر دەبێتە شێوەیەك لەهەڵچوونی بێداریو ڕاگرتنی باڵانسی نێوان فۆڕمو جەوهەرو یەکخستنیان لە کارێکی دانسقەدا، لێرەدا ڕۆڵی زانستی جوانی بە چ ئاڕاستەیەك شرۆڤەی ئەو کارە هونەرییە دەکات بەپێی پێوانەیی سەردەم، دیارە بۆ هەر سەردەمێکیش پێوانەی تایبەت هەیە، لەکاتێکدا جوانی ڕێژەگەراییەو ڕەها نییە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** هەموو شتێك ڕاگرتنی باڵانسی گەرەك بێت، ئیستاتیکا بەهەموو جیاوازییەکانیەوە کە فرەییە لە پێناسە ئەمەی ناوێ، بۆ نموونە ئاو پێویستییەکی ژیانەو موفرەدەو زادەی جوانی سرووشتە، کەچی لەدەریادا دەیان هەزار ئینسانی خنکاندووە، کەوتنە خوارەوەی ئاو لە ئاسمانەوە یان لە پانتاییەکی دیارەوە، واتە کارێکی ناوازەی دەرەوەی ئیرادەی ئینسانە، ئەگەر مەبەست لە کاری سرووشتی بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە پیسکردنو دەستکاریکردنی سرووشت کە کردەی ئینسانە، وەکو ئەو تێگەیشتنەی دەقی (فاوست) ی گۆتەی ئاڵمانی لێدێت کە دەبێتە کاری شەیتانو شتەکانو موفرەدەکان پیس دەکەن، لێرەدا شەیتان بەمانای بۆچوونی ئیسلامگەرایی نییە، بەڵکو ئەو شەیتانەی کە مانای دژە فەزیلەتە، بۆ کردەوەی ئینسانە کە زۆر جار لەنێو شتە بچووکەکاندا زیاتر دەردەکەوێت، واتە لەنێو هەموو

شته جوانەکان شتێکی خراپو ناشیرین زەق دەبێتەوە، بۆیە بەو پێیەی کە فۆڕم وتەزایەکە کلیلی سەرەکی جوانیناسییەو لەوێوە دوالیزمەکەی خێرو شەڕ جودا دەکاتەوە لەرووی ماناوە، هونەرناسی لێرەدا دەردەکەوێ کە ئایا وەکو یاسا پۆزەتیڤیزمە؟ یان سرووشتی؟، دەستکردی خودایە یان ئینسان کە پێی دەگوترێت داهێنان، یەکێکیان لەدەرەوەی ویست کردەی ئینسانەو ئەویتر ویستی غەریزی ئینسانە کە ئەمە موناقەشەیەکی ترە، بۆیە فیگەرێکی داهێنەرانەیەو بەکاری سرووشتی وەکو ماتریالیستیو بە کاری خودایی وەکو میتافیزیکی ناودەبرێت، هەروەك ئەوەی کە مایکڵ ئەنجیلۆو بیکاسۆو داڤینشیو رامبرانتو تێکستی ئەفسانەی یۆنانیو رۆمانیو سۆمەریو میسریو هیندیو چینیو تا دەگاتە رۆژهەڵات کە بریتیین لە هەردوو هونەری تەلارسازی سامەڕاو بابلو هتد. لە حاڵێکدا ئەمە جوانییەکی هەمەگیرە کە خودێکی تایبەتیان لە پشتەوەیە. هەروەك چۆن لە پشت تابلۆی دوا شێو خواردنی عیسا کە لیوناردۆ داڤینشی کردوویەتیو دەیەها تێڕامانی بۆ کراوەو فرۆیید سایکۆلۆژیایانە قسەی لەسەر کردووە، کەسێکی حەتمییەتی مێژوویيو تێکستو چیها قسەی هونەری لە پشتەوەیە کە تائێستاش موناقەشەی لەبارەوە دەکرێت کە پێدەگوترێت جوانیناسی رەنج. واتە کەسێك رەنجی داوە بۆیە جوانی دۆزیوەتەوە لەدەرەوەی سرووشت، ئەمەیە جیاوازی نێوان رەهاو رێژەگەرایی جوانی.

ئەو هاوکێشەیەی کە لەنێوان موزیكو دەنگی سرووشتدا هەیە لە خوڕڕەی ئاوو دەنگی باڵندەکانو هتد، لـە شـوێنێکدا عەفەوییـەتی پێوەدیارە، بەڵام کە ئەکادیمیاو نۆتـەو بەرهـەمی زانسـتی مـوزیکی تێکەڵ دەبێت، جوانییەکەی بە بارتەقای پێشووتری نامێنێت، چونکە بە ناڕاستەوخۆ سانسۆڕی تێدەکەوێت، من لەدژی ئەو سانسۆڕە قسەم هەیە، چـونکە هونـەر وەکـو رەنگدانـەوەی کـردەی سرووشـت وایـە، وەختێـك سانسـۆر کـرا، ئیـدی لـە بـەهای داهێنانـە نادیارەکـەی کەمدەبێتـەوە، هـەروەها بـۆ بیسـەرو بینـەریش چـێژی نامێنێـت، گەڕانەوە بۆ نۆستالیژیای زەمەنی هونـەری دەسـتکردو خۆڕسـك بـۆ بەردەوامی ژیان بەتایبەتی لە ژیانی کوردەواریدا، بۆ نموونە لاوانەوەی ژنێكو داکێك بۆ منداڵو مێردەکەی یـان ئازیزەکـەی کـە لەدەسـتی داوە، یان گەڕانەوە بۆ ژیان خاکێتی لە گوندنشیندا هەمان مەبەستی پێشـووترمە لـەبارەی لاسـایکردنەوەی زەمـەنی بەسەرچـوو لـەبارەی هونەری خۆڕسکەوە، یان درووستکردنی قالیو بەڕەو جاجم بۆ خەوتنو خۆ گەرمکردنەوە کە کـاری دەسـتی بـووە بەتایبـەتی لـەلای ژنـان، نوستالیژیای هونەری کوردییە.

هەروەها دەبـێ ئـەوەش بگوترێـت کـە رێژەگـەراییی بـۆ هـەموو دیاردەیەك کە پەیوەندیی بە هیومانیزمی عەقلییەوە هەیـە راسـتە، چونکە دەرکەوتووە رەهاگەرایی دەرەنجامی بیری رەهایە کە سنوور بـۆ عەقڵو ژیان بەگشتی دادەنێت، ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم ژیانێکی نـوێین

ئــەویش ســتایلێکی دیکــەی تاکگەراییــە، ئــەو پارادۆکســەی کــە ئینساگەلێك خۆی دوور خستۆتەوە لەسرووشت ئەوانەش کە خۆیان بە بەرهەمی سرووشت دەزانن‌و پراگماتیکی لە جـوانی تێدەگــەن، واتــە سوودگەراکان خاوەن ئەم تێگەیشتنەن، ئەوەی کە ئەفســانە بۆمــانی دەگێڕێتــەوەو ئینســان بریتییــە لــە کــائینێکی دیکــەی دوور لــەم نموونەیەی ئێستا هەیە، هەروەها ئەو چێژوەرگرتنەی ئینسانی ئێســتا لەگەل رابردوو لە مەرجی ئەوەدایە کە چـۆن بتـوانین ئــەو دوو جـۆرە ئینسانە لەیەکتر جودا بکەینــەوە، ئینســانی ئێســتا کــە رۆبــۆتێکی بەکاربەرەو ئەوەی دوێنی ئینسانی راســتەقینەی تێکــەڵ بەسرووشــت بووە. کەوابوو رێژەگەراییەکەش جێگــەی گومانــە ئەگــەر بــەراوردی بکەین بە تێگەیشتنی هۆشیارانە بو جوانی کــە لەپشــتیەوە عــەقڵ هەیە .

**پرسیار: چۆن بتوانین خوێندنەوەیەکی مــەعریفی بــۆ جیاکــاری نێوان جوانی‌و ناشرینیەکان بکەین، وەك دوالیزمێك لەیــەك کاتــدا، وەکــو دوو حاڵــەت، ئایــا ئــەم جیاکارییــە قــورس نییــە لــەرووی مەعریفییەوە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** بەڵێ زۆریش قورســە، چـونکە دەرکــەوت هــەموو شتێك رێژەییەو رەها نییە، با لەوێوە دەســتپێبکەم کــە بۆچــی ژیــان بریتییــە لــە دوالیــزم، هــەروەك لــە پرســیاری پێشــووتردا باســمــان لێوەکردووە، چونکە سەرەتاو بونیادنانی ژیان ئایین‌و ئەفســانەی نێــو

ئایینو دەسەڵاتە ئایینییە ئایدیالییەکان دایانمەزراندووە، ئەمە وای کردووە کە ژیان بۆ هەموو شتێك دابەش بکرێتو لەبەرامبەر هەموو کردەیەکی خێر، کردەی شەڕ هەبێت کە دژەکەیەتی، ئەگەر دوالیزم وەکو ئایدیالیستێك تەماشا بکەین، ئەوا دەبێ ناوی خێرو شەڕی لێبنێین، بەڵام من بڕوام بە دیالیکتیك هەیە بۆ سیستمی دژەکان، مادام ئیستاتیکا ڕێژەگەراییە، کەواتە جوانی هەیەو ناشیرینیش هەیە کە ئەمە ویستێکی سایکۆلۆژییە زیاتر، بۆیە لەبەرامبەر خۆشیدا، ناخۆشیو لە بەرامبەر جوانیشداو ناشیرینی هەیە، ئەمەش زیاتر لە جیاوازی نێوان شەوو ڕۆژدا پەیدا بوو. بۆیە دەڵێم تێڕوانینەکە ئایینیو تێگەیشتنێکی کۆنکریتی نەگۆڕە، بۆ نموونە میسرییەکان کاتی خۆی لە شوێنێکی زۆر هێمنو دوور لە کێشە دەژیانو هەموو شتێك دەستەبەر بوو، بەڵام بە هۆی نزیکییان لە ڕوباری نیلەوە، ئیدی ساڵانە دوچاری لافاوو کێشە سرووشتییەکان دەبوونەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەفسانە کەڵکی لێوەربگرێت بۆ دەسەڵاتو قەناعەت پێکردنی خەڵك بەوەی ڕوباری نیل دوو وێنەی جوانیو ناشیرینی هەیە، کاتێك جوانە کە ئارامی بە خۆیەوە دەبینێو کاتێکیش ناشیرین کە توڕە دەبێت زریان بەرهەمدێنێتو لافاو هەڵدەستێتو دەبێتە مایەی لەناوبردنی هەموو کائینەکان، هەروەها ئەهرامەکانیش هەمان ئەفسانەی تراژیدی بەشەرییان لە پشتەوەیە کە ئێستا بۆتە جوانییەك گەشتیار سەردانی دەکەن .

با بێمە سەر نموونەیەکی تری دوالیزم بۆ دەربڕین لەسەر جوانیو ماناکانی دیکەی کە یادەوەرییە، بۆ نموونە ماڵ ئەو جێگەیەی کە شوێنی حەوانەوەو پاراستنمانە لە گەرمای هاوینو سەرمای زستان، ئەمە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە بۆ شوێن، بەڵام بچینەیەکی دانەریشە لە نووسینو ئەدەبو هونەردا، بۆیە نووسەری جددی لەماڵەوە دەستپێدەکات چونکە ماڵی کۆن ماڵی منداڵییەو سەنتەری راهاتنمانە لە شتەکانو دیاردەکان، بۆیە هەرکاتێك دەکەوینەوە ماڵەوە لەدیاردەکان دەڕوانین کە لەژیانی ماددی دوور دەکەوینەوە، واتە دەبینە کەسێکی روحی، چونکە دیاردە هەستکردنە بە ئەمانەتو بەرگریکردن ی مرۆڤ لە دووتوێی ماڵدا، ئەمە ماڵ لە دوالیزمی تێگەیشتنی جوانیناسیو کۆمەڵناسیدا بە دوو مانای جیاواز خۆی دەنوێنێ، ئەم تێڕوانینە بە گشتی بۆ دەربڕین لەبەرامبەر شێوەی جوانی کە هونەر مانای چالاکیەکی جوانەو لە ماڵدا زیاتر بوونی دەسەلمێنرێت .

دیوێکی دیکەی ئەم دوالیزمیەی ئیستاتیکا کە هەندێکجار هەستی پێناکرێت، نموونەی سووربوونە لەسەر پێداگیری ئاست نزمیو بەرزی، ئەم بانگەشەیە بۆ دیاردەیەکە کە گوایە عەقڵمەندو ئەپستراکتە، ئەمە ئەو دەقەیە کە پڕۆژەی فۆڕمی رەخنەیی جددیو رادیکاڵی لە سەرمایەداری گۆڕیوە بۆ بۆچوونی جیاوازو قبوڵکردنی ئەویتر کە وەهمە، ئەو ستایشەی کە ناڕاستەوخۆی بەشێکی زۆر لە

بیرمەندانی رۆژئاوا دەیکەن بەرامبەر ئەم سیستمە نوێیە کە گوایە لایەنەکانی گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیاو عەقلانییەتو گەشەی مرۆیی لە بونیادە ئابورییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، فۆرمێکی وەزیفەیی هێندە ناشیرینە کە بە ئیستاتیکای رۆژ ناسراوەو لەکەمترین کاتداو لە ریکلامێکی چەند رۆژەی هەڵخەڵەتێنەر بۆ فرۆشی کاڵا بەولاوە هیچی تر نییە، ئەم وەزیفەیە تابلۆ یان شانۆییەك یان جەوهەری شتێکی دیار نییە، بەڵام لە دیوی ناوەوەیداو لە کولتوورێکی رۆژانەدا کە بەسەر ئینساندا سەپێنراوە، پێویستی بە شاهید نییە، سەرمایەداری دواهەمین سەپێنراوی بەسەر ئینساندا ئەو تێکەڵکردنە کولتوورییە یە کە هەم کەڵکی لە ئیشکالیاتەکانی بینیووەو هەم ئەو فۆڕمەش کە خودی ئینسانی پێ هەڵخەڵەتاندووەو گەرەنتی ژیانێکی نوێی پێداوە، مەبەستم لەو کۆنتڕۆڵەیە کە هەموو کایەکانی جیهانی گرتۆتەوەو ئینسانی ناچار کردووە بە فۆڕمی ئیستاتیکی تەماشای بکاتو لەشوێنێکی دیکەشدا بەناوی فرە کولتوورو ملتی کەڵچەرەوە زەمینەی بۆ کێبەرکێی نەتەوەو کولتوورەکان خۆش کردووەو خۆشی وەکو تەماشاکەری ئۆپێرا نیشانداوە بەناوی ئازادی یەوە.

بەهەرحاڵ دێمەوە سەر باسەکە بەتایبەتی، قسەیەکی فەلسەفی ئیدیالیستی هەیە کە دەڵێ (هیچ ئینسانێكو شتێکی ناشیرین نییە مەگەر خۆی ناشیرین بکات)، هەموو ئەو شتو کەرەستانە هەن،

بەرهەمی سرووشتن‌و سرووشتیش هەم لەرووی ئیدیالیستی‌و هەم لەرووی ماتریالیستی یەك مانایان وەرگرتووە کە خالقەکەی دیار نییە، لەویّ خودایە کە هەڵە ناکات، لەلایەکی دیکەشەوە بوونێکە لەدەرەوەی ئیرادەی ئینسان کە هێزێکی دیکەی سرووشتەو هەڵە ناکات، کەواتە شتێك نییە بەناوی ناشیرین مەگەر لەرووئیای ئینسانی تاك رەهەندەوە بێت، چونکە لەلای ئەوان هەندێك شت بە رێکەوتنێك بە جوان ناسراوەو ئەوانی دیکە بە ناشیرین، بۆ نموونە سەگ لەلای کریستانی وەکو ئایین‌و کولتوور جوانەو لەگەڵ ئینسان پێکەوە دەژین کە ئەمە لە یارانی ئەشکەوتدا وەرگیراوەو قورئانیش باسی دەکات، کەچی لەلای رۆژهەڵات‌و ئاینی رۆژهەڵاتی‌و ئیسلام، بەبیّ هیچ بیانوویەکی لۆژیکی سەگ کائینێکی ناشیرین‌و بەدەو لەهەندیّ کاتیشدا جنێودان‌و قسەی نەشیاوە، لەحاڵێکدا ئەم کائینە لەگەڵ ئینسان دەژی کەچی ئینسان بۆ خزمەتی خۆی بەکاری دەهێنێت ئەگەرنا بە کائینێکی ناشیرین‌و قیزەون تەماشای دەکات، هەروەها ئەم کائینە لەگەڵ ئینساندا دەچێتە بەهەشت، چونکە لەگەڵ کۆمەڵێك پیاوچاك پێکەوە جەنگاوە لەئەشکەوتێکدا، کەواتە ئەمە جیاوازییەکەیە لەنێوان هۆشاری‌و ناهۆشیاری‌و دوو گوتاری ئایینی جیاواز بۆ ئەو کائینانەی لەگەڵ ئینسان دەژین .

**هەژاری فکری**

**رۆژهەڵاتی بوو**

**بەسەرەکیترین**

**هۆکاری کۆچ.**

**بازاڕی ئازاد**

**کۆچبەرو پەناهەندە،**

**وەك کاڵایەکی**

**زیندوو تەماشا**

**دەکات.**

**پرسیار: تێرمی کۆچ وا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لەو کێشەو گرفتانەی کەمرۆڤ لەنیشتیمانی خۆی پێوەی دەناڵێ، جا ئەو کێشانە سیاسی بن یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا ئێمە کۆچی زۆرەملێو ئارەزوومەندانەو زانستیو پیشەییشمان هەیە، بەگشتی خوێندنەوەی ئێوە چیە بۆ ئەم تێرمە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** من دەبێ جیاواز لەتێگەیشتنە باوو گشتیەکانی رابردوو قسە بکەم کە لەسەر هۆکارەکانی کۆچکردنی زۆرەملێو ئارەزوومەندانە کراوە، چونکە شتێك کە باس کراوەو موناقەشە کراوە لۆژیکی نییە دووبارەی بکەینەوە، پێناسە سەرەتاییەکەی ئەو تێرمە کە چەندین رەهەندی جیاوازی هەیە، ئەوەیە کە هەرکەس ولاتی خۆی بەنائارامی بینیو هەستیکرد جێگەی نابێتەوە یان خۆشگوزەرانی نەماوەو یان ناحەسێتەوە لەسایەی ئەو دەسەلاتەی حکومەتو کۆمەڵگەکەی، ئەوا ناچارە کۆچ بکات بۆ شوێنێکی ئارامتر، چونکە ئەو شێوە کۆچە، بڕیارێکی نائاساییە لە زەمەنێکی نائاساییو ناجێگیردا ،لەلایەکی ترەوە ئارەزوومەندانەیە لەبەر ئەوەی کەسی کۆچبەر لەنێوان دوو دونیای جیاوازیبەهەشتو جەهەننم، ناچارە

یەکێکیان هەڵبژێرێ، ئەویدیکـە پاڵنـەرێك هەیـە کەسـەکە ناچـار دەکات ئەو جوگرافیایە جێبهێڵێت، لەهەردوو بارەکەدا مـن پێموایـە پەیوەندیی راستەوخۆی بە هەژاری فکری ئەو کۆمەڵگەو دەسـەڵاتەوە هەیە کە لەو جوگرافیایە دەژیـن، ئەگـەر بەپێچـەوانەوە بوایـە ئـەوا لەبری کـۆچ، دەبـوو گەشـت بکـەن بـۆ بینـینی ئـەو فەزایـەی کـە سیحرێکە لەخەیاڵی ئەواندا کە جیاوازە لەفەزای رۆژهەڵاتی .

رەهەندێکی دیکەی نیگەتیڤی کۆچ، ئەوەیە کـە ئینسـان بـەهۆی کۆچکردنییەوە، شوناسی خۆیو زمانیو خـۆیو ژیـانی کۆمەڵایـەتی خـۆیو کاریگەرییـە هەمەلایەنـەکانی لەئاسـتی سیاسـی لۆکـاڵی لەدەستدەدات، هەموو ئەمانە دەبنە بەشێك لە نامۆبوونی تاك لەنێو دونیایەك کـە نەدەبێتـە نیشـتیمانیو نـە ئەلتەرناتیڤیشـی هەیـە، هەڵبەت ئەم باسی کۆچە لەکۆنەوە هەیەو بەشێوازی ئایدیالیسـتیو ماتریالیستی قسەی لەسەر کراوە، بۆ نموونە کۆچـی فەیلەسـوفەکان لەترسی دەسەڵاتی سیاسیو ئـایینی بـووە، کۆچـی پێغەمبـەرەکانو باوەڕدارەکان لە نیشتیمانی خۆیانەوە بۆ جوگرافیایەکی تر، لەترسـی توندوتیژی ئایینیو دیسپلینە یاسـاییو سیاسـیەکانی پـێش خۆیـان بووە، کۆچی گروپە نامۆکانی دونیا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تـر، وەکو جیپسەکانو هیندییە سوورەکانو هیپییـەکان کـە خۆیـان بـە خۆڕسك کۆچبەرنو بڕوایان بەگۆڕینی کەشوهەواو جوگرافیاوە هەیـە، خوایشتو خۆڕسکە ،بەڵام ئەوانەی کە بەهۆکاری زانستی کۆچ دەکەن،

پرنسیپێکی فکریو ئەخلاقی لەپشتەوەیەو بۆ مەرامێکی زانستییە، نموونەش کۆچی کۆپەرنیکۆسە کە بەهۆیەوە جیهانی ئاشکرا کرد وگوتی گۆی زەوی خڕەو پان نییە .

ئەگەر کەمێك بچینە دواوە دەبینین کۆچ رەهەندێکی دیکەی سیاسی هەبووە لەدونیای رۆژهەڵاتیدا، مەبەستم ململانێینێوان نەتەوەی ستەملێکراوو کۆڵۆنیالیزمە ،ئەمە جەنگێکی فکریو فەرهەنگی بەرهەمهێنا کە لەنێو وڵاتی خۆیان نەدەکرا، بەناچار لەنێو وڵاتی خودی کۆلۆنیالەکان دەکرا، بۆ نموونەکۆچی فەلەستینیەکان بۆ هەندەران، بۆ درووستکردنی لۆبییەك بوو بۆ پشتگیری کردنی کێشەی فەلەستین، ئەوانەش کە لەمیسرو جەزائیرەوە رۆشتبوون بۆ ئەورووپا، دیسان هەمان رەهەندی هەبوو، بۆ ئەوەبوو کەگەنجەکانیان لەیەککاتدا دوو ئەرك ببینن، یەکەمیان خۆرزگارکردن بوو لەهەژموونی کۆنترۆڵکردنیان لەدەستی کۆڵۆنیالیزمی فەرانسی، رەهەندی دووەم ئەوەبوو کە هەم لۆبیو هەم سەرچاوەی ئابورییەك بن بۆ ئەوانەی لەمیسرو جەزائیر لەژێر هەژموونی کۆلۆنیالیستی فەرانسی مابوونەوە، رەهەندی سێهەم پاراستنی کولتووری خۆیان بوو کە لەئەورووپا بەرهەمدەهاتەوە، ئافریقییەکانیش نموونەیەکی دیکەی هەمان شێوەی ژیانی سیاسیین، بەڵام ئەوانەی کەلەبولگاریاو چیكو سلۆڤاکیاو رۆمانیا کۆچیان کردووە لەرۆژئاوا گیرساونەتەوە، جیاوازییەکی بەرچاویان هەبووە،

یەکەم کێشەی چوونیان بەڤیزا نەبوو، چونکە لەرووی جوگرافییەوە هاوبەش بوون، دووهەم لەرووی کولتووریشەوە مێژووی هاوبەشیان هەبوو، بۆیە کێشەکەیان تەنهائابوری بوو کەئەمە لەدوای روخانی بلۆکی سۆڤیتی کۆن بووە مۆدێل، چونکە ئابوری بەشێکی زۆری لەفەزای ئازادی ئینسان داگیر کردبوو، سێهەم قەبوڵ نەکردنی ئەو بەناو جیاوازییە وەهمیە بوو کە تەنها راسیزمی بەرهەمهێنا،ئەوەبوو دەرەنجامەکەی لەدوای هاتنە سەرتەختی دیموکراتە راسیستەکانو شکستی سۆسیال دیموکراتەکان بوو لەزۆربەی رۆژئاواو ئەسکەندەنافیا، بەهەرحاڵ جیاوازیەکە لەشێوەی هاندانی تاکەکاندابوو، نەك تەنها سیاسیو ئابوری، بەلاّم ئەوەی لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستو بەتایبەتی لە سوریاو یەمەنو لیبیاو کوردستانلەدوای هاتنی هێزە کۆلۆنیالیەکانی جیهان روویدا، بەلۆژیكو بەعەقلّو ستراتیژی سیاسی نەبوو، کۆچێکیسەپێنراو بوو، بۆیە نەیانتوانی نەلۆبی دروستبکەن، نەوەلاّمێك بن بۆ گۆڕینی شێوازی سیاسەتکردنی دەسەلاّتی نوێ، تەنها شتێك بوو کەجارێکی دیکە فەزای ژیانی سیاسی دووبەرەکی نێوان تایەفەکان ببەنە ئەورووپا، دەرکەوتنی ئەو راسیزمەی کە دواجار لەنەرویژو سویدو ئەڵەمان بینیمانو بوون بەهەواڵ، باشترین سەلمێنەری ئەو راستیەن کە چۆن خەڵکی ئەم ناوچەیە نەیانتوانیوە بگونجێن لەگەڵ دونیای دەرەوە، لەوەش واوەتر ئەوەیە کە کەمترین رۆژهەلاّتی لەدونیای دەرەوە

توانیویەتی دەوری توانای خۆی ببینێتو کە گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی، لەئاستی کۆمەڵایەتیدا تواناکانی رەنگبدەنەوە، بەلاّم بۆ میسریو فەلەستینیو رۆمانیو بولگاریو هەنگاریو مەنگۆلیەکان توانای بەشەری بوو، مەسەلەی لۆبی درووستکردن تەنها لەئیسرائیلیەکان دێت کەلەدوای پاکتاوکردنیان لەلایەن نازییەتو دەسەڵاتی ئوسترالیاو مەسیحیەتو ئیسلام هتد، وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە تەواوی سێکتەرەکانی ئابوریو ئەدەبو سیاسەتو بازرگانی یان کۆنترۆڵ کرد، کەڵکیان لەتوانای بیروبۆچوونی داوود بینگوێرین وەرگرت کە دامەزرێنەری ماسۆنیەتی ئیسرائیل وجوولەکەبوو، کەچیبۆکوردەکان تەنها چوون بۆ هەندەران ئامانج بوو، ئەمە بەشێکە لەجیاوازییەکانی بەهەندەران بوونی کوردو بەشێك لەعەرەبو ئیسرائیلیو وڵاتانی رۆژئاوای رۆژهەلاّتی کە تائێستاش بەرگری لەشێوەی ژیانی خۆیان دەکەن .

**پرسیار: باشە تائێرە قسەت لەسەر ماناو رەهەندەکانی کۆچ کرد، ئەی ئەو کۆچەی کە لەدوای ساڵی ١٩٩١ چ بەتاكو چ بەکۆمەڵ روویداو مافیای جیهانی کەڵکیان لێوەرگرت، ئەمەیان چۆن جودا بکەینەوە، ئایا دەکرێ تەنها گوناحەکە بخەینە ئەستۆی ئەورووپا؟.**

**سمکۆ محەمەد:** وەزعیەتێك کە لەڕابردوودا خەڵکی رۆژهەلاّت تیا گوزەریان کرد. بەتایبەتی لەدوای جەنگە ناوخۆییەکانەوە لەلایەن داگیرکاری ئامریکاوە فەزاکەی گۆڕی، وەزعیەتێکی درێژخایەنو

دڵڕەقانە بوو، هەم لەئاستی سیاسیو حوکمرانییەتی سیاسیو هەم لەئاستی کۆمەڵایەتیش، بۆخوێندنەوەی هەردوو ڕەهەندەکە هەوڵدەدەم بۆچوونەکانم بەسەر دوو میحوەری جودا لەیەکتر دابەشی بکەم.

میحوەری یەکەم پەیوەندیی بەجێگیرنەبوونی ڕەوشی سیاسیو ئابوری ناوچەکەوە گرێدەدەم، ئەمەش وەها فەزایەکی ئەمنی خولقاندبوو کە نەك هەر گەنج، بەڵکو تەواوی خەڵکی ناوچەکە بیر لەوە بکەنەوە وڵاتی خۆیان جێبهێڵنو چارەنووسی خۆیان بدەنە دەستی قەدەرێکی نادیارەوە، قەدەرێك بەدەستی قاچاخچیو پیاوانی مافیاو پۆلیسی دەوڵەتانی دراوسێو ڕۆژئاواییو تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش، باشتر وایە کە هەندە کورت ڕەهەند نەبینو لەوە تێبگەین کە بەمۆدێلکردنی کۆچ تەنها لەیەك جوگرافیا نەبوو، بەڵکو وەزعیەتێکی ناسرووشتی بوو کە تەواوی ئەو وڵاتانەشی گرتەوە کە لەڕووی سیاسیەوە هاوشێوەی عێراقنو لەڕووی ئابوریشەوە دەستکورت کراونو وڵاتە داگیرکارو چڵێسەکان چاویان تێبڕی بوون. مەبەستم لەدەستکورت کردن ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵات خاوەنی سامانێکی سرووشتی گەورەی وەکو نەوتو گازو فۆسفاتو ئاون، بەڵام هەم دەسەڵاتدارانو هەم وڵاتانی زلهێز بۆ خزمەتی کۆمەڵگەو خەڵك بەکاری ناهێنن، بۆ سەلماندنی ئەم داتایەش لەپەناهەندەی وڵاتانی وەکی ئێرانو ئەفغانو ئەمریکای لاتینو میسرو لیبیاو مەغریبو جەزائیرو فەلەستینو سومالو سودان هەندێ لەوڵاتانی

بەناو سۆسیالیستی کۆن‌و هتد دەرکەوت، ئەو ولاتانە لەخۆڕانییە لەو ژینگە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەلایەتیەدا دەژین، بەلکو چارەنووسیان بۆ نەخشەیەکی سیاسی وەکو ئەمڕۆ هەلگیرابوو کە دواجار ببینیمان، لەحالێکدا دەبوو لەگەلّ روخانی سۆڤیەتدا ئەو ولاتانە بڕوخێن‌و سیستمێکی دیکەی ئینسانی لەرووی سیاسیەوە جێگەیان بگرنەوە، بەلام کەنەروخان، سیناریۆکان بۆ رۆژێکی وەها دواخران کە رەهەندی جیاوازی هەیەو جەنگێکی درێژخایەنی سێهەمە کە ئێستا بە ڤایرۆسی کۆرۆنا خەریکن ئەنجامی دەدەن، بەلام لەفۆڕمێکی دیکەدا کە بەناوی جەنگی بایلۆژی دەکرێ.

میحوەری دووەمی باسەکەمان ئەوەیە کە دیسان بەلەبەر چاوگرتنی وەزعیەتێکی نالەباری وەها کە پەیوەندیی بەجێگیر نەبوونی هەلومەرجی سیاسی ئەو ولاتانەو باری ئابوریان هەبوو، دۆخێکی ڕەخساند کە ئەوروپا لەوساتە وەختەوە کەلّك لەو مەتریالە بەشەریە وەربگرێت کە لەدەست ناعەدالەتی ولاتەکانیان‌و ترس لەمردن‌و غیابی یاسا، دەست لەنیشتمان‌و تەواوی ئەو یادەوەریانە هەلبگرن کەزەمانێك خۆشیان ویستووە، سەرەنجام بچن لەبەردەم نەتەوەیەکگرتووەکان بەکەیسی جۆراوجۆرەوە داوای پەناهەندەیی بکەن‌و بژین‌و بەهەرکارێکی ناشایستەو رەش‌و نایاسایی ناچارو دەسەنەخوارین، هەلبەت هەر کەسێك کەپرسی کۆچی لەلا گرنگە دەبێ ئەو داتایانەی لەبەردەستدا بێت کەرێگە خۆشکەرن ئەوروپا بۆ

پڕکردنەوەی بواری کارکردنی دەستی کار کەبەکرێکاری یەخەرەش لەقەڵەم دەدرێت، ئەمەش ئەوروپا بەهاوکاری لەگەڵ un پەیمانێکی ئابوری نهێنی ئیمزا بکات، تاکو لەرێگەی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتیەوە کەڵك لەو کەسانە وەربگرێت وەکو هێزێکی کارو دەستی کار، لەبری ئەو هێزەی پێشوتر کەهەیبوو، هەرچی کرێکارێك کە پێشتر کاری رەشی دەکردو بەیەخە سپیو بەکرێکاری پلە یەك لەقەڵەم بدرێن، نموونەش کرێکارانی کشتوکاڵو سەنعەتو کەشتیرانی بوو کەدواجار بێکارکران، رەنگە قەیرانی ئابوری لەناوچەی یۆرۆ باشترین سەلمێنەری ئەم بۆچوونەی من بێت، بۆیە ئەو کێشە ئابوریانەو هەڵایسانە ئابوریو بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری لە ناوچەی دۆلار نابینرێ، بەهەر حاڵ ئەم نەخشە سیاسییە ئابوریە درێژخایەنە، تاکو ئەو جێگایە توانی بەردەوام بێت کە زەنگی گۆڕینی مۆدێلی سیاسەت لەلایەن ئامریکاوە بۆ هەموو جیهان لێدراو بوو بەمۆدێلێك بۆگشت ئەوروپاش، لەمڕاستایەشدا ئەوروپا تێیدا سوودمەند بوو، ئەمە جگە لەبازاڕێکی تر کە لەرووی تەکنۆلۆژیەوە کۆنترۆڵی وەدەست هێنابوو، بۆیە لای من مەسەلەی کۆچ چەندە مەسەلەیەکی تایبەتی ناوخۆییو گرەوی تاکە کەسە بۆ گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانیو سیحری ئەوروپا، دوو ئەوەندەش زیاتر پەیوەندیی بەسیاسەتی دەرەکیەوە هەیە کە لەمێژبوو نەخشەی بۆدارێژرابوو. ئەگەرنا خۆ دەیان کەس لەدوای رووداوەکانی ساڵی ١٩٩٦ چ لە

عێراقو چ لە ئەفغانستان، بەویستی خودی ئامریکا ڕەوانەی دەرەوە کران، لەئەفەریقا کە جەنگی نێوان سودانی باشورو باکور لەئارادابوون، بۆیە ئەو هاوڵاتیانە تەنها گەنج نەبوونو بەویستی خۆیان کۆچیان بکەن، بەڵکو خودی ئامریکا بوو سوودی لەو خەڵکانە دەبینی کەپێشتر لەرێکخراوە بیانیەکان کاریان دەکردو لەدەرەوەی وڵات بەکەسی سیاسی لەقەڵەمدران، ئەمە بەشێکە لەورەهەندە سیاسیە ئابوریەی کە پەیوەندیی ناراستەوخۆی بەکۆچەوە هەیە .

**پرسیار: ئێوە بەچڕی باسی کۆچی زۆرەملێتان کرد، ئەی کۆچی گەنجان بەتەنها کە بەشێکی زۆری بەویستی خۆیان بوو، ئەمەیان چۆنە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** ئەگەر لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کەیسی ئەو پەنابەرانە بکەین لەهەر وڵاتێکدا بەپێی تایبەتمەندی خۆیان بوون، دەبینین لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی دیکە تەفاوتیان هەبووە، بۆ نموونە لەسەرەتای نەوەدەکاندا تاکو ساڵی ١٩٩٦. ئەوکات un مافی پەنابەرێتی بەو کەسانە دەدا کە ئینتیمایان بۆفکری کۆمۆنیستیو چەپڕەوی سیاسی بوون، لەساڵی ١٩٩٦ بەدواوەش بەو مافی پەناهەندەیی بەو کەسانە دەدرا کەخەڵکی ئەو ناوچانە بوون کە جەنگیان تێدابوو، کەچی لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە تاکو ئاڵوگۆڕی سیاسی لەناوچەکە، هاوکێشەکە دەگۆڕێت، فیزەو پەناهەندەیی بەو

کەسانە دەدرێت کەیسی ئیسلامی یـان لایـەنگرانی سیاسـەتی ئـەو دەوڵەتانەیان هەبووە کە حاکم بوونە، دواتـر کەیسـی ئەوانـە قـەبوڵ دەکران کە زەرەرمـەندی شەڕی نـاوخۆیی نێـوان سـوننەکانی بەغـداو سـابیئەی خـوارووی عێـراق بوو،چونکەلەترسـی جـەنگی نادیـاری تایەفەگەریو نێوخۆیی نێوان شیعەو سوننەو جەنگی مەزهەبگەرایی کۆچیان دەکرد، پاشان بۆ ئێزیدییەکان کە تاکە زەرەرمەنـدی دەسـتی داعش بوون، ئەم هەقیقەتانە ئـەوەمان پێـدەڵێن کـە کۆچـی خـەڵك بەرەو هەندەرانو وڵاتانی ئەورووپا، سـیناریۆیەکی نادیـاری سیاسـیو ئابوری رووت بوو، نەك کۆمـەڵایەتیو نەبوونی ئـازادی، نـەك گـەڕان بەدوای ژینگەیەکی تەندرووستو بینینی رۆمانسیانە بـۆ یـادەوەریو نیشتمان، یان کۆچی درووستکردنی لـۆبی نەتـەوەیی یـان زانسـتی، رەنگە بەشێکی پەیوەندیی بەگەڕانەوە بێت بـەدوای ئـازادیو ئـازادی سیاسـیەوە، هەڵبـەت ئەمـە هەقیقـەتێکی تێدایـە، مـرۆڤ ئەگـەر کەسێکی هۆشیارو خاوەن مەعریفەو بوونگەرا نەبێت، لەوڵاتی خـۆی نەبێت نامۆ دەبێـت، بـاری سـایکۆلۆژی تەندرووسـت نابێـت، بـەڵام راستییەکەیئەوەیە نامۆ بوون تەنها لەدەرەوەی خاكو نیشتمان نییـە، بەقەد ئەوەی لەپەیوەندیـەکانی بەرهـەمهێنانی سەرمایەشـدایە کـە دواتر دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی تاکەکەسو نامۆبوون بەکولتووری دەرەوەی خۆی .

من پێموایە بینینی ئەم پرسە ڕەهەندی دوورتری هەیە لەوەی تەنها بەکێشە ناوخۆییەکانەوە گرێبدرێت. یاخود بەسەرکێشیو یاخی بوونی گەنجەوە گرێبدرێت. بازاڕی ئازاد تەنها مامەڵە لەگەڵ کاڵاو شمەکدا ناکات، بەڵکو ئینسانیش وەك کاڵایەکی زیندوو تەماشا دەکاتو کەڵکی لێوەردەگرێت، ئەمە ڕووی ڕاستی ئەو سیستمە نوێیەیە کە لەنێو کایەی سیاسەتدا سیمای بازاڕی ئازاد ئارایش دەکاتو هەوڵدەدات شەرعیەتی یاسایی نێودەوڵەتی پێبدات، بۆیە دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە هەندێك لەو کۆچبەرانەی ئێستا ناویان ڕەوەندی کوردیو عەرەبیە دەگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان، بەهۆی ئەوەی دەریان دەکەن کە قەیرانی دارایی تەواوی ئەوروپای گرۆتەوەو بەشێکیشی بەهۆی ئەوەی ناتوانن بگونجێن لەگەڵ ئەو سیستمو کولتوورەدا، هەندێکیان لەنوێ دەچنەوە، ئەمەیان پەیوەندیی بەخۆشگوزەرانییەوە هەیە کە ئینسان بەوەهم توشی بووەو پێیوایە ئیدی سەرتاپای ژیان لەهەموو دونیا گۆڕاوە کە ئەمەش وەهمێکی ترە .

**پرسیار: دەمەوێ پەنجە لەسەر بابەتێك دابنێم کە پێی دەوترێت کۆچی بەکۆمەڵ، تاچەند کاریگەری هەبووە لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی جیهانی لەسەردەمی ئێستای سەرمایەداری کە باڵی بەسەر تەواوی جیهاندا ڕاکشاوە، بەمەبەستی خولقاندنی کەشێکی ئارام، ڕوونتر بڵێم تاچەند هۆکارە بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی ناجێگیر، بۆ**

**ئەو پنتە جوگرافییەی کە خەڵکەکەی پەڕاگەندە بوونە، تاچەند بەهای بۆ کۆمەڵگە ستەملێکراوەکان هێشتەوە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** وەکو لەوەڵامی پرسیارەکەی پێشووتر بەیانم کرد، تەفاوتو جیاوازی بەڕۆشنی تێدا دەبینرێت لەکۆچی رۆژهەڵاتییەك بۆ ئەوروپاییەك، یان کۆچی عەقڵگەرایی لەگەڵ کۆچی پەرچەکردار، ئەوکاتەی کۆچ کردن بەشێك بوو لەو سیاسەتەی کە بۆ چۆڵکردنی کۆمەڵگەکە لەهەڵسوڕاوانی سیاسیو رۆشنبیری هاتە ئاراوەو بوو بەمۆدێل، لێرەوە لەکۆچی تاکەوە دەچینە کۆچی بەکۆمەڵ، بوونی تاکێك لە لەهەندەران، بوونی ئابووریەکی سەربەخۆیە بۆ خودی خۆی، بەڵام بوونی گرووپێك لەهەندەرەان کە بەستراتیژیەتی سیاسی دەوڵەتی بێت یان بە ستراتیژییەتی کۆمەڵایەتی بێت، هەوڵێکی جیاوازەو لانیکەم بۆ گرووپێکی ترەو ئامانجەکەیان جیاوازە، تاکێك خۆی گەرەکیەتی ستایلی ژیانی بگۆڕێتو دوور بێت لەهەر سانسۆرێکی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو ئایینی، بەدابڕان لەقەڵەم نادرێت، چونکە کاریگەری نابێت، بەڵام گرووپێك کە دەچنە هەندەران ئەوا مانەوەیان یان گەڕانەوەیان، لەهەردوو بارەکەدا بەگۆڕینی ئەو کولتوورو فەرهەنگە کاریگەریان لەسەر بەجێماوەکانی وڵاتدەبێت، جاران خێزانێك ئەگەر قەرزیشیان بکردایە هەوڵیاندەدا کەسێکیان رەوانەی دەرەوە بکەن، بۆ ئەوەی کۆمەکی مادیان بکات، مەرجی ژیان بوو لەکوردستان کە لەگەڵ عێراقدا هەر بەراورد ناکرێت، لایەنێکی

دیکەی ئەوەبوو کە بەکۆمەڵ کۆچ بکەن، تاکو روحیەتی نارەزایەتیو پێکهێنانی هێزێکی جەماوەری بۆ درووستکردنی رای گشتیو هەژاندنی شەقام لەبەرامبەر سیاسەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان نەمێنێت.

سەبارەت بەوەی چۆن بەراوردێك لەنێوان کۆچی رابردووو کۆچی ئێستادا بکەین، وەکو گوتم جیاوازیو تەفاوتیان هەیە، هەمومان شاهیدی ئەوەین کە سەردەمێك هەڵمەتی دژە کۆچ کردن بەوە دەستی پێکرد، ئەگەر کەسێك لەدەرەوە بوایە بەکەسێکی بێرەوشت لەقەڵەم دەدرا، دەیانوت بۆ ئەوە چۆتە دەرەوە کاری بەدرەوشتی بکات، ئەمە بەشێکی بۆ هێزی سیاسی بەناو عیلمانی لەپشتەوە بوو، بەڵام بەشێکی زۆری بۆ هێزە فەندەمینتالیلیستەکان دەگەرێتەوە، چونکە ئەوان کارێکتەری سیاسی هێزە گەورەکانی دەرەوەی کوردستان بوون، دواتر هەر ئەو هێرشانە خاوبوونەوەو کۆچ بوو بەمۆدێلو هەر ماڵو خێزانێك کورێکی هەندەرانی ئەگەر داوای کچێکی بکردایە بۆ هاوسەرگیری، ماڵی کچەکە مەمنونیش دەبوون، هەندێجار مەرجیان ئەوەبوو کە کورەکەیان، کچەکەیان بباتە هەندەران، ئەوکات بەهای هەر ١٠٠ $ یك بەبارتەقای مووچەی دەیان فەرانبەر دەبووو دواتر ئەو فەزا ئابوریە بوو بەهەڵمو ئاسەواری نەما کە ئەمە مەسەلەیەکی ئابووری سیاسی بەحتە، تۆ بروانە وەزعی ئابوری چۆن گۆران بەسەر هاوکێشە کۆمەڵاتیەکانیش دێنێت، ئەمەیە جیاوازی نێوان کۆچی

تاك‌و كۆچی بەكۆمەڵ، ماڵێك كچەكەیان بچێتە دەرەوە واتە سەرەتای چوونی گروپەكەیە.

**پرسیار: چۆن بتوانرێت پەنجە بخرێتەسەر رێكارەكانی كەمكردنەوەی ئەو پرۆسەیە لەو فەزایانەی كە تێیدا بانگەشەی بە دامەزراوەیی كردنی ناوەندەكانی بڕیارو بەڕێوەبردنی دەكرێت، ئەمە ئەركی كێیە، لەكاتێكدا دەیان ناوەندی ئەكادیمی هەمەچەشنی بوارەكانی زانستە مرۆییو پیشەییو سیاسی..هتد بوونی هەیە؟.**

**سمكۆ محەمەد:** بڕواناكەم هیچ كەسێك هەبێت شوێنی باب‌و باپیری خۆی خۆشنەوێت‌و یادەوەرییەكانی بێ بەها تەماشا بكات، لەبەرامبەر ئەمەشدا هیچ كەسێك نییە لەبەر ئەوەی نیشتمانەكەی شوێنی باب‌و باپیریەتی‌و یادەوەری تێدا هەیە، هەموو ناعەدالەتییەك‌و هەموو نارەحەتیەكی سیاسی‌و ئەمنی‌و ژیانی نائاسایی قەبوڵ بكات، كە وابوو لێرە بەدواوە وەهمی خۆشەویستی نیشتمان لەرۆمانسیەت دەچێتە دەرەوە، ئیتر ئەو نیشتمانەی كە تائەوكاتەی خاڵی دەبێتەوە لەبەختەوەری‌و ژیانی ئاسایی‌و یەكسان بۆ هەموو هاوڵاتیەك، مانایەكی نامێنێتەوە، لەبەرئەوەی بەهای ئینسانی نامێنێت، تموحی ژیانێكی یاسایی نامێنێت، پەیوەندیەكان لەسرووشتی خۆیان دەردەچنە دەرەوە، كەسێك نییە ئارەزووی ئەوە بكات، لەتەنهایدا ژیان بكات‌و كەسوكاری نەبینێت، كەسێك نییە ئارەزوی ئەوە بكات خزمەتی شوێنێك بكات كە چاك دەزانێت

پەیوەندیەکانی بەردەوام نامێنێتەوە، کەسێك نییە ئەوە قەبوڵ بکات کە تەنها لەسەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتیەو سەر ڕەشە، توانجی لێبدرێتو کاری بۆ مەیسەر نەکرێت، تەنانەت لەسوپەرمارکێتەکانیش شمەكو کاڵای پێنەفرۆشرێت، تائەو رادەیەی کەسێك نییە بەمانای ئیدیۆلۆژیست ناوی کۆچبەری بەناو بکرێت، هەر کارێك کە بەناچار دەیکات سەرەنجام بەرهەمەکەی بۆخۆی نییە، چونکە داهاتی ڕۆژانەی سنووردارە، بۆیە کاتەکانیشی سنووردار کراوە، ئەمانە هەموویان مانای ئەوەمان دەدەنێ کە ئینسان ئەوکاتە نیشتمانێك بەموڵکی خۆی دەزانێ کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلەبەندی هاوڵاتی بوون ژیان دەکات، ئەوەش کە لەدەرەوە بەختەوەرتر ژیان بەسەر دەبات، ئەمەیان بەبەراورد لەگەڵ ژیانی نائاسایی وڵاتەکەی خۆیەتی، من تەنها نارِوانمە بابەتی کۆچو برِواشم بە چارەسەری ریشەیی نییە، چونکە ئەم بابەتە جیهانییە زۆرەملێ بێت یان سەپێنراو.

**پرسیار: باشە لەهەموو دونیا ئەم بابەتە بەردەوامە، لەلایەن میدیاوە کە گوایە دەسەڵاتی چوارەمە گرینگی پێدەدرێت، کەچی کێشەکە چارەسەر وەرناگرێت، ئایا پێتان وایە میدیا لەخەمی بابەتەکە بووە یان تەنها وەکو کاڵا مامەڵەی لەتەك کردووە؟.**

**سمکۆ محەمەد:** جارێ با باسی ئەوە بکەمکە هەرگیز من میدیام وەکو دەسەڵاتی چوارەم نەبینیوە، ئەسڵەن لەچاوپێکەوتنێکی دیکەدا گوتوومە بەشێکە لەدەسەڵاتی سیاسی، نەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ

بۆ چاودێریکردنی حکومەت، بەهەرحاڵ میدیا کۆچی وەکو کاڵایەك کەمتر تەماشا کردووەو هەندێکجاریش بۆئەوەی لەپەنای هەواڵو ریپۆرتاژێکدا سوودی لێوەربگرێت، باسی کۆی وەکو دیاردەی رۆمانسیانە باس کردووە، زۆرجار خودی رۆژنامەنووسەکان کە بەنیازبون کۆچ بکەن، کارەکەیان دەخستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بیکەن بەکەیسێکی زیندوو کە ئەوروپا زۆر گرینگی بە نووسەرو رۆژنامەنووس دەدەن، رەنگە زۆرجار میدیاکار چیرۆکی وەهمیان هەڵبەستاوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ولاتەکە زۆر بۆگەنە، بۆیە خەڵك دەیانەوێ کۆچ بکەن لەترسو لەبێکاریو توندڕەویو هتد، کەیسی خنکاندی ئایلان کە منداڵێکی سووری بوو، واقیعیەتی کەسەکە بەپێچەوانەوە بوو سیناریۆ بوو، باشترین سەلمێنەریش ئەوەبوو کە یەکەم بەدەیانو سەدان منداڵی تر خنکانو بوون بە خۆراکی ماسییە قرشەکان، کەچی تەنها باسی ئایلان کرا، دووهەم رۆژنامەنووسەکان لەوێ ئامادەبوون وێنەیان دەگرت وەکو ئەوەی پێشتر ئامادەکرابن، سێهەم باوکی منداڵەکە دواتر ئیمتیازی وەرگرتو گەڕایەوە سوریاو پاشان ئاشکرا بوو کە کەیسەکە بەپێچەوانەوە بوو، میدیاکارەکان لەوێدا دەرکەوتن ئاراستە کراونو بۆ دەزگا تر کار دەکەن، ساڵی ١٩٩٨ بینیمان پۆلیسی بولگاریا سەگیان بەردایە گیانی پەنابەرە رەش پێستەکان، میدیاکارەکان ئەو لایەنەیان شاردەوە، پاشان ئاشکرا

**کرا، بۆیە من هەمیشە بەگومانەوە تەماشای ئەو کارەم کردووە کە خۆم ساڵێك خاوەنی ئەو شوناسەی کارکردنە بووم.**